
ئیرلەندای باکوور
لەنێوان هەرێمێکی ئۆتۆنۆم و خەونی سەربەخۆییدا
سلێمان عەبدوڵڵا یونس

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ئیرلەندای باکوور

## لەنێوان هەرێمێکی ئۆتۆنۆم و خەونی سەربەخۆییدا

سلێمان عەبدوڵلا یونس

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)
سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١
کۆڵانی ـ ٤٤
ژ.خانوو ـ ١

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com



مەکتەبی بیروهۆشیاری

* **ناوی کتێب: ئیرلەندای باکوور**
لەنێوان هەرێمێکی ئۆتۆنۆمو خەونی سەربەخۆییدا
* **نوسەر:** سلێمان عەبدوڵلا یونس
* **نەخشەسازیو بەرگ:** فەهمی جەلال
* **تایپ:** نوسەر
* **تیراژ:** ٢٠٠٠ دانە
* **چاپی یەکەم:** سلێمانی ٢٠٠٨
* **ژمارەی سپاردن:** (٢٠٨١) ی ساڵی ٢٠٠٨ ی وەزارەتی رۆشنبیری
* **ژمارەی زنجیرە:** (٢٧٠)
* **چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی
بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک). ساڵی ٢٠٠٨

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێڕست

پێشەکی ........................................................ ٧
یەکێتیخووازەکان ............................................... ١١
دەسەڵاتی راپەراندن لە ئیرلەندای باکوور ........................... ٢٥
چوار پارتە سیاسییە گەورەکانی هەرێمەکە .......................... ٣٩
یەکەم: پارتی یەکێتی دیموکراتی ...................................... ٤٠
دووەم: شین فێین ....................................................... ٥٣
سێیەم: پارتی یەکێتی ئەلّستەر (یو. یو. پی) ............................ ٧٦
چوارەم: پارتی سۆسیال دیموکراتو کرێکاران ............................ ٩٦
پارتە سیاسیەکانی دیکەی ئیرلەندای باکوور ......................... ١١٩
دەسەڵاتی یاسادانان (پارلەمان) لەئیرلەندای باوور ................... ١٣٣
سوپای کۆماری ئیرلەندا ........................................... ١٥٩
سەرچاوەکان .................................................... ١٧٤



مەکتەبی بیروهۆشیاری



سلێمان عەبدوڵلا یونس
slemanyunes@yahoo.co.uk

# پێشەکی:

ئێرلەندای باکوور، لەئێستادا، یەکێکە لەچوار هەرێمە بنەڕەتییە پێکهێنەرەکانی (بریتانیای گەورە). ئەو هەرێمە لەبنەڕەتدا، بەشێکە لە نیشتیمانی دووکەرتبووی (ئایرش)ەکان کە زۆرایەتیان، ئێستا لەبەشی ناوەڕاست و باشوری نیشتیمانەکەیان دەژین و خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆن بەناوی (کۆماری ئایرلەندا). لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیاوە، ئەو هەرێمە دەکەوێتە بەشی (باکووری ڕۆژهەڵاتی دوورگەی ئایرلەندا)وە. ڕووبەری ئەو هەرێمە (٥٤٥٩) میلی چوارگۆشەیە واتە (١٤١٣٩) کیلۆمەتری دووجا، کەئەمەش دەکاتە یەک لەسەر شەشی کۆی گشتی ڕووبەری ئایسلەندا. بەپێی دواسەرژمێری بریتانیاش لە (ئەپریلی ٢٠٠١) کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەکە (ئێرلەندای باکوور) بریتی بووە لە (١٦٨٥٠٠٠) کە ئەمەش ژمارەیەکە لەنێوان چواریەک و سێیەکی کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی ئایسلەندا.

باکوری ئایرلەندا، پێکهاتووە لەشەش ناوچە لەو نۆ ناوچانەی کە پارێزگای (ئەلستەر)یان پێکهێناوە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا، ئەو هەرێمە، وەکوو یەک



لەچوار هەرێمە بنەڕەتییە سەرەکییە پێکهێنەرەکانی (بریتانیای گەورە) سەیر دەکرێت، بەڵام لەهەندێک لایەن و هۆکارەوە، کەپەیوەستن بەهۆکاری بیروباوەڕی سیاسییەوە، هەرێمەکە خۆی پەیوەست کردووە بەدەستورە هەرێمیەکەی خۆیەوە.

لەڕووی کارگێڕی و بەڕێوەبردنەوە، هەرێمی ئێرلەندای باکوور، وەکوو بەشێک لەسیستمی کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە شانشینی یەکگرتوو بریتانیای گەورە دەناسرێتەوە و بەشێوەیەکی فەرمیش حکومەتی ئێرلەندەی باشور لەبڕیارێکی خۆیدا لەساڵی ١٩٢٠ دانی بەوەداناوە کەئەو هەرێمە بەشێکە لە بریتانیای گەورە بەتایبەت کەبۆ جاری دووەم هەر لەو ساڵەدا (پارلەمانی بریتانیا) بەشێوەیەکی فەرمی ئەو هەرێمەی وەکوو بەشێک لەخاکی وڵاتەکەی ناساند و بڕیاریدا لەو هەرێمەدا دەسەڵاتێکی (ئۆتۆنۆمی) لەچەشنی هەرێمەکانی دیکە (سکۆتلاند و وێڵز) بۆ باشتر بەڕێوەبردنی وڵات دابمەزرێ.

پارلەمانی مۆدێرنی خۆجێیی لەو هەرێمەدا، لەساڵی ١٩٩٨ دامەزراوە، بەناوی (پارلەمانی ئێرلەندای باکوور). ئەگەرچی بەهۆی پشێوی بارودۆخی سیاسی و هەوڵدانی ئەو پارلەمانە بۆ شکاندنی پەیماننامە دوو قۆڵی و سێ قۆڵییەکانی نێوان هەرێمەکە و حکومەتی بریتانی و ئێرلەندای باشور، حکومەتی بریتانی چەند جارێک ئەو پارلەمانەی هەڵوەشاندۆتەوە یان دەسەڵاتەکانی ئەو پارلەمانەی هەڵپەساردووە. پارلەمانی ئێرلەندای باکوور دواجار کەبەپێی بڕیارێکی پارلەمانی بریتانیا بنیات نراوەتەوە لە ڕێکەوتی (٨)ی (مەی) ساڵی ٢٠٠٧ دا بوو. دوای لەنوێ دەستبەکاربوونەوەشی پارلەمانی هەرێمەکە هەوڵی دارشتنی یاسا و دەستوری تازەی بۆ ئێرلەندای باکوردا، دەستور و یاسایەک کە سەرچاوەکەی لە دەستور و یاساکانی ئێرلەنداوە هاتبوون کەبریتی بوون لە یاسا و دەستوری (کۆماری ئێرلەندا)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەتایبەت لەڕووی یاساکانی دادوەریەوە، بەمەش لەو مێژووەوە هەریمەکە لەڕووی پەیڕەوی دەسەڵاتی دادوەریەوە لەهەرێمەکانی دیکەی بریتانیا (ئینگلاند،سکۆتلاند،وێلز) جیابووەوە و زیاتر لەڕووی دەسەڵاتەکانی دادوەریەوە لەنموونە ئیرلەندیەکە (کۆماری ئیرلەندا) نزیک بۆوە.

ئێرلەندای باکوور، بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ هەرێمی جێگەی ململانێی توندی سیاسی و ناکۆکی و توندوتیژی بووە، بەتایبەت لەنێوان لایەنگرانی مانەوە لەگەڵ حکومەتی بریتانی و هەوادارانی جیابوونەوە لە حکومەتی بریتانی و یەکگرتنەوە لەگەڵ بەشە ئێرلەندیەکەی دیکەدا لەکۆماری ئێرلەندەدا. هەر لەگەڵ جاڕدانی سەربەخۆیی لەدورگەی ئێرلەندا و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی ئێرلەندا، بەشە باکوریەکە کەبە ئێرلەندای باکور ناسراوە جاری جیابوونەوەی خۆی داو گەڕایەوە ژێر چەتری دەوڵەتی بریتانیا و لە (٣)ی (مەی) ساڵی ١٩٢١ بەشێوەیەکی فەرمی وەکوو هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی نوێ، لەپاڵ دەوڵەتی بریتانیای گەورەدا دەرکەوت،ئەمەش جگەلەوەی بەشێوەیەکی فەرمی دابەشبوونی ئێرلەندای بۆ دوو بەشی باکور و باشور لێکەوتەوە، لەهەمان کاتیشدا خودی بەشە باکوریەکەی بەسەر دوو بەرەدا دابەش کرد، بەرەی یەکێتیخوازەکان (یونیەنیستەکان) و بەرەی نەتەوەییەکان (نەشنەڵستەکان). دابەش بونێک کە لەئیمڕۆدا وەکوو کێشەیەکی مەدەنی، بەمیرات بۆ دانیشتوانی هەرێمەکە ماوەتەوە. ئەمەش بەئاسانی بەڕوخسار و سیمبولەکانی ئەو هەرێمەوە دیارە هەروەکوو چۆن هەتا ئێستاش گەشتە ئاسمانییەکانیان لەژێر هەردوو ئاڵای (نیشتیمانی بریتانی) و (ئێرلەندیدا) ئەنجام دەدرێن.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# یەکێتیخوازەکان



مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەرچی یەکێتیخوازەکانن، باوەڕیان بەپەیوەندییەکی تۆکمەوتەواوی دامەزراوەیی و دەستوری هەیە لەگەڵ بریتانیای گەورەدا،ئەوانە پشت ئەستورن بەو مەرج و داخوازییە حکومیانەی کەلەساڵی (١٨٠٠) وەکوو (یاسای یەکگرتن) دەرکەوت و بەپێی ئەو یاسایە هەردوو وڵاتەکە (بریتانیا و ئێرلەندا) بەتەواوی بەیەکەوە گرێدران و لەساڵی (١٨٠١) وڵاتێکی تازەیان لێپێکهات بەناوی (شانشینی یەکگرتوو بۆ بریتانیای گەورە و ئێرلەندا ) هەرچەندە دواتر قەوارەیەکی سیاسی دیکە هاتەئاراوە: بەناونیشانی، شانشینی یەکگرتوو لە بریتانیای گەورە و ئیرلەندای باکوور و وڵاتی سەربەخۆی ئێرلەندا.

لەمێژووی سیاسی ئێرلەندادا، زاراوەی یەکێتیخوازی (یونیەنیزم) بۆ ئەو وەختە دەگەڕێتەوە کەبەشێک لە خەڵکی هەرێمەکە، لەدژی بیرۆکەی پێدانی هەرچەشنە دەسەڵاتێکی خۆجێی و ئۆتۆنۆمی بوون بە ئێرلەندیەکان، لەچوارچێوەی بریتانیای گەورەدا و لەکۆتایی سەدەکانی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیشدا، ئەم دژایەتییەی خۆیانیان لەکەمپەینێکدا بە دیارخست و پشتیوانیان لەیاسای یەکگرتنی ساڵی ١٨٠٠ دەکرد، ئەمانە لەدوایدا بە یەکێتیخوازەکان ناویان دەرکرد بەو پێیەی کەباوەڕیان بە پەیوەندییەکی مکۆمی پتەوی دەستوری و دامەزراوەیی هەبوو لەنێوان هەردوو وڵاتی بریتانیا و ئێرلەندا.

هەندێک پێیانوایە، هۆکاری دژایەتی کردنی بیرۆکەی دەسەڵاتدارێتی خۆجێی، تەنها بەشێوەیەکی ساکار، بریتی نییە لە ویستی جیاوازی ئەوان بۆ بنیاتنانی شێوازێکی دیکەی جیاواز لەفەرمانڕەوایی و دەسەڵاتدارێتییدا، لەگەڵ نەتەوەییەکاندا، بەڵکو مەسەلەکان لەوە قووڵترن و پەیوەستن بەجیاوازی لە بیروباوەڕی ئاینی و دیدگا و کەڵچەر و پێناسەی جیای نێوان

هەردوو بەرەی (یەکێتیخوازەکان) و (نەتەوەییەکان). لەڕاستیدا هەرچی نەتەوەییەکانن هاومەزهەبن لەگەڵ ئێرلەندییەکان کە (ڕۆمان کاسۆلیکن) و هەربۆیەشە لەپاڵ سۆزە نیشتیمانییەکە سۆزی بیروباوەڕی مەزهەبی و ئاینیش بەرەو لایەنگیری و یەکگرتنەوەیان دەبات لەگەڵ کۆماری ئایرلەندا بەڵام هەرچی (یەکێتیخوازەکانن) لەسەر باوەڕی (پرۆتستانت)ن کەئەمەش وایان لێدەکات زیاتر بەلای شانشینی یەکگرتووی بریتانیای گەورە بشکێنەوە.

## یەکێتیخوازەکان و گیان و هەستی بریتانیبوون

یەکێتیخوازەکان بەقووڵی جەخت لەسەر (بریتانیبوون) دەکەنەوە چونکە باوەڕیان وایە مادام هەمووان لەچوارچێوەی بریتانیای گەورەدا وەکو (هاوڵاتی بریتانی) یەکسانن لەئەرک مافەکاندا، پێویست ناکات، هەستی (ئایرشچێتی) بەسەر هەستەکانی دیکەدا زاڵ بکرێت. وەکوو بیرۆکە (یەکێتیخوازی_ یونیەنیزم) مەڵبەندی سەرهەڵدانی شاری (دبلن)ە چونکە هەم وەکوو ئایدیۆلۆجیا و هەم وەکو بزوتنەوەیەکی سیاسی لەوشارەدا لەساڵی (١٨٠٥) سەری هەڵداوە و هەر لەهەمان ساڵیشدا ناوچەکانی دیکەی (ئەڵستەر)ی گرتۆتەوە. یەکێتیخوازەکان شانازی بەبریتانی بوونی خۆیانەوە دەکەن و بەتوندی لەبەرامبەر هەرجۆرە جیابوونەوەو جیاکاریەک دەوەستنەوە کەلەلایەن (نەتەوەییەکان)ەوە هەوڵی بۆدەدرێ، هەروەکوو چۆن دژایەتی بیرۆکەی دروستکردنی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی و هەرچەشنە خۆجیاکردنەوەیەک بوون کەلەسەر بنەمای نەتەوایەتی و ئەتنیکی بێت،خۆجیاکردنەوەیەک کەلەلایەن نەتەوەییەکانەوە بانگەوازی بۆ دەکرا وەکوو داخوازی (ئۆتۆنۆمی) لەسەدەی نۆزدە و داخوازی (سەربەخۆیی) بۆ ئێرلەندای باکوور لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا). ئەگەرچی یەکێتیخوازەکان بەهەستی



(بریتانیبوون)ی خۆیانەوە دەنازن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کەئەوان هاوسۆزیان لەگەڵ هەستی نەتەوایەتی و (ئایریش) بووندا نەبێت چونکە لەڕاستیدا ئەوان وەکوو چۆن شانازی بەهەستی بریتانی بوونەوە دەکەن بەهەمان شێوەش شانازی بەسۆزی نەتەوایەتی خۆیانەوە دەکەن، بەڵام ئەوەی کەئەوان، لە نەتەوەییەکان، جیادەکاتەوە، ئەو باوەڕەیە کەدەڵێ، (با هەموو نەتەوە ئەتنیک و کەڵچەر و ئاینزا جیاجیاکانی بریتانیا بەشێوەیەکی چوون یەک و یەکسان بەئاشتی و برایەتی، لەچوارچێوەی بریتانیای گەورەدا بژین، نەک بەدوورەپەرێزی و لە قەوارەی بچوک بچوکی نەتەوایەتیدا).

یەکێتیخوازەکان لەناوچەکانی نفوزی خۆیاندا بەشێوەیەکی بەرچاو پەنایان بۆ دەرخستنی سیمبولەکانی یەکێتی و یەکگرتوویی بردووە. ئەمەش بە پێشاندانی ڕەنگەکانی (سور و سپی و شین) کە ئەوانیش هەرسێ ڕەنگە سەرەکیە پێکهێنەرەکەی (ئاڵای یەکگرتوو)ن ئەو ئاڵایەی کە لەڕاستیدا بوعدی مێژوویی و سیمبولی هەرەدیاری (ئیمپراتۆریەتی بریتانیای گەورەیە). پەنابردنی (یەکێتیخوازەکان) بۆ دەرخستنی ئەو سیمبولانە لەڕاستیدا لەلایەک ئاماژەی ڕوونی گوێڕایەڵیانە بۆ پرنسیپەکانی کۆمەڵگای بریتانی و لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵی بەردەوامیانە بۆ پێشاندانی ناسنامەی کۆمەڵگاکەیان.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری



یونیەنیزم بەدرێژایی سەدەی نوزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەرانسەری (ئێرلەندە)دا پشتیوانی دەکرا. لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٨٥٩ یەکێتیخوازەکان بەسەرکردایەتی (پارتی پارێزگارانی ئایرشەکان) توانیان دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن و زۆرایەتی کورسیەکانی ئێرلەندا لە (وێستمینیستەر) پارلەمانی بریتانیا، بۆخۆیان مسۆگەر بکەن و بەسەر پارتی رکابەریاندا (پارتی لیبراڵ دیموکراتی ئایرشی) و (هاوپەیمانێتی پارتە نیشتیمانیەکان)دا سەربکەون. پارتی پارێزگارانی ئایرشی کەزۆرجار بە (تۆریس ئایرش) ناوی دەهێنرێت، توانی بەدرێژایی سەدەی نۆزدە، وەکوو پارتی (زۆربە) بمێنێتەوە و لەهەموو هەڵبژاردنە گشتییەکاندا، زۆرایەتی نوێنەرایەتیەکانی (ئێرلەندە) بۆ پارلەمانی بریتانیا بۆخۆی قۆرخ بکات، بەپێچەوانەی پارتەکانی دیکەی لەچەشنی (پارتی لیبرالی ئایریش)ی و (بزوتنەوەی دانیێڵ ئۆ کۆنێڵ) کەدواتر بووبە (پارتی سەربەخۆی ئایریش).



مەکتەبی بیر و هۆشیاری



دانیێڵ ئۆ کۆنێڵ

لەساڵی ١٨٤٠ پارتی پارێزگارانی ئایریشی، پشتیوانییان لەسەرکردەی نشتیمانی ئایرشەکان (دانیێڵ ئۆ کۆنێڵ ٦ ئۆگێستی ١٧٧٥- ١٥ی مەی ١٨٤٧) کرد، کەبانگەوازی دەکرد بۆ چاوخشاندنەوە بەبڕیارەکانی یاسای یەکگرتن و ببووە هۆی یەکگرتنی بریتانیا و ئێرلەندا و بەشێوەیەکی فەرمی ناوی ئەو وڵاتەی کردبوو (بەشانشینی یەکگرتوو لەبریتانیای گەورە و ئێرلەندا)، چونکە لەو وەختەدا لایەنە مەزهەبیەکە، بەسەر پارتی کۆنسیرڤەتیڤی ئایریشیدا زاڵ بوو، پێیان وابوو کەبۆچوونەکەی (دانیێڵ ئۆ کۆنێڵ) لە دروستکردنی پارلەمانیکی تایبەتی پرۆتیستانتە ئایریشیەکان، زامنی دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکانی ئەوان و وەڵامدەرەوەی پڕاوپڕی داخوازیەکانیانە.

ئەگەرچی پارتی پارێزگارانی ئایریشیەکان، هاوپەیمانێکی نزیکی ئایدیۆلۆجی و سیاسی پارتی پارێزگارانی بریتانیایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پارتی کۆنسێرڤەتیڤی ئایریشیەکان، لەزۆر مەسەلە و بوارو لایەندا هەڵوێست و دیدگا و تێڕوانینی سەربەخۆی جیاوازی خۆی هەیە. ئەم ڕاستییە ئەو کاتانە بەرجەستە دەبێت کە دەنگ دەدرێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان لە

پارلەمانی بریتانیادا و پارتی کۆنسێرڤەتیڤی ئایریشیەکان بەشوێن هەڵوێست و ڕاسپاردەکانی پارتەکەی خۆیانەوەن و نابن بەکۆپی یان شوێنکەوتەی فراکسیۆنی پارتی کۆنسێرڤەتیڤی بریتانیا. ئەم سیاسەتەی کۆنسێرڤەتیڤەکانی ئایریشی، توانی لەسەرەتای ساڵی ١٨٧٠ گرەو لەڕکابەرە سەرەکیەکەی خۆی کە (لیبرالّەکان) بوون بباتەوە،بەتایبەت لەسەردەستی (ئیسحاق بووت ٦/ی سێپتەمبەری-١٨١٣ — ٥/ی مەی-١٨٧٩)کە بەدرێژایی تەمەنی ئەندامی پارتی پارێزگاران بووە و بەباوکی دامەزرێنەری زۆرێک لە پارت و ڕێخکراوەکانی ئێرلەند دادەنرێت، لەوانە (کۆمەڵگەی پارێزگارانی شارستانێتی ئایریش لە ١٨٣٦) و (کۆمەڵگەی حکومەتی نێوخۆیی لە ١٨٧٠) و (یەکێتی ئۆتۆنۆمی لە ١٨٧٣) و گۆڤاری زانکۆی دبلن).


ویلیەم ئیوارت گلادستۆن

ئەو ریفۆرمانەی کەشۆڕشی فەرەنسی لەگەڵ خۆیدا هێنانی ئێرلەنداشی هەژاند، ئەم کارتێکردنە بەژیانی سیاسی هەموو ئیرلەندەوە لەڕێگەی (یاسای ریفۆرمی ئاریش لەساڵی ١٨٦٨)ەوە بەئاسانی دەرکەوت، بەتایبەت دوای ئەوەی (یاسای دەنگدانی نهێنی ساڵی ١٨٧٢) لەلایەن (ویلیەم ئیوارت گلادستۆن ٢٩/ی دێسەمبەری ١٨٠٩-١٩/ی مەی ١٨٩٨) کەئەو سەردەمە سەرۆک وەزیرانی بریتانیا بوو، ڕاگەیەندرا و بەپێی ئەو یاسایە کریکاران و فەرمانبەران و هاووڵاتیان بەشێوەیەکی نهێنی دەیانتوانی دەنگ بدەن لەکاتی هەڵبژاردنە گشتییەکانی وڵات، بۆ پارلەمان و دەسەڵاتدارێتییە خۆجێیەکان، کەپێشتر لەدەنگدانی ئاشکرادا خاوەن کارەکان دەیانتوانی چاودێری پرۆسەی دەنگدانی فەرمانبەرەکانیان و کریکارەکان بکەن لەڕیگەی نێردراوەکانیانەوە بۆ سندوقەکانی دەنگدان، ئەمەش بەقازانجی دەنگدەرانی پارتی نەتەوەیی کاسۆلیکی بوو، چونکە بەهۆی هاتنە پێشی هەردوو (پارتی پارلەمانی ئایریشی) بەسەرۆکایەتی (چارلّیس ستیوارت پاڕنێڵ ٢٧/ ی جونی ١٨٤٦-٦/ی ئۆکتۆبەری ١٨٩١) و (پارتی یەکیەتی ئایریش) جەماوەری پارتی پارێزگارانی ئایریش، ڕووی لەکزی کردو ئیدی گۆڕەپانی زۆرایەتیان پیێ چۆڵ کرا.


چارلّیس ستیوارت پاڕنێڵ

لەئیمڕۆدا، یونیەنیزم لەبەشە سەربەخۆکەی باشوردا، کەلەساڵی ١٩٢٢ وەوە بە (وڵاتی سەربەخۆی ئایرش) ناسراوە ڕووی لەکەمبونەوەیە، چونکە

بەشێکی زۆر لەلایەنگرانی یونیەنیزم چونەپاڵ (نەتەوەییەکان)وە، لەوانەش
پارتی Cumann na nGaedhael
کە پارتێک بوو لە ٣٠ ی ئۆگێستی ساڵی ١٩٠٠ لەلایەن (ئارسەر گریفیس) و (ویڵیەم روونی) یەوە دامەزرابوو، (پارتی نیشتیمانی ناوەندی) کەلەساڵی ١٨٣٢ دامەزرابوو، لەناسراوترین ئەندامەکانیشی (فرانک ماک دێرمۆت) سەرۆکی پارتەکە و (جەیمس دیلۆن) کەکوڕی دواسەرۆکی (پارتی پارلەمانتاری ئایریشی جۆن دیلۆن) بوو. ئەم پارتە لە هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٣٣ کەتەنها یەک مانگ دوای دامەزراندنی بوو، توانیبووی (١١) کورسی پارلەمان بۆ خۆی مسۆگەر بکات. ئەم دوو پارتە دواتر یەکیان گرت و پارتێکی تازەیان بەناوی (پارتی فاین گایڵ) دروست کرد.

ئەگەرچی رۆڵی بیروباوەڕی ئاینی رۆڵێکی کارا و بەهێز بووە لە هەڵسوڕاندنی هەردوو بزووتنەوەی ( یونیەنیزم) و (نەشنەلیزم) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو بزووتنەوەکە توانیویانە خەڵکانی دیکەی بە بیروباوەڕی ئاینی جیاواز لەنێوخۆیاندا کۆبکەنەوە، هەروەکوو چۆن لەنێو (نەتەوەیی)ەکانیشدا، سەرکردەی دیاری (پرۆتستانت)ی لەچەشنی ( هێنری گراتان) و (سیبۆڵد هولف) و (چارڵس ستیوارت پارنێل) هەبوون. هەرچی یەکێتیخوازەکان و رێبەرانی بزوتنەوەی یونیەنیزم و پارتەکانی سەر بەوبەرەیە بوون، ئەگەرچی بەشێوەیەکی بەردەوام لەلایەن سەرکردە پرۆتستانت مەزهەبەکانەوە سەرکردایەتی کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لەسەرکردەکانی ئەو بەرەیە لە سەرکردە بە مەزهەب کاسۆلیکەکان بووە.

لەراستیدا باڵادەستبوونی لایەنگرانی بەرەی (یونیەنیزم) لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢١- ١٩٧٢) جۆرێک لەبەرکەنارکردن و تەریکخستنی (کاسۆلیک) مەزهەبەکانی لە ئێرلەندای باکوردا لێکەوتۆتەوە، ئەم وەلانان و پشتگوێ



خستنە بەرادەیەک بووە کە لە ماوەی ئەو (٥١) ساڵەدا تەنها کەسێکی بەبیروباوەڕ کاسۆلیکی کە توانیبێتی پۆستی باڵای حکومی لەو هەرێمەدا بەدەست بهێنێت، (دکتۆر جی.بی نیو) بووە، کەئەویش بووە بەتاکە وەزیرێک کە لەدەرەوەی (پارتی یەکێتی ئەڵستەر)وە و بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە توانیویەتی ئەو پۆستە وەزاریە وەربگرێت، لەدوایین حکومەتی ئیرلەندای باکوور بەسەرۆکایەتی (براین فاولکنێر). سەرکردەی بەناوبانگی (پارتی یەکێتی ئەڵستەر) (دەیڤد ترایمبڵ) کە خاوەنی خەڵاتی (نۆبڵ)ە بۆ ئاشتی ئەم ماوەمێژووییە لەفەرمانڕەوایی یونیەنیستەکان و بەلانانی کاسۆلیکەکان لە فەرمانڕەوایتی هەرێمەکەدا، وا پێناسە دەکات کە (ئێرلەندای باکوور لەو ماوە مێژوویەدا ماڵێکی ساردوسڕی کاسۆلیکەکانی هەرێمەکەبووە).



دەیڤد ترایمبڵ

ولیەم دەیڤد ترایمبڵ یەکێک لەناسراوترین سەرکردە سیاسییەکانی ئێرلەندای باکورە لە (١٥) ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٤ لە شاری (بانگۆر)ی سەر بەناوچەی (دۆون) لەدایک بووە، بەکالۆریسی لە (یاسا) لەزانکۆی بێڵفاستی شاژن بەدەستهێناوە،ماوەیەک کاری پارێزەری لە ئێرلەندای باکور کردووە.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

لەساڵی ١٩٦٩ وەکوو مامۆستای وانەبێژ لە زانکۆی بێڵفاستی شاژن وانەی یاسای گوتۆتەوە و لەساڵی ١٩٧٧ بووە بە وانەبێژی پسپۆڕ و پێشکەوتوو لەهەمان زانکۆدا. لەساڵی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٩ وەکوو سەرۆکی بەشی بازرگانی و یاسای موڵکدارێتی کاری کردووە. لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی کردووە بە (پارتی پێشەنگی یەکێتی پێشکەوتوو) کەپارتێکی سیاسی یەکێتیخوازی باکوری ئێرلەندا بوو لەنێوان ساڵانی (١٩٧٣ بۆ ١٩٧٨) لە گۆڕەپانی هەرێمەکەدا وەکو پارتێکی سیاسی هەڵسوڕاوە، ئەگەرچی ئەم پارتە نێوان خۆشی و پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ چەند گروپێکی نیمچە چەکداردا بەهێز بووە.



جێیمس هێنری مۆڵینیوکس

لەساڵی ١٩٧٨ دوای نەمانی پارتەکەی پەیوەندی کردووە بە (پارتی یەکێتیخوازی ئەڵستەر) و هەرهەمان ساڵ وەکوو یەکێک لەچوار سکرتێرەکەی ئەو پارتە هەڵبژێردراوە. لەساڵی ١٩٩٠ و لەگەرمەی (شەڕی ئەهلی بۆسینیا و هەرزەگۆڤینیا) ولیەم یەکێک لەو دەنگە کەمانە لەناو سیاسییەکانی بریتانیادا کە پشتیوانی خۆی بۆ حکومەتی (موسوڵمانەکانی بۆسینیا و هەرزە گۆڤینا) دەربڕی.



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

دوای وازهێنانی- (جێیمس مۆڵینیوکس) لە (٢٨) ی ئۆگێستی ١٩٩٥ لەسەرۆکایەتی کردنی پارتی یەکێتی ئەڵستەر(یو.یو.پی) کە لەساڵی (١٩٧٩)وە سەرۆکی ئەو پارتە بوو، بەشێوەیەکی چاوەڕێنەکراو لەگۆنگرەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی ئەو پارتەدا کە لەمانگی (سێپتەمبەر)ی هەمان ساڵدا بەڕێوەچوو ، (تراِیمبڵ) وەکوو سەرۆکی ئەو پارتە هەڵبژێردرا و توانی بەسەر ڕکابەرەکەیدا (جۆن تایڵەر) سەربکەوێت. لەڕاستیدا بەشێکی زۆر لە سەرکەوتنی (تراِیمبڵ) بۆ سەرۆکایەتی (یو.یو.پی) بۆ ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی ئەو دەگەڕێتەوە لەناو (دامەزراوەی پرتەقاڵی)دا، یان وەکوو هەندێک جار بە (داخوازیکارانی پرتەقاڵی) یان (گۆمەڵگای پرتەقاڵی)ش ناودەبرێت هەیبووە.

دامەزراوەی پرتەقاڵی ڕێکخراوێکی برایەتی پرۆتستانتەکانە کە لەهەردوو هەرێمی (ئێرلەندای باکوور) و (سکۆتلاند)دا پشتیوانی لێدەکرێت و هەواداریشی لە هەموو ولاتانی (کۆمۆنوێڵس) و ولاتە یەکگرووەکانی ئەمریکا هەیە. ئەم دامەزراوەیە لە بنەڕەتدا لە (لۆفگاڵ) ی ناوچەی (ئارماهی ئێرلەندا) دامەزراوە لەساڵی ١٧٩٥ ناوەکەشی وەکوو ڕێزێک بووە بۆ (پادشای هۆڵەندی پرۆتستانت مەزهەب ویلیەمی سێیەم) کە لە هەرێمی (ئینگلاند) ی بریتانیا لەدایک بووە و لەکۆشکی (ناسو پرتەقاڵی)دا نیشتەجێ بووە و لەوێوە بەتوندی دژی (کاسۆلیک مەزهەبەکان) بەسەرکردایەتی (جێیمسی دووەم) جەنگاوەو لەشەڕی (بوین)ی ساڵی ١٦٩٠ توانیویەتی بەسەریاندا سەربکەوێت. لەڕاستیدا هەندێک لەچاودێران ئەو دامەزراوە بە ڕێکخراوێکی مەزهەبی تۆمەتبار دەکەن بەهۆی داخوازیەکانی ئەو دامەزراوەیە و بەدەرنانی (کاسۆلیک مەزهەبەکان) لەمافی بەئەندام بوون تێیدا.

لۆرد تراێمبڵ (یەکەمین وەزیر و (وەزیری یەکەم)ی ئێرلەندای باکوور بووە. لە (٦) جونی ٢٠٠٦ بووە بەئەندامی ماڵی لۆردەکان (خانەی سەرەوەی پارلەمانی بریتانیا) و لە (٧) ئەپریلی ٢٠٠٧ ڕایگەیاند کە چیتر لەنێو (یو.یو.پی) کارناکات و دەچێتە



(ئەم وێنەیە لە (بی.بی.سی) وەرگیراوە)
یەکەمین کۆبوونەی حکومەتی خۆجێیی ئایرلاندی باکورکەبۆیەکەم جارە وەزیرەکانی نوێنەرایەتی هەموو هەرێمەکەی لەخۆگرتووە.

نێو ڕیزەکانی (پارتی پارێزگارانەوە). لەساڵی ١٩٩٨ دا بەهاوبەشی لەگەڵ (جۆن هیوم) ئەندامی دامەزرێنەری (پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران (ئێس.دی.ئێڵ.پی) و دووەم سەرۆکی ئەو پارتە لەنێوان ساڵانی ١٩٧٩-٢٠٠١ کەیەک لەدوو پارتە سەرەکییە نیشتیمانییەکەی ئێرلەندای باکوورە) توانی



(خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی) بەدەستبهێنێت. جۆن هیوم کەلەدایک بووی ساڵی (١٩٣٧) یەکێکە لە هەڵسوڕاوترین و دیارترین سەرکردە نوێخواز و سیاسیە نیشتیمانیەکانی ئێرلەندای باکوور، یەکێک لەژمارە هەرە سەرەکییەکانی پرۆسەی ئاشتی ئەو هەرێمەیە . جۆن توانیویەتی ببێتە (ئەندامی پارلەمانی ئەوروپا) و (ئەندامی پارلەمانی بریتانیا) و (ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئێرلەندای باکور) . بەهۆی تێکۆشانی سیاسیانەی مودێرنەوە توانیویەتی (خەڵاتی گاندی بۆ ئاشتی) و خەڵاتی (شا مارتین لوزەر جر) بەدەست بهێنێت. جۆن هیوم تاکە سەرکردەیەکە کەتوانیویەتی لەیەک کاتدا خاوەنی هەرسێ خەڵاتە گەورەکەی جیهان بێت بۆ ئاشتی.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن له ئێرلەندای باکوور



مەکتەبی بیروهۆشیاری

دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بەباسکی بەهێزی (پارلەمانی ئێرلەندای باکوور) دادەنرێت. ئەم دەسەڵاتە، دوای پێدانی دەسەڵاتی زیاتر لەلایەن حکومەتی لەندەنەوە بە پارلەمانی هەرێمەکە، بەپێی مەرج و یاسای خۆبەڕێوەبەرێتی ئێرلەندای باکوور لەساڵی ١٩٩٨ دامەزراوە. بەپێی ئەم یاسایە کاروباری بەڕێوەبردنی هەرێمەکە لەئەستۆی (دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن)ی هەرێمەکەیە و ئەم بەڕێوەبەرایەتیەش لەلایەن (پارلەمانی هەرێمەکەوە) سەرپەرشتی و چاودێری دەکرێت.

دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لە ئێرلەندای باکوور پێکهاتووە لە (وەزیری یەکەم) و (جێگری وەزیری یەکەم) و (وەزیرەکان) کەبەپێی پێویستی ئیداری هەرێمەکە و لەسەر ئاستی لێوەشایی و پرۆفیشناڵی، لەلایەن پارلەمانی هەرێمەکەوە دەنگیان پێدەدرێت، بەتایبەت دوای ئەوەی پارتە سیاسییەکان لەنێوان خۆیاندا (دەسازێن) لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان لەنێوان خۆیاندا.

بەریوەبەرایەتی خۆجێیەتی هەرێمی ئێرلەندای باکوور یەکێکە لەو (سێ) دەسەڵاتدارێتییە خۆجێیەتیانەی کە لە بریتانیادا دامەزراون و باری سەرشانی حکومەتی لەندەنیان (وەکوو حکومەتێکی سێنتراڵ)ی بەتەواوەتی سوک کردووە کەئەوانیش بریتیین لە حکومەتەکانی هەرێمی (ئێرلەندا،سکۆتلاند) و (وێڵز).

بەبەراورد لەگەڵ (سیستمی فەرمانڕەوایەتی وێستمینیستەر)دا، هەندێک جیاوازی بەرچاو دەکەوێت لە ستراکچەری پێکهێنانی کابینەکانی حکومەتدا لەهەریمی ئێرلەندای باکووردا، چونکە بەپێی سیستمە پارلەمانی و دیموکراتیەکەی وێستمینیستەر، هەمیشە ڕەچاوی بەدەستهێنانی زۆرایەتی کورسییەکانی پارلەمان دەکرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت و هەمیشە پارتی فەرمانڕەوا ئەو پارتە بووە کەتوانیویەتی زۆرایەتی کورسییەکان

بەرێتەوە، جا ئەگەر ئەو زۆرایەتییە تەنانەت بەچەند کورسییەکی کەمیش بوو بێت و پارتەکانی دیکە بەتایبەت دووەم گەورە پارتی براوەی نێو پارلەمان ڕۆڵی (ئۆپۆزیسیۆن)ی وازی کردووە، بەڵام لەسیستمی بەڕێوەبردنی ئێرلەندای باکوودا، هەمیشە جۆرێک لە سازان و ڕێکەوتن هەبووە لەنێو پارتە گەورەو بچوکەکاندا، بەجۆرێک کەهەمیشە ئەو پارتانەی توانیویانە نوێنەرایەتیان هەبێت لەنێو پارلەماندا، توانیویشیانە بەشداربن لەبەڕێوەبردنی هەرێمەکە و کابینە حکومیەکەیدا، ئەگەرچی نوێنەرایەتیەکەشیان بەچەند کورسیەکی کەمیش بووبێت، بەڵام توانیویانە بەشداری پرۆسەکەبکەن و پۆستێکی ئیداری بۆخۆیان لەدوای پۆستی (وەزیری یەکەم و جێگرەکەی) کە بۆیەکەم و دووەم پارتی براوە بوون مسۆگەر بکەن.

لەڕاستیدا ژمارەی وەزارەتەکانی هەر پارتێکی سیاسی کەلە (ئیدارەی ئێرلەندای باکوور)دا بەریدەکەوێت بەگوێرەی بیردۆزە و سیستمی (دیهۆندت) دیاری دەکرێت . بەپێی ئەو بیردۆزەیە، پارتە گەورەکان، ئەوانەی ژمارەیەکی بەرچاویان لەکورسیەکانی پارلەمان بەدەست هیناوە، ناتوانرێت لە بەشدارینەکردنی حکومەتدا سەرپشک بکرێن، چونکە بەپێی یاسای هەڵبژاردنی هەرێمەکە، یەکەم و دووەم پارتی براوە، دەبێت پۆستی (وەزیری یەکەم و جێگری وەزیری یەکەم) وەربگرن و بەهاوبەشی دەسەڵاتی هەرێمەکە بگرنە دەست. بەڵام هەرچی پارتە بچوکەکانن کەخاوەنی نوێنەرایەتیەکی کەمن لەپارلەماندا، ئەوان ئازادن لەوەی کەبەشداری دەکەن لەپیکهێنانی ئیدارەی هەرێمەکەدا یان ڕۆڵی (ئۆپۆزیسیۆن) وازی دەکەن چونکە بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردنی هەرێمەکە، ئەوان دەتوانن سەرپشک بکرێن، ئەگەرچی مافی ئەوەشیان هەبێت کەبەشداربن بەپێی ئەو مافەی کە کەلەنوینەرایەتی کردنی دەسەڵاتی یاسادانان (پارلەمان)ی هەرێمەکە هەیانە، بەڵام لەڕووی



یاساییەوە بەرپرسیارێتی ئیدارەدانی هەرێمەکەیان ناکەوێتە ئەستۆ. هەروەکوو چۆن هەردوو پارتی (سۆسیال دیموکرات و کرێکاران ) و (پارتی یەکێتی ئەڵستەر) لەدوای دەرکەوتنی سەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی پارلەمان لەساڵی ٢٠٠٧ بانگەوازی بەشداری نەکردنیان ڕاگەیاند لەنێو ئیدارەی هەریمەکە و ڕایانگەیاند کەوەکوو ئۆپۆزیسۆن کاردەکەن بەڵام لەداواجاردا لەبانگەوازەکەیان پاشگەزبوونەوە و هەریەکە بەپۆستێکی وەزاری بەشداریان لە ئیدارەی نوێی هەرێمەکەدا کرد.

لەرووی مێژووییەوە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لەو هەرێمەدا، لەدوای ڕێکەوتنی (بێڵفاست)ەوە، ئەو کاتەی کە پارلەمانی هەرێمەکە لەساڵی ١٩٩٨ هەڵبژێردرا هاتۆتە کایەوە و بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە پارلەمان و حکومەتی لەندەن پێیان بەخشیووە، کاروبارەکانی هەرێمەکەی لەئەستۆ گرتووە. لەدوای ئەو مێژووەوە هەتا ئێستا لەو هەرێمەدا بۆ (سێ) جار هەڵبژاردنی گشتی لەو هەرێمەدا ئەنجامدراوە و دوای دەرکەوتنی ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنەش، ئیدارەی خۆبەڕێوەبەرێتی، لەو هەرێمەدا لەلایەن چوار پارتە گەورەکەی هەرێمەکەوە دامەزراوە، کەئەوانیش بریتین لە (پارتی یەکێتی دیموکراتی) و (پارتی شین فێین) و(پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران) و(پارتی یەکێتی ئەڵستەر). هەرچەندە ژمارەی ئەو وەزارەتانەی کەلەو سێ هەڵبژاردنەدا، بەر هەر یەک لەو چوار پارتە سیاسییە کەوتوون بەپێی دەرەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنانە لەیەکتری جیاواز بوون.

ئەگەرچی بۆیەکەم جار وبەشێوەیەکی فەرمی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردن لەو هەرێمەدا لە (٢)ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٩٩ دامەزراوە، بەڵام لەڕاستیدا بەهۆی ناکۆکیەکانی نێوان حکومەت و پارلەمانی بریتانیا و دەسەڵاتدارانی هەرێمەکە، ئەو (ئیدارە)یە بۆ چەند جارێک توشی هەڵپەساردن و ڕاگرتنی

دەسەڵاتەکانی هاتۆتەوە، کەدواترینیان هەڵپەساردنی دەسەڵاتەکانی بوو لە (١٥) ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ هەتا (٨) ی مەی ٢٠٠٧ بەتۆمەتی پەیوەندی سیخوڕی لەگەڵ (سوپای کۆماری ئێرلەندا.ئای.ئارِ.ئەی) ئەو کاتانەی کە پارتی یەکیەتی ئەڵستەر پۆستی وەیری یەکەمی لەدەستدا بوو.

لەنیوەشەوی (٧) مەی ٢٠٠٧ جارێکی دیکەو دوای ئەنجامدانی خولێکی دیکەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی یاسادانان (پارلەمان)ی هەرێمەکە، دەسەڵاتی راپەراندن کەوتەوە دەستی خەڵکی هەرێمەکە و بەم شێوەیە جارێکی دیکە کابینەیەکی وەزاری نوێ بەسەرۆکایەتی وەزیری یەکەم (ئیەن پیەزلی) راگەیاندرا، کە لە (٨)ی مەی ساڵی (٢٠٠٧)وە هەتا ئێستا کاروباری ئیداری هەرێمەکەیان بەدەستەوەیە، پێکهاتەی کابینەکەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە کەلەم خشتەیەدا روونکراوەتەوە:-

| **Department**<br>**بەشەکانی حکومەت** | | **Minister**<br>**وەزیرەکان** | **Party**<br>**ناوی پارتە سیاسییەکە** |
|---|---|---|---|
| First Minister<br>وەزیری یەکەم | | Ian Paisley<br>ئیەن پێیزلی | Democratic Unionist<br>پارتی یەکێتی دیموکراتی |
| Deputy First Minister<br>جێگری وەزیری یەکەم | | Martin McGuinness[4]<br>مارتین مکجونیس | Sinn Féin<br>شین فێین |
| Enterprise, Trade and Investment<br>وەزیری پرۆژەکان و بازرگانی و وەبەرهێنان | | Nigel Dodds<br>نیگێل دۆدس | Democratic Unionist<br>پارتی یەکێتی دیموکراتی |
| Finance & Personnel<br>وەزارەتی دارایی و فەرمانبەران | | Peter Robinson<br>پیتەر رۆبینسن | Democratic Unionist<br>پارتی یەکێتی دیموکراتی |
| Regional Development<br>وەزارەتی گەشەپێدانی هەرێم | | Conor Murphy[5]<br>کۆنەر میرفی | Sinn Féin<br>رێکخراوی شین فین |
| Education<br>وەزارەتی پەروەردە | | Caitríona Ruane[5]<br>کاتریشنا رواین | Sinn Féin<br>رێکخراوی شین فین |
| Employment and Learning<br>وەزارەتی دامەزراندن و فێربوون | | Sir Reg Empey<br>سێر رێگ ئیمپێی | Ulster Unionist<br>پارتی یەکێتی ئەڵستەر |
| Environment<br>وەزارەتی ژینگە | | Arlene Foster<br>ئارلین فۆستەر | Democratic Unionist<br>پارتی یەکێتی دیموکراتی |
| Culture, Arts & Leisure<br>وەزارەتی هونەر و کەلچەر و رابواردن | | Edwin Poots<br>ئێدوین پووتس | Democratic Unionist<br>پارتی یەکێتی دیموکراتی |
| Health, Social Services & Public Safety<br>وەزارەتی تەندروستی و | | Michael McGimpsey<br>میشێل مکجیمپسێی | Ulster Unionist<br>پارتی یەکێتی ئەڵستەر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | کاروباری کۆمەڵایەتی و سەلامەتی خەڵکی |
| Sinn Féin<br>ڕێکخراوی شین فین | Michelle Gildernew<br>میشیل جیلدەرنیو | | Agriculture<br>وەزارەتی کشتوکاڵ |
| Social Democratic and Labour<br>پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران | Margaret Ritchie<br>مارگرێت ڕیتشی | | Social Development<br>گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی |

## دەیڤد تریمبڵ وەکو وەزیری یەکەم لە ئێرلەندای باکوور

ئەگەرچی لەکاتی دەستنیشانکردنی سیناتۆری ئەمریکی (جۆرج جی میشێل) بەسەرۆکی گفتوگۆکانی پارتە سیاسییەکانی بۆ بەئاکام گەیاندنی پرۆسەی ئاشتی لە هەرێمەکەدا، (تریمبل) نارەزایتی خۆی دەربڕی سەبارەت بەدانانی ئەو سیناتۆرە، بەلاّم هەر لەگەڵ دەسپێکردنی پرۆسەکە (تریمبل) بەشێوەیەکی بەرچاو هاتە نێو پرۆسەکەو و توانی پارتەکەی (یو.یو.پی)، بەپشتیوانی کردنی پرۆسەکە ڕازی بکات و هانی پارتە سیاسیەکانی دیکەش بدات تاوەکوو پشتیوانی پرۆسەکە بکەن و لەم پێناوەشدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا لەیەکدی نزیک کردنەوەی بیرورا جیاوازەکان و پارتە ناکۆکەکانی نێو پرۆسەکە.

ئەم ڕۆڵە گرنگ و پۆزەتیڤەی کە تریمبل و (جۆن هیوم) لە بەئاکام گەیاندنی ئەم پرۆسەیەدا کەبە (هەینی مەزن) ناسراوە وازیان کرد و لەدواجاردا هەرسێ لایەنی کێشەکە (ئێرلەندای باکوور) و (ئێرلەندای باشور)



و (بریتانیا)ی لەسەر چارەکردنی سیاسیانەو ئاشتیانە و دیموکراتیانەی کێشەی لەمێژینەی هەرێمەکە یەکخست،جگەلەوەی کەبووەهۆی پێدانی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی بەهاوبەشی بەهەردوو سەرۆک، لەهەمانکاتدا چانسی ئەوەشی دا بە (تریمبڵ) کەوەکوو ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی هەرێمەکە هەڵبژێردرێت و لەدوایشدا وەکوو (یەکەمین وەزیر) و (وەزیری یەکەم) بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکە دەستنیشان بکرێت.

## نوسینگەی وەزیری یەکەم و جێگرەکەی

لەهەرێمەکەدا (ئێرلەندای باکوور) (نوسینگەی وەزیری یەکەم و جێگری وەزیری یەکەم) باڵاترین پۆستی ئیدارییە کەلە لایەن پارلەمانی لۆکاڵی هەرێمەکەوە (پارلەمانی هەرێمی ئایرلەندای باکوور) دەستنیشان دەکرێت. ئەم ئۆفیسە باڵادەست و گرنگە دوای ڕێکەوتنامەی ئاشتی مێژوویی (گوود فرایدەی) وەکوو یەکەیەکی ئیداری و حکومی لەسەر ئاستی هەرێمەکە بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی هەرێمەکەی لەئەستۆیە. لەم ئۆفیسەدا بەشێوەیەکی سەرەکی دەسەڵاتی لەدەست (یەکەمین وەزیر و جێگری یەکەمین وەزیر) و (وەزیر)ەکاندایە کە بەگوێرە پێداویستیە ئیداری و بەڕێوەبەرایەتیە لۆکاڵیەکانی هەرێمەکە بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی هەرێمەکە و جێبەجێکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە هاووڵاتیانی هەرێمەکە دەستنیشان دەکرێن.

وەزیری یەکەم و جێگرەکەی لەیەک پرۆسەی دەنگدانی هاوبەشدا و لەیەک کاتدا لەلایەن پارلەمانەوە دەنگیان پێدەدرێت، لەو دەنگدانەدا پێویستە کاندیداکان زۆرایەتی دەنگی ئەندامانی پارلەمانی هەردوو فراکسیۆنی ئەنجومەنەکە (یەکێتیخوازەکان) و (نەتەوەییەکان) بەدەست بهێنن چونکە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەو هەڵبژاردنەشدا ڕێکەوتن بەتەوافوق، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەدیاریکردنی کاندیداکاندا ،لەو پرۆسەیەدا هەمیشە ئەوە لەبەرچاو دەگیرێت کە لەو ئۆفیسە باڵایەدا، نوێنەرایەتی هەردوو بەرەکە (یەکێتیخوازەکان) و (نەتەوەییەکان) هەبێت و بەڕێوەبردنی هەرێمەکە بەڕێوەبەرایەتییەکی هاوبەشی بێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەرۆکی هەردوو پارتە بەهێزەکە، بەیەکەوە کاربکەن، لەپێناوی دروستکردنی ئیدارەیەکی هاوبەش، کەنوێنەرایەتی هەموو کۆمەڵگاکە بکات.

## مێژووی دامەزراندنی ئۆفیسی وەزیری یەکەم و جێگرەکەی

مێژووی دامەزراندنی نوسینگەی وەزیری یەکەم و جێگرەکەی لەدوای ڕێکەوتنامەی مێژوویی (بێلفاست) کە بە (گود فرایدەی) ناسراوە دەست پێدەکات، ئەوکاتەی کە لە (١) ی (جولای) ١٩٩٨ (دێیڤد ترایمبل) لەلایەن پارلەمانی لۆکەڵی هەریمەکەوە هەڵبژێردرا بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە وەکوو سەرۆکی (پارتی یەکێتی ئەڵستەر). بەمەش ناوبراو بوو بەیەکەمین وەزیری یەکەم لەمێژووی ئێرلەندای باکورداو (سیموس مالۆن)ش کە جێگری سەرۆکی (پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران) بوو وەکوو جێگری یەکەمین وەزیر، لەهەمان پرۆسەدا هەڵبژێردرا، بەمەش سیمۆس مالۆنیش بوو بەیەکەم (جێگری وەزیری یەکەم) لەمێژووی نوێی هەرێمەکەدا کە ڕاستەوخۆ دوای ڕێکەوتنامەی مێژوویی (بێلفاست) نێوان هەردوو بەشە ئێرلەندیەکە و بریتانیا و بەچاودێری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی ١٩٩٨ بەئاکام گەیشت تا ئەوکاتەی خانەنشین کراو لەلایەن سەرۆکی تازەی پارتەکەی خۆیەوە (مارک دورکان)ەوە شوێنەکەی پڕ کرایەوە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەوەی شایانی باسە دوای ڕاگەیاندنی لەیەکگەیشتنی (٢٦) ی مارچی ٢٠٠٧ کەلەنێوان (پارتی یەکێتی دیموکرات) و (پارتی شین فێین) هاتە ئاراوە، هەردوو لایەن، کەلایەنی باڵادەست بوون لەهەرێمەکەدا، بەشێوەیەکی تەوافوقی لە (٨) ی (مەی) ٢٠٠٧ ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە (ئیەن پێیزلی) سەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکرات و ( مارتن ماکجیونس)ی سەرۆکی وتوێژکارانی (شین فێین) وەکوو وەزیری یەکەم و جێگری وەزیری یەکەم دەستنیشان بکرێن.

بەرپرسیارێتییە هەرە سەرەکیەکانی ئۆفیسی وەزیری یەکەم و جێگری وەزیری یەکەم، بریتییە لەچەسپاندنی (یەکسانی، بەرزکردنەوە و پەرەپێدانی ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ خەڵک، پەرەپێدانی سیاسەتی ئابووری،کاراکردنی کاروبارەکانی حکومەت، پەرەپێدانی گیانی هاوکاری،بەرزکردنەوەی ناوبانگی ئێرلەندای باکوور و پەرەپێدانی دڵنیایی ئابووری و دارایی).

لێرەدا حەزدەکەم لەدوو خشتەی جیاوازدا مێژووی دەستبەکاربوون و مێژووی کۆتایی پیهاتنی هەموو (وەزیرانییەکەم) و (جێگرانی وەزیری یەکەم) و ناوی پارتەسیاسییەکانیشیان و ماوەی (هەڵپەساردنی) دەسەڵاتەکانی ئەو ئۆفیسە پێشانی خوێنەرانی ئازیز بدەم. کەبەم شێوەیەی خوارەوەیە:

-

### خشتەی یەکەم

ناوی ئەو سەرکردە سیاسیانە و پارتەکانیان و مێژووی وەرگرتن و بەکۆتایی هاتنی پۆستەکەیان وەکوو (وەزیری یەکەم) ئەو ماوانەش کە دەسەڵاتەکانی ئەو ئۆفیسە هەڵپەسێردراوە.

| | First Minister<br>وەزیری یەکەم | Party<br>ناوی پارتەکەی | Took office<br>مێـــژووی وەرگرتنـــی پۆستەکە | Left office<br>ماوەی کۆتایی پێهـــاتنی لـــە پۆستەکە |
|---|---|---|---|---|
| | **David Trimble**<br>دێڤد تریمبل | Ulster Unionist<br>پـارتی یـەکێتی ئەڵستەر | 1 July 1998<br>(١) ی جولای ١٩٩٨ | 1 July 2001<br>(١) ی جـولای ٢٠٠١ |
| | (Executive suspended)<br>دەسـەڵاتـەکانی هەڵپەسێردراوە | | 11 February 2000<br>(١١) فێبریوەری ساڵی ٢٠٠٠ | 30 May 2000<br>(٣٠) مـــەی ساڵی ٢٠٠٠ |
| | **Reg Empey** (Acting)<br>ڕێگ ئێمپێی | Ulster Unionist<br>پـارتی یـەکێتی ئەڵستەر | 1 July 2001<br>(١) ی جولای٢٠٠١ | 1 November 2001<br>(١) ی نۆڤەمبەری ٢٠٠١ |
| | (Executive suspended)<br>دەسـەڵاتـەکانی هەڵپەسێردراوە | | 10 August 2001<br>(١٠) ی ئۆگێستی ٢٠٠١ | 11 August 2001<br>(١١) ی ئۆگێستی ٢٠٠١ |
| | (Executive suspended) | | 22 September | 23 September |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | دەسـەڵاتـەکانی هەڵپەسێردراوە | | 2001<br>(٢٢)ی سـێپتەمبـەری ٢٠٠١ | 2001<br>(٢٣) ی سێپتەمبەری٢٠٠١ |
| | **David Trimble**<br>دێڤد تریمبل | Ulster Unionist<br>پـارتی یـەکێتی ئەڵستەر | 1 November 2001<br>(١) ی نۆڤەمبەری ٢٠٠١ | 14 October 2002<br>(١٤) ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ |
| | (Executive suspended)<br>دەسـەڵاتـەکانی هەڵپەسێردراوە | | 15 October 2002<br>(١٥) ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ | 7 May 2007<br>(٧) ی مـــەی ٢٠٠٧ |
| | **Ian Paisley**<br>ئیەن پێیزلی | Democratic Unionist<br>پـارتی دیموکراتی یەکێتی | 8 May 2007<br>(٨) ی مـەی ٢٠٠٧ | |

## خشتەی دووەم

نـاوی ئـەو سـەرکـردە سیاسـیانە و پارتـەکانیـان و مێـژووی وەرگـرتن و بەکۆتایی هاتنی پۆستەکەیان وەکوو ( جێگری وەزیری یەکەم) ئەو ماوانـەش کە دەسەڵاتەکانی ئەو ئۆفیسە هەڵپەسێردراوە.

| | Deputy First Ministers<br>نـاوی جێگـری وەزیری یەکەم | Party<br>ناوی پارتەکەی | Took office<br>مێـژووی وەرگرتنـی پۆستەکە | Left office<br>ماوەی کۆتـایی پێهـاتنی لـە پۆستەکە |
|---|---|---|---|---|
| | **Seamus Mallon**<br>سیموس ماڵۆن | Social Democratic and Labour<br>پـارتی سۆسـیال دیمـوکرات و کرێکاران | 1 July 1998<br>(١) ی جولای ١٩٩٨ | 15 July 1999<br>(١٥) ی جولای ١٩٩٩ |
| | (Vacant)<br>کـەس لـەو پۆستەدا نەبووە | | 15 July 1999<br>(١٥) ی جولای ١٩٩٩ | 29 November 1999<br>(٢٩) نۆڤەمبەری ١٩٩٩ |
| | **Seamus Mallon**<br>سیموس ماڵۆن | Social Democratic and Labour<br>پـارتی سۆسـیال دیمـوکرات و کرێکاران | 29 November 1999<br>(٢٩) نۆڤەمبەری ١٩٩٩ | 6 November 2001<br>(٦) ی نۆڤەمبەری ٢٠٠١ |
| | (Executive suspended)<br>دەسـەڵاتـەکانی هەڵپەسێردراوە | | 11 February 2000<br>(١١) ی فێبریوەری ٢٠٠٠ | 30 May 2000<br>(٣٠) مەی ٢٠٠٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | (Executive suspended)<br>دەسـەڵاتـەکانی هەڵپەسێردراوە | | 10 August 2001<br>(١٠) ئۆگێستی ٢٠٠١ | 11 August 2001<br>(١١) ئۆگێستی ٢٠٠١ |
| | (Executive suspended)<br>دەسـەڵاتـەکانی هەڵپەسێردراوە | | 22 September 2001<br>(٢٢) ی سـێپتەمبـەری ٢٠٠١ | 23 September 2001<br>(٢٣) ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ |
| | **Mark Durkan**<br>مارک دورکان | Social Democratic and Labour<br>پـارتی سۆسـیال دیمـوکرات و کرێکاران | 6 November 2001<br>(٦) ی نۆڤەمبەری ٢٠٠١ | 14 October 2002<br>(١٤) ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ |
| | (Executive suspended)<br>دەسـەڵاتـەکانی هەڵپەسێردراوە | | 15 October 2002<br>(١٥) ی ئۆکتۆبەری٢٠٠٢ | 7 May 2007<br>(٧) ی مـەی ٢٠٠٧ |
| | **Martin McGuinness**<br>مارتین مکجینێس | Sinn Féin<br>شین فێین | 8 May 2007<br>(٨) ی مـەی ٢٠٠٧ | |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# چوار پارتە سیاسییە گەورەکانی هەرێمەکە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## یەکەم. پارتی یەکێتی دیموکراتی

DUP DEMOCRATIC UNIONISTS

لۆگۆی (دی.یو.پی)

پارتی یەکێتی دیموکراتی (دی.یو.پی) بەپارتێکی گەورە لەدوو لەپارتە گەورە و سەرەکییەکانی نێو بزووتنەوەی سیاسی یەکێتیخوازی ئێرلەندای باکوور دادەنرێت کەلەلایەن (وەزیری یەکەمی هەرێمەکە) (ئیەن پێیزلی) یەوە سەرۆکایەتی دەکرێت. لەڕاستیدا (دی.یو.پی) لەئێستادا یەکەمین و گەورەترین پارتی جەماوەریە لەسەرانسەری هەرێمی ئێرلەندای باکوردا، لەسەر ئاستی بریتانیاش، لەنێو پارلەمانی ئەو وڵاتەشدا لیستی ئەو پارتە بەچوارەم گەورە فراکسیۆنی نێو پارلەمانی بریتانیا (هاوس ئۆف کۆمۆن) دێت.



ئیەن پێیزلی سەرکردەی دامەزرێنەری (دی.یو.پی)

(دی.یو.پی) پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ (کەنیسەکانی پرۆتستانتی)دا بەتایبەت لەگەڵ ( کەنیسەی ئازادی پرێسبیتێریەن لە

ئەڵستەر) کە کەنیسەیەکی پرۆتستانتی و دامەزراوەیەکی فەندەمێنتالیزمی بەناوبانگە و لەلایەن (ئیەن پێزڵی خۆیەوە) لەساڵی ١٩٥١ وە دامەزراوە و پەیڕەوانی لەتەوای هەرێمی ئێرلەندای باکوردا بڵاوبوونەتەوە و لقی لە ئەمریکای باکور و کەنەدا و کۆماری ئێرلەندای باشور و شانشینی یەکگرتووی بریتانیا و ئوسترالیا هەیە.

لۆگۆی کەنیسەی
ئازادی پرێسبیتێریەن

لەڕاستیدا (دی.یو.پی) وەکوو پارتێکی سیاسی پرۆتستانت مەزهەب دەناسرێتەوە و بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئاینی و مەزهەبیەشەوەیە کەهەمیشە بەلای مانەوە لەگەڵ بریتانیا و بنەماڵەی پادشایەتی لە شانشینی یەکگرتوو (بریتانیای مەزن) دا دەشکێنەوە. لەئیمڕۆشدا، باڵی نوێی ئەو پارتە، کە باڵی لاوانن و لەنێو ئەو پارتەدا بەناوی (کۆمەڵگای یەکیەتیخوازی دیموکراتی. دی.یو.ئەی) کار دەکەن، وەکوو داینەمۆی ئەو پارتە وان لەخەباتی مۆدێرنی ڕێکخراوەیی ئەو پارتەدا.

(دی.یو.پی) لە (٣٠) سێپتەمبەری ساڵی ١٩٧١ لەلایەن (ئیەن پێیزلی) و (دێسمۆند بۆوڵ) و هەندێک لەئەندامانی دیکەی (پارتی یەکێتیخوازی پرۆتستانت) دامەزراوە. بارەگای سەرەکی ئەم پارتە لە (بێڵفاست) ی ئێرلەندای باکوورە. لەڕووی سیاسییەوە وەکوو بەشێک لەبزووتنەوەی



یەکێتیخوازی ئەڵستەر ناوی دەرکردووە و لەڕووی ئایدلۆجیشەوە ئەو پارتە، باوەڕی بە (پرۆتیستانتیزم و کۆنسێرڤەتیزمی نیشتیمانی و سۆسیال کۆنسێرڤەرتیزم) هەیە و وەکوو پارتێکی سەر بەباڵی ڕاست دەناسرێتەوە. ئەم پارتە هەر دوای دامەزراندنی توانیویەتی لەهەڵبژاردنی شارەوانییە ناوچەییەکان و هەڵبژاردنی پارێزگاکان و تەنانەت لەسەر ئاستی هەڵبژاردنە نیشتیمانی و ئەوروپییەکانیش چەند کورسیەک بۆخۆی مسۆگەر بکات. لەساڵی ١٩٧٣- ١٩٧٤ توانیویەتی لەهەڵبژاردنی پارلەمانی هەرێمەکەدا (٨) کورسی بباتەوە،ئەم بردنەوەیەش دوای (ڕێککەوتنامەی سەنینجدێیل[1]) بوو کەبەپێی ئەو ڕێکەوتنامەیە دەبوو هەردوو بەرەی (یەکێتیخوازەکان) و (نەتەوەییەکان) بەیەکەوە دەسەڵات بگرنە دەست و فەرمانڕەوایی ئەو هەرێمە لەنێو خۆیاندا دابەش بکەن بەڵام (دی.یو.پی) بەرهەڵستکاری خۆی بۆ ئەو ڕێکەوتنە دەربڕی.

---

[1] (ڕێککەوتنامەی سەنینجدێیڵ) یەکێک بوو لەو ڕێکەوتننانەی کەبەمەبەستی کۆتایی هێنان بەکێشەی هەرێمی ئێرلەندای باکوور بەتایبەتی کێشەی نێوان (یەکێتیخوازەکان) و (نەتەوەییەکان). ئەو ڕێکەوتنە بریتی بوو لەسێ تەوەر کەئەوانیش (هەڵبژاردنی پارلەمانی لە هەرێمەکە و پێکهێنانی دەسەڵاتێکی هاوبەش لەنێوان هەردوو بەرەکە و هەڵبژاردن و دیاریکردنی دەسەڵاتی شارەوانییەکان لەسەرانسەری هەرێمەکەدا لەنێوان هەردوو بەرەی (یەکێتیخوازەکان) و (نەتەوەییەکان). ئەم ڕێککەوتنە لە (٣)ی دێسەمبەری ساڵی ١٩٧٣ لە (کۆلیجی کاروباری مەدەنی) کەئێستا بە (خوێندنگای نیشتیمانی حکومی) ناسراوە لە (پارکی سەنینجدێیڵ)ی شاری (سەنینجدێیڵ) سەربەناوچەی (بێرکشەر) ئیمزا کرا، کە بەرەی (یەکێتیخوازەکان) بەتایبەت (سوپای کۆماری ئێرلەندای کاتی. پی.ئای.ئاڕ.ئەی) بەتوندی لەدژی وەستانەوە و پەنایان برد بۆ بەکارهێنانی توند و تیژی و دواتر لەماوەی یەک ساڵی ناڕەزایی و خۆپیشاندان و بەرهەڵستیدا توانیان لە مانگی (مەی) ساڵی ١٩٧٤ دا کۆتایی بە ڕێککەوتنەکە بهێنن.

لەیەکەمین هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٩ دا ((ئیەن پێیزڵی) وەکوو سەرۆکی (دی.یو.پی) توانی ببێتە یەکێک لەو (٣) کەسانەی کەپۆستی ئەندامی پارلەمان لە (پارلەمانی ئەوروپا) دا بەدەست بهێنێت و لەهەموو هەڵبژاردنەکانی ئەو پارلەمانەشدا هەتا ساڵی ٢٠٠٤ پارێزگاری لەکورسیەکەی خۆی بکات، هەتا ئەوکاتەی هەر لەو ساڵەدا (جیم ئەڵیستەر ) توانی کورسییەکەی ئەو بۆخۆی بەرێت و بەسەر ئیەن پێیزڵیدا سەربکەوێت و لەوکورسیەشدا بمینێتەوە وەکوو ئەندامی پارلەمانی ئەوروپا، ئەگەرچی جیم ئەڵیستەر دواتر لەساڵی ٢٠٠٧ وازیشی لە پارتەکەی هێنا.

لەسەر ئاستی پارلەمانی بریتانیاش، (دی.یو.پی) توانیویەتی هەر لەساڵەکانی دامەزراندنییەوە چەند کورسییەک لەو پارلەمانەدا بۆ خۆی مسۆگەر بکات و لەهەموو ڕێکەوتنامە و سازاندنەکانیشدا کەبۆ پارلەمانی لۆکاڵی هەرێمەکە ئەنجام دراون هەڵببژێردریت. (دی.یو.پی) بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پارتی هەرە ڕکابەری پارتە یەکێتیخوازەکەی دیکە (پارتی یەکیەتی ئەڵسەر) بووە کەلەماوەی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان بۆ خۆ جیاکردنەوەیان لەیەکتری پارتی یەکێتی ئەڵستەر ناوی خۆی وەکوو (پارتی یەکێتی ڕەسمی .ئۆ یو.پی) ڕاگەیاند. بەلام لەڕاستیدا جگە لەپارتە یەکێتیخوازەکەی دیکە لەو مێژووەوە چەند پارتێکی دیکەش وەکوو پارتی ئەڵتەرناتیف و ڕکابەری هەرە سەرەکی بۆ (دی.یو.پی) لە گۆڕەپانی سیاسی هەرێمەکەدا دەرکەوتوون، کەئەوانیش بریتین لە (کۆماریخوازە ئایریشیەکانی ڕێکخراوی شێن فین ) و ئایرلەندیە (سۆسیال دیموکراتە نەتەوەییەکان و پارتی کرێکاران) کەبەکورتکراوەی (ئێس.دی.ئێل.پی) ناسراون.

(دی.یو.پی) وەکوو پارتێکی گەورەی سیاسی ئێرلەندای باکوور بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەشداری ئەو دانوساندن و وتووێژانەی کرد



کەبەسەرپەرشتی سیناتۆری ئەمریکی (جۆرج جی میشێل) دەستیان پێکرد، بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەکێشەی لەمێژینەی هەرێمەکە لەنێوان هەردوو لایەنی سەرەکی کیشەکە (ئێرلەندای باکور و بریتانیا و کۆماری ئیرلەندا) کە بەڕێکەوتننامەی بەناوبانگی (بێلفاست) یان وەکوو ڕێکەوتننامەی (گود فرایدەی)یش ناسراوە کۆتایی هات ، هەرچەندە لەدوایدا (دی.یو.پی) لەدانوساندنەکان کشایەوە وەکوو نارەزاییەک لەدژی بەشداری کردنی (شین فێین و باڵەسەربازییەکەی ئەو پارتە (ئای.ئار.ئەی)، کاتێک ڕێگەیان پێدرا بێنە نێو خولەکانی دانوساندن و وتووێژەوە، بەبێ ئەوەی مەرجی داماڵینی چەک بەسەر (ئای.ئار.ئەی) بسەپێنرێت، بەمەش (دی.یو.پی) بوو بە بەرهەڵستکاری ئەو ڕێکەوتننامەیە و دوای (واژۆ) کردنیشی هەر وەکوو بەرهەڵستکارێکی سیاسی ئەو ڕێکەوتنە مایەوە. لەڕیفراندۆمەشدا کەبەپێی ڕێکەوتنامەکە لەهەرێمەکەدا سازدرا هەرچەندە (دی.یو.پی) بەرهەڵستکاری سەختی ڕێکەوتنامەکەو خودی ڕیفراندۆمەکەشی کرد بەو ئاقارەی کەلایەنگرانی ڕێکەوتنەکە هەوڵیان بۆدەدا،بەڵام دواجار دەرەنجامەکان ئەوەیان نیشاندا کەخەڵکی هەرێمەکە،بەپێچەوانەی سەرانی (دی.یو.پی)، تاڕادەیەکی زۆر متمانەیان بەڕێکەوتنامەکە و ئامانجە سیاسیایەکانیشی هەیە و دەرەنجامەکانیشی جێگەی خۆشحاڵی ئەوان بووە، کاتێک بە (بەڵی) بەشێوەیەکی زۆرایەتی دەنگیان پێدا.

دوای ڕێکەوتننامەی بێلفاستیش، لەوهەڵبژاردنی پارلەمانیەدا کەبۆ پارلەمانی هەرێمەکە ئەنجامدرا، (دی.یو.پی) بەسەختی جەنگا بۆ بەدەستهینانی متمانەی خەڵک و بردنەوەی چەند کورسیەک تیایدا سەرەنجام هەوڵەکانی بەئاکام گەیشت و توانی دوو کورسی لەو پارلەمانەدا بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بەوپێیەش دوو پۆستی وەزاریشی بەرکەوت. بەڵام لەیەکەم

کۆبوونەوەی ئەو کابینە نوێیەدا بەشداری خۆی بۆ ئەو کۆبوونەوەیە هەڵپەسارد، وەکوو ناڕەزایەتیەک لەدژی بەشداری کردنی ڕێکخراوی شین فێین و سوپای کۆماری ئێرلەندا (ئای.ئاڕ.ئەی). سەرانی (دی.یو.پی) هەتا ئێستاش پێیان وایە کەهەڵوێستەکانیان لەو پارتە و لەو دوو گروپە لەجێگای خۆیدا بووە، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەو کابینەیە بەهۆی کاری سیخوڕی ئەو دوو گروپە لەنێو پارلەمانی هەرێمەکەدا لەبەریەکتری هەڵوەشا.

لەهەڵبژاردنە پارلەمانیە کەمێک درەنگ وەختەکەی ساڵی (٢٠٠٣)شدا و بەهۆی هەڵوێستە سیاسییە ڕاشکاوەیەکانیەوە، (دی.یو.پی) توانی بەڕادەیەک بەرچاو بنکەی جەماوەری خۆی فراوان بکات، بەڕادەیەک لەو مێژووەوە (دی.یو.پی) بووبە بەگەورەترین و بەرفراوانترین پارتی سیاسی لەو هەرێمەدا و توانی ببێتە خاوەنی (٣٠) کورسی لەپارلەمانی هەرێمەکەدا و بۆساڵی (٢٠٠٤)یش توانی لەسەر ئاستی (وێستمینیستەر)یش ببێتە گەورەترین پارتی سیاسی ئێرلەندای باکور، بەتایبەت دوای وازهێنانی (جێفری دۆناڵدسن[2]) و هاوڕێکانی لە پارتی یەکیەتی ئەڵستەر و پەیوەندی

---

[2] جێفری مارک دۆناڵدسن یەکێک لەسیاسییە ناسراوەکانی ئێرلەندای باکورە، لە (٧) دێسەمبەری ساڵی ١٩٦٢ لەدایک بووە، ئەندامێکی باڵادەستی سەرکردایەتی پارتی یەکێتی ئەڵستەر بووە، زیاتر وەکوو ڕکابەری سەرەکی سیاسەت و بیروباوەڕەکانی سەرۆکی پارتەکەی خۆی ( دەیڤد تریمبڵ) ناوی دەرکردووە،یەکێک بووە لەئەندام پارلەمانەکانی پارلەمانی بریتانیا بەنوێنەرایەتی ناوچەی (لاگن ڤاڵی) سەر بەهەرێمی ئێرلەندای باکور. جێفری هەوڵیدا بانگەوازەکانی خۆی لەدژی سەرۆکی پارتەکەی چڕتر بکاتەوە بەتایبەت دوای ئەوەی ئەو پارتە لەهەڵبژاردنی پارلەمانی هەرێمەکە لەپاشەکشەدابوو لەبەرامبەر پارتە یونیەنیستە ڕکابەرەکەی دا (دی.یو.پی) لەهەڵبژاردنی پارلەمانی ساڵی (٢٠٠٣)ی هەرێمەکە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا (یو.یو.پی) سووربوو لەسەر پشتیوانی کردن



کردنیان بەڕێزەکانی (دی.یو.پی) یەوە. بەمەش کورسییەکانی ئەو پارتە لەنێو پارلەمانی بریتانیادا گەیشتە (٧) کورسی و ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ پارتەکانی دیکەی هەرێمی ئێرلەندای باکور، بەرزترین ڕێژەیە، چونکە پارتی یەکێتی ئەڵستەر (یو.یو.پی) خاوەنی (٥) کورسی و (شین فێین) خاوەنی (٤) کورسی و پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران (ئێس.دی.ئێڵ.پی) تەنها خاوەنی (٣) کورسییە لە (هاوس ئۆف کۆمۆن) دا.

لەهەڵبژاردنی گشتی ساڵی ٢٠٠٥ لەبریتانیادا، (دی.یو.پی) هەوڵی زۆریدا پارێزگاری لەدەسکەوتە پارلەمانییەکانی بکات، هەرواش دەرچوو توانی لەریزی یەکەم پارتە سەرکەوتووەکانی ئێرلەندای باکور بمێنێتەوە و پارێزگاری لە ناوبانگی سیاسی خۆی و بنکە جەماوەرییەکەی بکات چونکە سەرەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەوەی دەرخست کە لەسەرئاستی پارتەکانی هەرێمەکە لەپلەی یەکەم و لەسەر ئاستی بریتانیاش لەدوای (پارتی کرێکاران) و (پارتی پارێزگارانی بریتانیا)و (پارتی لیبراڵ دیموکرات) بەپلەی چوارەم هەڵبژاردنەکەی بردووە، ئەگەرچی سیستمی (نوێنەرایەتی رێژەیی)، کە لەبریتانیادا پەیرەو دەکرێت و تیایدا هەر کاندیدایەک لە و ناوچەیەی خۆیدا زۆرایەتی ڕێژەی دەنگەکانی بەدەست هێنا، ئەوە سەردەکەوێت،

---

لەسیاسەت و بۆچوونەکانی دەیڤد تڕیمبڵی سەرۆک، ئەمەش وای کرد جێفری دۆناڵدسن لەگەڵ (نۆراه بێیری ) و (ئارلێن فۆستەر) لە ڕێکەوتی (١٨) ی دێسەمبەری ٢٠٠٣ وازهێنانی خۆیان لەپارتەکەیان (یو.یو.پی) ڕابگەیەنن و لە ڕێکەوتی (٥) جەنیوەری ٢٠٠٤ پەیوەست بوونی خۆیان بە (دی.یو.پی)یەوە ئاشکراکرد و ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەی سیاسی بوو بۆ ئەو پارتە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەبەرژەوەندی ئەو پارتە نەبوو چونکە بەگوێرەی ئەو شێوازی هەڵبژاردنە تەنها توانی (٦) کورسی بباتەوە، بەڵام دیسان بەگوێرەی ڕێژەی دەنگدەرانی ئاستی جەماوەری لەبەرزبوونەوەدا بوو، ئەوەجگە لەوەی کەلەپێشی پارتەکانی دیکەی هەرێمەکەشەوە بوو، چونکە ئەمجارەشیان، پارتی یەکێتی ئەڵستەر (یو.یو.پی) خاوەنی (٤) کورسی و (شین فین) (٤) کورسی و پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران (ئێس.دی.ئێل.پی) تەنها خاوەنی مایەکەی خۆیان بوون کە (٣) کورسییەکە بوون بەڵام ئەوەی ئەمجارە زیادی کردبوو لە ڕێژەی نوێنەرایەتی هەرێمەکە، سەربەخۆکان بوون کەببوون بەخاوەنی (تەنها ١) کورسی لە (هاوس ئۆف کۆمۆن)دا.

لەهەڵبژاردنی حکومەتە لۆکاڵییەکانی ئێرلەندای باکوریشدا (دی.یو.پی) توانی سەرکەوتنی گەورە بەدەستبهێنێت بەتایبەت کەلەهەڵبژاردنی شارەوانیەکانی ساڵی (٢٠٠٥)دا توانی (١٨٢) ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی (٢٦) سەرپەرشتیاری شارەوانی بباتەوە و وەکوو گەورەترین و بەرفراوانترین پارتی فەرمانڕەوا لەسەرانسەری هەرێمەکە خۆی نیشان بدات. سەرەڕای ئەمانەش لەئێستادا ئەو پارتە زۆرایەتی شارەوانی شارە بەناوبانگەکانی بەدەستەوەیە وەکوو (ئەنجومەنی شارەوانی کاسڵڕیف) کە بەناوچەی لەمێژینەی نفوزی ئەو پارتە بەناو بانگە و (زێدی) جێگری سەرۆکی (دی.یو.پی) (پیتەر ڕۆبینسن)ە و (ئەنجومەنی شارەوانی بۆلیمێنا) و (ئەنجومەنی شارەوانی ئاردن) زێدی (ئیەن پێیزلی)، ئەمە جگەلەوەی کەدیسان ئەو پارتە لە (٨) شارەوانییە گەورەکەی دیکەی هەرێمەکەدا وەکوو بەرفراوانترین پارتی سیاسی جەماوەری لەو ناوچانەدا دەناسرێتەوە کەئەوانیش بریتین لەشارەوانیەکانی (ئەنتریم،بۆلیمۆنی،بانبریج،بێلفاست، کاریکفێرگس،کولراین،کریجافۆن).



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## سیاسەتی (دی.یو.پی)

*بەشێوەیەکی مەبدەئی (دی.یو.پی) باوەڕی بەمانەوەی هەرێمی (ئێرلەندای باکور)ە لەچوارچێوەی دەوڵەتی بریتانیای مەزندا .

*پشتیوانی دەکات لە دەستوری پادشایەتی و سیستمی دیموکراتی پارلەمانی بریتانیا.

*پشتیوانی دەکات لەگەشەپێدانی حکومەت لەئێرلەندای باکور بەمەرجێک ڕێکخراوی (شین فین) پابەند بێت بەو مەرج و بەڵێنانەکان.

*هەوڵدەدات دامەزراوە هەرێمیەکانی ئێرلەندای باکور (پارلەمان و حکومەت) جێگەی پارتە سیاسییە دیموکراتییەکان بێت نەک تۆڕی پەیوەندی بۆ ڕێکخراوە تیرۆرستەکان و چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوانە.

*پشتیوانی دەکات لەهاوکاری کردنی بەکردار لەگەڵ (کۆماری ئێرلەندا) لەو مەسەلانەدا کەجێگەی بایەخ و نیگەرانی و دوودڵی هەردوولان، بەمەرجێک ئەم هاوکارییە جێگەی ڕەزامەندی و مایەی پشتیوانی هاووڵاتیانی دانیشتووی هەرێمی ئێرلەندای باکور بێت.

*هەوڵدەدات بۆ دابینکردنی باشترین خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردە و خوێندن. هەوڵ دەدات بۆ بنەبڕکردنی تاوان و گەشەپێدانی وەبەرهێنان لەهەرێمەکە و باشترکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی دیکە و ڕێکخستنی مەسەلەکانی باج، بەسوودی هاووڵاتیانی هەرێمەکە.

## وتەبێژەکانی ((دی.یو.پی)) لەنێو (وێستمینیستەر)دا

ئەمانەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا ناویان هاتووە کۆی گشتی (گوتەبێژەکانی (دی.یو.پی) ین کەهەریەکەیان لە بوارێکی تایبەتدا قسەکەری فەرمی پارتەکەیانن.

| **Policy issue**<br>بەرپرسیارێتی لەنێو سیاسەتی پارتەکەدا | **Spokesperson**<br>کەسی قسەکەر |
|---|---|
| Party Leader<br>سەرۆکی پارت | Ian Paisley<br>ئیەن پێیزلی |
| Deputy Leader<br>جێگری سەرۆکی پارت | Peter Robinson<br>پیتەر رۆبینسن |
| Chief Whip | Nigel Dodds<br>نیجێل دۆددس |
| Defence, Culture, Media and Sport<br>بەرگری و کەلچەر و میدیا و وەرزش | Gregory Campbe l l<br>گرێگۆری کامفێڵ |
| Education and Skills, Housing<br>پەروەردە و دەسترەنگینی و خانووبەرە | Sammy Wilson<br>سامی ویلسن |
| Environment, Food and Rural Affairs<br>ژینگە و خۆراک و کاروباری دێهاتەکان | William McCrea<br>ویلیەم مککریی |
| Foreign and Commonwealth Affairs, Europe<br>کاروباری دەرەوە و ولاتانی کۆمۆنوێلس و ئەوروپا | Ian Paisley<br>ئیەن پێیزلی |
| Health, Youth and Women<br>کاروباری تەندروستی و لاوان و ژنان | Iris Robinson<br>ئایرز رۆبینسن |



| | |
|---|---|
| Home Affairs, Lord Chancellor's Department<br>کاروباری ناوخۆ و دادوەری | Peter Robinson<br>پیتەر رۆبینسن |
| Trade and Industry<br>بازرگانی و پیشەسازی | David Simpson<br>دەیڤد سیمپسن |
| Transport, International Development<br>گواستنەوە و گەشەپیدانی نێودەوڵەتی | Jeffrey Donaldson<br>جێفری دۆناڵدسن |
| Treasury, Work and Pensions, Shadow Leader of the House<br>ژمێریاری و کار و خانەنشینی کاروباری پارلەمان | Nigel Dodds<br>نیجێل دۆدس |

**ڕێککەوتنی بێڵفاست و هەڵوێستی(دی.یو.پی)**

بەشێوەیەکی گشتی (دی.یو.پی) وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێککەوتننامەیە هەڵوێستی نواند ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک بوو کەئەمانەی خوارەوە لەگرنگترینی ئەو هۆکارانە بوون :-

* بەردانی پێشوەختی گیراوەکانی کۆمارییەکان (سوپای کۆماریخوازی ئێرلەندا). * ڕێککەوتنەکە میکانیزمێک بوو کەڕێگەی بە ڕێکخراوی شین فێین ئەدا کەبەشداری لە بنیاتنانی حکومەتدا بکات و دەسەڵات بگرێتە دەست سەرەڕای بەردەوام بوونی (ئای.ئارِ.ئەی) وەکوو باڵی سەربازی ئەو ڕێکخراوە لەچالاکییەکانی خۆی. *لاوازی هەستکردن بەبەرپرسیارێتی لای وەزیرەکان، لەنێو دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی هەرێمەکەدا.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

*لاوازی هەستکردن بەبەرپرسیارێتی لای وەزیرەکانی باکور و باشوری هەرێمەکە و زاڵ بوونی هەستی (ناوچەچێتی) ئەو وەزیرانە و تەماشانەکردنی هەرێمەکە وەکوو یەک پەیکەری ئیداری.

لەدوای (رێکەوتننامەی ساینت ئەندریۆس[3]) لە ئۆکتۆبەری ساڵی٢٠٠٦ (دی.یو.پی) رازی بوو کە لەگەڵ پارتی کۆماریخوازەکانی ئێرلەندا (شین فین) بچێتە

---

[3] **(رێکەوتننامەی ساینت ئەندریۆس)** رێکەوتنێک بوو لەنێوان حکومەتی بریتانیا و حکومەتی ئێرلەندا و پارتە سیاسیە گەورەو ناسراوەکانی ئێرلەندای باکور لەهەردوو کۆمەڵگای یونیەنیستی پرۆتستانت مەزهەب و نەشنەڵستی کاسۆلیک مەزهەب بەمەبەستی پێدانی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردن بەهەرێمی باکوری ئێرلەندا و چارەسەرکردنی گرفتە نیوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەو هەرێمە کەمێژوویەک بوو بەدەست ئەو گرفتە زەوەندانەوەی دەینالاند. ئەم رێککەوتنە توانی هەموو لایەنە ناکۆکەکانی خاوەن پشک لەم کێشانە لەسەر یەک خوانی دانوساندن گردبکاتەوە لەشاری (ساینت ئەندریۆس)ی سەر بەهەرێمی (سکۆتلاند لە رۆژانی (١١ – ١٣) ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٦ لەوانەش هەردوو حکومەتی بریتانی و ئێرلەندی و زۆربەی پارتە گەورەکانی ئێرلەندای باکور لەنێویانیشدا (ئیەن پیەزڵی) سەرۆکی (دی.یو.پی) و سەرانی رێکخراوی شین فین.
ئاکامی ئەو رێکەوتنامەیەش بەوە کۆتایی هات کە جارێکی دیکە پارلەمانی هەڵپەسێرداوی ئەو هەرێمەی زیندووکردەوە و لە (٨) ی مەی ساڵی (٢٠٠٧)یش دەسەڵاتی راپەڕاندنی هەرێمەکە توانی بەگوڕوتینێکی تازەوە لەحکومەتێکی هاوبەشدا کەلەنێوان (دی.یو.پی) و (نەتەوەییەکان) و (رێکخراوی شینی فین)دا پێکهێنرا بکەوێتەوە گەڕ و (رێکخراوی شین فین)یش بڕیاریدا کەهاوکاری پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایش بکات لەپیناوی پاراستنی ئاسایشی هەرێمەکەدا.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

حکومەتی هاوبەشەوە لە نێو کابینە هەرێمیەکەی ئێرلەندای باکوردا. رازی بوونی (دی.یو.پی) بەهاوبەشیکردنی دەسەڵات لەگەڵ پارتی کۆماریخوازەکانی ئێرلەندا (شین فێین) بەگوێرەی رێکەوتنی ساینت ئەندریۆس، دابەش بوونی ئەندامانی ئەو پارتەی بەسەر چەند بیروڕایەکی لەیەکتری جیاوازدا لێکەوتەوە و جۆرێک لە تەکەتولات و گروپبەندی لەنێو ئەو پارتەدا بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو پارتە، بەئەندام پارلەمانەکانی ئەو پارتەشەوە، ڕایانگەیاند،کەوەکوو بەرهەڵستکاری (ئیەن پێیزڵی) سەرۆکی پارتەکەیان دەوەستنەوە و هەوڵی دروستکردنی ناڕەزایەتییەکی گشتی دەدەن لەنێو پارتەکەیان لەدژی سەرۆکەکەیان و ئەو رێککەوتنەی کەئەنجامیداوە لەگەڵ پارتی کۆماریخوازەکانی ئێرلەندا (شین فێین). لەدیارترینی ئەو سەرکردانەش کە بەرهەڵستکاری (ئیەن پیەزڵی) سەرۆکی پارتەکەیان ئاشکراکرد، بریتی بوون لە (نیجڵ دۆدس، دەیڤد سیمپسن و گرێگۆری کامپبێڵ).بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەندام پارلەمانەکانی ئەو پارتە ئەو بەیانە گشتییەیان واژۆ کرد کە بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٧ پارلەمانی هەرێمەکە لەلایەن (دی.یو.پی) یەوە بەسەرکردایەتی ئیەن پێیزڵی سەرۆکەوە بڵاوکرایەوە و لەم بەیانە گشتییەدا بەشێوەیەکی پرینسیپڵی ئەو پارتە جەختی لەسەر دروستکردنی دەسەڵاتێکی هاوبەش لەگەڵ (شین فێین)دا کردبۆوە، ئەگەرچی لەکۆبوونەوەی مارچی ٢٠٠٧ بەزۆرینەی زۆری دەنگی ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو پارتە بریاری چاوخشاندنەوە و دووبارە تاوتوێکردنی ئەم مەسەلەیە درا. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش لەرێکەوتی (٧)ی دێسەمبەری ٢٠٠٧ (جیم ئەڵیستەر) کەئەندامێکی چالاکی سەرکردایەتی ئەو پارتە و ئەندامی پارلەمانی ئەوروپاش بوو لەگەڵ (٧) ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی (کاونسیلەر)ی هەمان پارت

لەڕیزەکانی ئەو پارتە جیابوونەوە و پارتێکی دیکەی سیاسی تازەیان دامەزراند بەناوی (دەنگی یەکیەتی تەقلیدی[4]) وەکوو پێشانداندن و سوربوونیان لەدژی هاوبەشی کردنی دەسەلات لەگەڵ ڕێکخراوی (شین فین) دا.

## دووەم: شین فین

لۆگۆی شین فین

[4] <٤> دەنگی یەکێتی تەقلیدی پارتێکی سیاسی ئێرلەندای باکورە. مێژووی دروست بوونی ئەو پارتە بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە (دی.یو.پی) بڕیاری پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەشیدا لەگەڵ ڕێکخراوی شین فێین . سەرانی ئەو پارتە نوێیە کە لە (دی.یو.پی) جیابوونەوە بەو هاوبەشی کردنەی دەسەلات لەگەڵ شین فێین ڕازی نەبوون . ئەم پارتە تازەیە هەر لەگەڵ دروستبوونی لە (٧)ی دیسەمبەری ٢٠٠٧ (جیم ئەڵیستەر) یان وەکوو سەرۆکی پارتەکەیان ڕاگەیاند. لەسەرەتای دامەزراندنییەوە ئەم پارتە لەسەر چوار باوەڕی بنەڕەتی خۆی ڕاگەیاند کەبریتی بوون لەم پرینسیپڵانەی خوارەوە:-

١- پاراستنی یەکێتی نێوان بریتانیا و هەرێمی ئیرلەندای باکور.
٢- پابەندبوون بە یەکەوە هەڵکردنێکی دیموکراتیانە. بەیەکەوە هەڵکردنێک کەهەموو جۆرە هاوپەیمانێتییەکی داسەپاوی تێدا ڕەتدەکرێتەوە.
٣- دەسەڵاتی یاسا پێویستە بەسەر هەموو بەشێکی هەرێمی ئێرلەندای باکوردا بسەپێت بەبێ جیاوازی بەبێ بەکارهێنانی ترس و تۆقاندن بەبێ لەرچاوگرتنی هیچ جۆرە دڵخوازییەک.
٤- پشتیوانی لەقیەم و بنەما باوەکانی خێزان.



شین فێین ناوی ڕێکخراوێکی سیاسی ئێرلەندای باکورە. بەزمانی ئێرلەندی شین فێین بەمانای (تەنها خۆمانین) دێت. ئەم ڕێکخراوە لەساڵی (١٩٠٥) لەلایەن (ئارسەر جریفیس) دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوە لەسەرەتای دامەزراندنییەوە هەوڵی داوە بەشێوازی جۆراوجۆر تیشک بخاتە سەر مەسەلە نەتەوایەتیەکانی گەلی ئایریشی، لەم پێناوەشدا فەلسەفەی سیاسی ئەو پارتە لەنێو دیدگای چەپ و ڕاست و بانگەشەی کۆماریخوازی و پادشایەتی و پشت بەستن بەباوەڕداران و بێ باوەڕاندا لەنێو ئایریشەکاندا لەسوڕانەوەی بەردەوامدابووە.

لەشەڕی نێوخۆی ئێرلەندادا کە وەکوو پەرچەکرداری ڕێککەوتنی (ئەنگلۆ - ئایریشی) ١٩٢٢ سەری هەڵدا ئەم پارتەش وەکوو تەواوی کۆمەڵگای ئێرلەندی هەتا ئیمڕۆ بوو بەدوو بەشەوە، ئەم ناکۆکییە بەشێوەیەکە، هەتا کێشە، لەسەر خاوەندارێتی خودی ناوەکەی (شین فین) بەشێوەیەکی توند بەرچاو دەکەوێت چونکە ئەم ڕێکخراوەی کەئێستا بەناوی (شین فێین) ەوە خۆی ناونوس کردووە هەتا ئێستا خۆی بەتاکە میراتگری ڕاستەقینە و درێژەپێدەری (شین فێین) ە ئەسڵیەکە دەزانێت نەک ئەوانی دیکە.

### فەرمانڕەوایەتی پاشایەتی دووقۆڵی لەساڵی ١٩٠٥-١٩١٧

بوژاندنەوەی بزووتنەوەی ئەسڵی شین فێین لەسەردەمی کامپەینی پروپاگەندەیی نوسەری نەتەوەیی (ئارسەر جریفیس) و نوسەری نوسینگەی کۆماریخوازەکان (ویلیەم ڕوونی) دەستی پێکرد، ئەو دوو کەسایەتیەی کە لە سەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی ئێجگار چالاک لە (یانەی نەتەوایەتی دبلن) کاریان کردووە. ئارثەر جریفیث لەچاپخانەکەی خۆی (پیشەسازی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

چاپەمەنی دبلن) بەر لەهەموو شتێک وەکوو ڕۆژنامەوانێک دەستی کرد بەدروست کردنی تۆڕێکی تۆکمەی هاوڕێیانە بەدەوری خۆیدا و ڕۆژنامە پڕوپاگەندەیەکانی خۆی (یونیەن ئایریشمان) و (شین فێین)ی وەکوو دوو کەناڵی بەهێز بەکارهێنان بۆ دروستکردن و بەکارخستنی نەوەی سەردەمی خۆی، لە پڕۆژەیەکی سیاسی مۆدێرنی بەرنامە بۆداڕێژراوی تۆکمەدا، بەپشت بەستن بەشێوازی فەرمانڕەوایی (ئاوسترۆ- هەنگاری) دەبڵ پاشایەتی ساڵی ١٨٦٧ و تیورەکانی ئابوریناسی نەتەوەیی ئەڵمانی (فریدریک لیست). بەمەش ئارسەر جریفیس توانی گیان و هەستی خۆناسین لای ئایریشییەکان بەشێوەیەکی باش بچەسپێنێ و هەستی نەتەوایەتی لای تاکی ئایریشی بەباشی ببزوێنێ. ئەمەش بەشێوەیەکی بەرفراوان لە بزوتنەوە و کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنیەکاندا ڕەنگی دایەوە لەچەشنی بزوتنەوەکانی (کۆمەڵگای وەرزشی گێیڵێک) و (یەکێتی گێیڵێک) و دامەزراندنی (شانۆی دیری) کەدواتر لەسەرجەم ئەم ڕێکخراوانە فیدراسیۆنێکی لەیانە و کۆمەڵگا نەتەوایەتییەکان پێکهێنا کە کێبەرکێی لەگەڵ پارتی پارلەمانی ئێرلەندی بەسەرۆکایەتی (جۆن ڕیدمۆند) دەکرد چونکە گوتاری ئەو پارتە بەئاراستەی سڕ کردنی هەستی نەتەوەخوازی لەسەدەی بیستەمدا کاری دەکرد.



سەرکردەی سەربەخۆخوازی
ئێرلەندی هێنری گراتان



مەکتەبی بیروهۆشیاری

زۆربەی مێژوونوسان لەسەر ئەوە کۆکن کە مێژووی دروستبوونی ڕێکخراوی شین فێین (٢٨) نۆڤەمبەری ١٩٠٥ بێت، چونکە دروست لەوڕۆژەدا (ئارسەر جریفیس) لەبەیانێکی نوسراودا سیاسەتەکانی ئەو پارتەی ڕاگەیاند، ئەو کاتەی کەناوبراو بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە یاسای ساڵی ١٨٠٠ سەبارەت بەیەکگرتنی بریتانیای گەورە و ئێرلەندا یاسایەکی ناشەرعیە و ئەوەی هەتا ئێستاش بووە بەدیفاکتۆ و ڕەوایەتی خۆی لەدەست نەداوە فەرمانڕەوایی پادشایەتی دووقۆڵی (ئەنگلۆ-ئێرلەندییە) کەبەدەستوری ساڵی ١٧٨٢ ناسراوە و لەژێر سێبەری دەسەڵاتی (پەرلەمانی گراتان)دا هاتۆتە ئاراوە.



قەڵای دبلن

یەکێک لەگرفتە گەورەکانی شین فێین لەوساڵانەی دەرکەوتنیدا مەسەلەی کۆمەکی دارایی بووە. ئەگەرچی ئەو ڕێکخراوە زوو توانیوویەتی لەنێو دەنگدەراندا ناوبانگێکی بەرز بۆخۆی پەیدا بکات بەڵام ئەو هاوکارییە داراییەی کە ئەو ڕێکخراوە لەلایەن هەواداران و ئەندامەکانیەوەی دەستی کەوتووە، زۆر کەمتر بووە لەپێداویستییەکانی ڕۆژانەی هەڵسوڕاندنی سیاسەتەکانی، بەقسەی یەکێک لەهاوڕێ نزیکەکانی (ئارسەر جریفیس) گرفتی دارایی ئەو ڕێکخراوە لەوسەردەمانەدا تاڕادەیەک بووە کە نەیتوانیووە کرێی مانگانەی بارەگا سەرەکیەکەشی کەلەشەقامی (هارکۆرت)ی شاری (دبلن) بووە بدات.... بەڵام ئەوەی کەژیانی ئەو ڕێکخراوەی لەمردن ڕزگار کردووە لەوساتەدا ئەو بیرکردنەوە ئیدارییە هەڵەیەی هەندێک لە بەرپرسە ئیدارییەکانی بریتانیا بووە کە پێیان وابووە دەتوانن ئیدارەی بریتانی ئێرلەندی لە (قەڵای دبلن[5])ەوە بەڕێوەبەرن کەبێگومان ئەمەش لەو کاتەدا هەڵەیەکی گەورەی ئیدارییەکان بریتانی بوو و بووبەهۆی هەڵگیرساندنی

---

[5] (قەڵای دبلن) قەڵایەکی مێژوویی دێرینە و مێژووەکەی لەناوجەرگەی مێژووی شاری دبلندایە.قەڵایەک بووە هەمیشە جێگەی بایەخی پادشاکانی ناوچەکە و بریتانیا بووە لەو قەڵایەدا مێژووی سەدان داستان و جەنگ و نەبەردی و سەدان ئاگربڕ و مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی و ئاشتەوانی بەرۆخساری مێژووی ناوچەکە و بریتانیا و شاری دبلنەوە بەرچاو دەکەون. هەر لەو قەڵایەدابوو ڕێکەوتننامەی (ئەنگلۆ ئایریشی) هاتە واژۆکردن و کەلەلایەک ئێرلەندای دوولەت کرد و لەلایەکی دیکەشەوە چانسی دروستکردنی دەوڵەتێکی ئایریش نەژادی لەبەشە ناوەڕاست و باشوریەکە لێکەوتەوە. ئەم قەڵایە لەساڵی ٩٣٠ زاینییەوە مەڵبەندی بەرگری و سەرچاوەی دەستگرتن بووە بەسەر ڕووبار و ڕێڕەوە ئاویەکانی ئێرلەنداوە قەڵایە بایەخی بازرگانی و مێژوویی و سیاسی و سەربازی خۆی بەدرێژایی مێژوو لای ئایریشەکان پاراستووە.



(هەڵگەڕانەوەی ١٩١٦[6]) کە هەوڵێکی شکستخواردوو بوو بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری ئێرلەندا.



شین فێین و هەڵگەڕانەوەی ئیستەری ساڵی ١٩١٦

---

[6] هەڵگەڕانەوەی ١٩١٦ ئەو هەڵگەڕانەوەیە کەلەلایەن (چەکدارانی کۆماریخوازی ئایریشی) بەڕێوەچوو و ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئێرلەندی بوو. ئەو هەڵگەڕانەوەیە لەئیستەری ساڵی ١٩٦١ ڕوویدا هەربۆیەشە زۆرجار بە هەڵگەڕانەوەی ئیستەری ساڵی ١٩١٦ ناودەبرێت. ئامانجی ئەو هەڵگەڕانەوەیە دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئایریشی و هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتی نێوان بریتانیای مەزن و ئێرلەندابوو کەلەساڵی ١٨٠٠ وە هاتبووە کایەوە. ئەگەرچی ئەو هەڵگەڕانەوەیە بەهێزترین هەڵگەڕانەوە و ڕاپەڕین ئایریشیە سەربەخۆخوازەکان بوو کەلەدژی دەوڵەتی بریتانیا بەڕێوەچووبێت لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٧٩٨بەڵام سەرەنجام ئەم هەڵگەڕانەوەیە بەشکست کۆتای هات چونکە حکومەتی بریتانی توانی تەنها لەماوەی (٦) ڕۆژدا شەڕ لەگەڵ هەڵگەڕاوەکاندا بەسەریاندا سەربکەوێت و سەرکردەکانیشی بەدیل بگرێت و دادگاییان بکات .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەگەرچی پارتی شین فێین بەهیچ شێوەیەک سەروکاری لەگەڵ هەڵگەڕانەوەکەی ئیستەری ساڵی ١٩١٦ نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووی سەرکۆنەی دەوڵەتی بریتانیا بۆوە و بەتێوەگلاندن لەو هەڵگەڕانەوەیەدا تۆمەتبار دەکرا. حکومەتی بریتانی پێیوابوو کەشین فێین ماکی هەموو ئەو گروپە ناڕازییانەیە کەبەمەرجە سەرەکییەکانی دەستوری پادشایەتی بریتانییەوە پابەندنین و دواجار هەموو هەڵگەڕانەوەیەک هەر لەبن سەری ئەوانەوە سەرهەڵدەدات. ئەمەش وایکردووە وشەی (یاخیبوان) وەکوو پێشگری (شین فێین) لەلایەن (حکومەتی بریتانی) و (دەزگا سەرەکییەکانی ڕاگەیاندنی ئێرلەندی) و( پۆلیسی پادشایەتی نێوخۆیی ئێرلەندا و (پۆلیسی (دبلن)ی پایتەخت) و تەنانەت لەلایەن هەندێک لەخودی ئەوانەشەوە کەبەشداری خودی هەڵگەڕانەوە بوون هەتا ئێستا بەکاردێت. ئەگینا لەڕاستیدا بەقسەی زۆرێک لەمێژوونوسان، سەرکردەکانی ئەو هەڵگەڕانەوەیە ئامانجیان زۆر لەداخوازی و ئامانجەکانی شین فێین تێپەڕی کردبوو چونکە ئەوان بەشێوەیەکی بەهێز بەلای سەربەخۆخوازی تەواودا دەشکانەوە و هەرگیز باوەڕیان بەدروستکردنی دەسەلاتێکی ئۆتۆنۆمی بەرفراوان نەبوو وەکوو شن فێین کردبووی بەئامانجی خۆی یان گەڕانەوە بۆ سیستەمی پادشایەتی دووقۆڵی.

لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٦ ئەندامانی دەربازبووی ئەو ڕاپەڕینە بەسەرکردایەتی (ئێرمان دیڤالێرا) پەیوەندیان کرد بەڕێکخراوی (شین فێین)ەوە و دواتر (دیڤالێرا) بوو بەسەرۆکی ئەو پارتە و توانی جێگەی (جریفیس) سەرۆکی پارتەکە بگرێتەوە. شین فێین لە کۆنفرانسی (ئاردیس)ی ساڵی ١٩١٧ توشی جۆرێک لە لەبەریەکترازان و دووبەرەکی هات چونکە لەو کۆنفرانسەدا ئەندامانی ئەو پارتە بەسەر دوو (باڵ)دا دابەش بوون، باڵی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

یەکەم بریتی بوون لەو ئەندامانەی کە باوەڕیان بەسیستەمی (کۆماری) هەبوو ،باڵی دووەمیش بریتی بوون لەو ئەندامانەی لایەنگری شێوازی (پادشایەتی)یان دەکرد وەکوو ئامانجی تێکۆشان و خەباتی شین فێین ،ئەم ناکۆکی و دووبەرەکییە بەردەوام بوو هەتا ئەوکاتەی هەردوو لایەنی ناکۆک لەخاڵێکی هاوبەشدا جۆرێک ڕێکەوتن و تێگەیشتنیان بۆ یەکتری نیشاندا و هەردوو باڵەکە ئامانجیان لەسەر دامەزراندنی کۆمارێکی سەربەخۆ چڕکردەوە هەتا ئەو کاتەی لەو کۆمارە سەربەخۆیەدا ڕیفراندۆم لەسەر ئەوە سازدەکرێت و لەو ڕیفراندۆمەدا ئەوە ساغ بکرێتەوە کەئایا شێوازی فەرمانڕەواییەکە کۆماری بێت یان پادشایەتی بێت؟خۆئەگەر لەو ڕیفراندۆمەدا بڕیار لەسەر پادشایەتی درا، ئەوا دەبێت بەمەرجی ئەوەوە ببەسترێتەوە کە سیستەمی پادشایەتییەکە لەژێر ڕکێفی بنەماڵەی پادشایەتی بریتانیدا نەبێت.


Irish Independent
PROPERTY
GOOD BEHAVIOUR
Sea war as ferry sends in 'union busters'
George Best Family's last goodbye

ئەگەرچی (شین فێین) ڕووبەڕووی سۆزی کۆمەڵانی خەڵکی هەرێمەکە بووەوە بەتایبەت دوای لەسێدارەدانی بەشێکی زۆر لەسەرکردەکانی (هەڵگەڕانەوەکەی ئیستەری ساڵی ١٩١٦) بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو هاوسۆزییەش (شین فێین) نەیتوانی سودمەندی ئەو هاوسۆزییە بێت. چونکە

لەڕاستیدا بەشێکی زۆر لەدەسەڵاتدارانی نێوخۆی هەرێمەکە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش لەسەرووشیانەوە ڕۆژنامەی بەناوبانگی (ئایریش ئیندیپێندت کەلەئەوساوە هەتائێستا بەرفرۆشترین و بەربلاوترین و بەناوبانگترین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هەرێمەکەیە) لە بانگەشەکارانی لەسێدارەدانی سەرکردەکانی هەڵگەڕانەوەکە بوون، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەشەوە،شین فێین بەدبەختانە، ڕووبەڕووی ڕکابەری توندی پارتی (پارلەمانی ئێرلەندی) لەسەردەمی (جۆن ڕیدمۆند) و دواتریش (جۆن دیلۆن) بووەوە.



جۆن دیلۆن سەرکردەی پارتی
پارلەمانی ئێرلەندی
(٤ ی سێپتەمبەری ١٨٥١- ٤ ی
ئۆگێستی ١٩٢٧)

## شین فێین و بردنەوەی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩١٨

لە هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩١٨ کە لە (شانشینی یەکگرتوو لە بریتانیای مەزن و ئێرلەندا) دا بەڕێوەچوو شین فێین توانی (٧٦) کورسی لەکۆی (١٠٦) کورسی، لەکورسیەکانی پارلەمانی ئێرلەندای باکوور بباتەوە. لەڕاستیدا ئەم سەرکەوتنەی شین فێین، جگە لەوەی کە ئەو پارتە لە چل



ساڵی ڕابردوودا یەکەم گەورە پارتی سەرگۆڕەپانەکەی هەرێمەکە بووە بۆ چەند هۆکارێکی دیکەش دەگەڕێتەوە ،یەکێک لەو هۆکارانەش بریتی بوو لەوەی کە پارتی پارلەمانی ئێرلەندا (ئای.پی.پی) هەر لەساڵی ١٩١٠ وە وازی لەشەڕی هەڵبژادنە گشتییەکان هێنابوو. لەهەموو بەشەکانی ئێرلەندا ڕێکخراوەکان توشی داوەشان و فەساد بوون هاتبوون، داوەشانێک کەئیدی توانای ڕووبەڕووبوونەوە و بەڕێوەبردنی ململانێکانی نێو گەمەی هەڵبژاردنیان نەمابوو. هەموو پارتەکانی دیکەش بەشێوەیەکی گشتی ورەیان لەبەرامبەر بەجەماوەر بوونی شین فێین لەدەست دابوو چونکە پێیان وابوو چانسی سەرکەوتنی ئەو زۆربەهێزە و لەئیرادەی هیچ کام لەو پارتانەدانییە کە پێشگیری لەسەرکەوتنەکانی بکەن و ڕووبەڕووی ببنەوە.

بەپێی ئەو بەڵگەنامامەی کەتازە بەردەست کەوتوون یەکێک لەهۆکارە بەرچاوەکانی سەرکەوتنی شین فێین لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩١٨ لە پەنابردنی سەران و ئەندامان و لایەنگرانی ئەو پارتەبووە بۆ سیاسەتی توند وتیژی ترساندن و چاوسورکردنەوە هەم لەگەڵ دەنگدەران و هەم لەگەڵ فەرمانبەر و بەرپرسەکانی سەر سندوقەکانی هەڵبژاردن . یەکێک لەو بەڵگە سەلمێنەرانەی بەردەست بریتییە لە (تۆمارکردنێکی دەنگیی) لەناوچەی هەڵبژاردنی (لۆنگفۆرد) کە ئەندامێکی چەکداری شین فێین بەزەبری چەک، ئەو دادوەرە بەرپرسەی سەر ئەو سندوقە ناچاردەکات کە سەرکەوتنی کاندیدەکەی شین فێین ڕابگەیەنێت، ئەمە لە کاتێکدا کە کاندیدی پارتی پارلەمانی ئێرلەندا (ئای.پی.پی) دەنگی زۆرتری بەدەست هێناوە.

لە (٢١) ی جەنیوەری ساڵی ١٩١٩ بەسەرۆکایەتی فراکسیۆنی (شین فێین) پارلەمانتارانی هەرێمەکە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیان لەکۆشکی (دبلن) ئەنجامدا و لەو کۆبوونەوەیەدا پارلەمانتاران بڕیاریاندا ناوی خۆیان

بنێن (پارلەمانی ئێرلەندا). ئەم پارلەمانە لەیەکەمین کۆبوونەوەی خۆیاندا بریاریاندا کەکابینەیەکی وەزاری پێکبهێنن و سەرۆکی وەزیرانیش بۆ کابینەکە دەستنیشان بکرێت، شێوازی فەرمانڕەواییش لەسەر سیستمی (کۆماری) بێت. ئەگەرچی ئەو کۆمارە سەرۆکی وڵاتی بۆ دەستنیشان نەکرا بەڵام لە (٢١) ی ئۆگێستی ساڵی ١٩٢١ دا سەرۆک وەزیران (پرایۆم ئایە) بەشێوەیەکی ڕەسمی خۆی وەکوو سەرۆکی ئەو کۆمارە ئێرلەندیە ڕاگەیاند.

لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی ١٩٢٠ دا (شین فێین) توانی لەسەرجەمی (١٢) شارەوانی (١٠) شارەوانی بباتەوە،بەمەش جگە لەشارەوانییەکانی شارەکانی (بێڵفاست) و (دێری) کە لەژێر کۆنترۆڵی بزوتنەوەی (یونیەنیست) و پارتی (ئای.پی.پی) مانەوە تەواوی شارەوانیەکانی دیکە کەوتنە ژێر ڕکێفی (شین فێین)ەوە. لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی یەکەئیدارییەکانی شارۆچکەکانیشدا، (شین فێین) توانی بەردەوامبێت لەسەرکەوتن کەلەهەمانساڵدا ئەنجام دران بەمەش شێن فێین توانی دەسەڵاتی ئیداری خۆی بەسەر تەواوی شارۆچکەکانی ئێرلەندادا بسەپێنێت جگە لە شارۆچکەکانی (ئەنتریم،دۆون،لەندەن دێری و ئارما).

مێژووی شین فێین ،مێژووی (جیابوونەوە) و (لەبەریەکترازان) و (هەڵوەشانەوە)یە،بەحوکمی بەهێزی گوتاری (هێز) و لۆژیکی (بەرەنگاری) هەمیشە ئەو ڕێبەر و سەرکردە سەربازیەکانی ئەو ڕێکخراوە بەدوای زاڵکردنی بیرکردنەوە و خولیا سەربەخۆخوازیەکانی خۆیانەوە بوون تەنانەت زۆرجار دەبینین ئەو خولیای سەربەخۆخوازیەی ئەو سەرکردانە ئەوەندە بەهێز بووە کە نەیانتوانیووە لەژێر چەتری ڕێکخراوەکەی خۆیاندا دەسبەرداری ئەو خولیا سەربەخۆخوازیەی خۆیان بن هەربۆیە دەبینین لەساڵەکانی (١٩٢٢، ١٩٢٦، ١٩٧٠ و ١٩٨٦) شین فیین تووشی جیابوونەوەی سیاسی دەبێت و دەبێتە



(ماک)ی دروستکردنی ڕێکخراو و پارتی سیاسی دیکەی لەچەشنی (پارتی یەکێتی ئێرلەندا کەبەکورتکراوەی (فاین گێیڵ)

ناسراوە و (پارتی ڕەسمی شین فێین) کەدواتر بوو بەپارتی (شین فێینی کرێکاران) و دواتریش ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (پارتی کرێکاران)

و ئینجا پارتی (چەپی دیموکراتی) کەدواتر ئەم پارتە چووەپاڵ پارتی (کرێکاران)ەوە و بەشداری لەحکومەتی ئەو پارتەدا کرد . لەئێستاشدا شین

مەکتەبەی بیروهۆشیاری

فێین بەسەر دوو پارتدا دابەش بووە کەیەکەمیان بە (پارتی شین فێین) و دووەمیشیان بە (پارتی شین فێینی کۆماریخواز) ناسراوە.

## جیابوونەوە (ئینشیقاق) لەسەر پەیماننامە.

وەکوو دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی گفتوگۆکانی پەیماننامەی (ئەنگلۆ-ئایریشی) لە (دێسەمبەر)ی ساڵی١٩٢١ لەنێوان هەردوو وەفدی حکومەتی بریتانی و حکومەتە کۆماریەکەی (دی ڤالێرا) و سەرەنجام گەیشتنە ڕێکەوتنێک لەسەر ئەو پەیماننامەیە و لەسەر بنەمای ئەو حکومەتە کۆماریە سەربەخۆ ئێیرلەندییەی کە (دیاڵی ئایرین) پێشتر یەکلایەنە ڕاگەیەندرابوو، بەتایبەت دوای سەرکەوتنە گەورەکەی شین فێین لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩١٨. بەگوێرەی ئەو پەیماننامەیە (٦) ناوچەی هەرێمی ئێرلەندای باکور کەوتنە ژێر ڕکێفی حکومەتی بریتانیاوە بەپێی یاسای ساڵی ١٩٢٠ی حکومەتی بریتانی لە ئێرلەندا.بەمەش حکومەتی (دی ڤالێرا) ناچاربوو بەگوێرەی پەیماننامەکە پاشەکشە لەو (٦) ناوچەی هەرێمی ئێرلەندای باکور بکات.

هۆکارەکانی جیابوونەوە (ئینشقاق) لەڕاستیدا گەلێک زۆربوون بێگومان دابەشبوونی بیروڕاکان بەسەر چەند گروپ و کوتلەیەکی لەیەکدی جیاوازدا یەکێک لەو هۆکارانەبوو. بەڵام سوپای کۆماری ئێرلەندا بەهیچ جۆرێک لە ئێرلەندای باکوری نوێی دانپیانراودا توشی ئەم جیابوونەوەیە نەهات. ئەگەرچی کۆماریخوازەکان بەتوندی دژی پەیماننامەکە وەستانەوە جگە لە سەرکردەی سەربازی ناسراو (مایکڵ کۆڵینز) نەبێت کەبەخۆی و هەموو تواناسەربازیەکەیەوە پشتیوانی لە پەیماننامەکە دەکرد.



مەکتەبەی بیروهۆشیاری



مایکڵ کۆڵینس
١٦ ئۆکتۆبەری ١٨٩٠- ٢٢ ی
ئۆگێستی ١٩٢٢

لەڕاستیدا هۆکاری هەرە سەرەکی لە دوولەتبوونی شین فێین لەو سوێندخواردنەوە سەرچاوەی گرت کە دەبوو ئەندامانی حکومەتی سەربەخۆی کۆماری ئێرلەندا بیانخواردبایە بۆ بەفەرمی کردنی حکومەتەکەیان لەلایەن حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیەوە، بەتایبەت گرفتەکە لەسەر ئەو برگەیەی سوێندخواردنەکە بوو، کە دەگوترا (حکومەتی سەربەخۆی ئێرلەندا بەشێک دەبێت لە ئیمپراتۆریەتی مەزنی بریتانیا) بێگومان ئەمەش لای زۆربەی زۆری کۆماریخوازەکان وەکوو شتێکی ناپەسند لێکدەدرایەوە، بەتایبەت کەئەوان دژی بیرکردنەوەی هەواداران و لایەنگرانی ڕێکەوتنەکە بوون،چونکەپییان وابوو (پەیماننامەکە پێدانی ئازادییە بۆ بنیاتنانی ئازادی).

جیابوونەوەی شین فێین شەڕی ئەهلی لەگەڵ خۆیدا هێنا ،ئەگەرچی شەڕی ئەهلی ئیرلەندا ماوەکورت بوو (مانگی (جون)ی ساڵی ١٩٢٢- مانگی ئیپرەیلی ١٩٢٣ ) بەڵام لەڕاستیدا وەکوو هەموو شەڕە نێوخۆییەکانی دیکەی

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

وڵاتانی دنیا ڕووداوی تاڵ و ماڵوێرانکەری لەگەڵ خۆیدا هێنا. شەڕی ناوخۆ لەنێوان لایەنگرانی پەیماننامەکە و بەرهەڵستکارانیدا قەوما. لەگەڵ دەسپێکردنی شەڕەکە (دی ڤالێرا) وازی لە پۆستەکەی (سەرۆک کۆماری ئێرلەندا) هێناو پشتیوانی لەبەرەی بەرهەڵستکارانی پەیماننامەکە کرد.

شەڕەکە بەسەرکەوتنی هەوادارانی پەیماننامەکە کۆتایی هات چونکە توانیان (دەوڵەتە سەربەخۆکەیان) بەشێوەیەکی فەرمی ڕابگەیەنن بەتایبەت دوای ئەوەی کەزۆربەی دەنگدەران دەنگیان بەبەرەی (شین فێین تیدیس) بەرەی هەواداری پەیمانامەکەدا و دواتیش ئەم بەرەیە ناوی (شێن فێین) لەسەر حزبەکەی خۆیان لاداو کردیان بە ( کومان نا نجییدییڵ) ودواتریش لەساڵی ١٩٣٣ ئەم ناوەشیان گۆڕی بە (پارتی فاین گێیڵ ) دوای ئەوەی لەگەڵ (پارتی ناوەندی) و (پارتی بلوشێرتس) یەکیان گرت.



مه کتەبی بیر و هۆشیاری

**سەرکردەکانی بزوتنەوەی شین فێین**

١- ئیدوارد مارتین (١٩٠٥ — ١٩٠٨).

٢- جۆن سویتمان ١٩٠٨.

٣- ئارثەر گریفیس (١٩٠٨— ١٩١٧).

٤- ئایمون دي ڤالیرا (١٩١٧— ١٩٢٦).

٥- جۆن جی ئۆکێلی (١٩٢٦ — ١٩٣١).

٦- براین ئاوهیجینس (١٩٣١— ١٩٣٣).

٧- فر. مایکل ئاوفلاناجان (١٩٣٣— ١٩٣٥).

٨- کاثال ئاومرتشادا (١٩٣٥— ١٩٣٧).

٩- مارگرێت بوکلی (١٩٣٧— ١٩٥٠).

١٠- پیئادرایگ ماک لۆگاین (١٩٥٠— ١٩٥٣).

١١- تۆماس ئاو دوبهفایڵ (١٩٥٣— ١٩٥٤).

١٢- پیئادرایگ ماک لۆگاین (١٩٥٤— ١٩٦٢).

١٣- تۆماس ماک جیۆلا (١٩٦٢— ١٩٧٠).

مەکتەبی بیروهۆشیاری



تۆماس ماک جیۆلا

*تێبینی یەکەم لەساڵی ١٩٧٠وە بزوتنەوەی شین فێین توشی دووکەرتبوون و جیابوونەوە هاتووە هەریەک لەو دوو باڵەی شین فێین پرۆپاگەندەی ئەوەدەکەن کەئەوان شین فێینی ئەسڵی و خاوەنی شەرعی بزووتنەوەکەن و هەریەک لەو باڵانەش بەشێوەیەکی سەربەخۆکاردەکەن و خاوەن سەرکردە و سەرکردایەتی و پێڕەو بەرنامەی تایبەتی خۆیانن.

*تێبینی دووەم شین فێین (گاردینەر پلەیس) گاردینەر پلەیس بارەگای هەرە سەرەکی و ڕەسمی شین فێین بووە هەربۆیە زۆرجار بەشین فێینی ڕەسمی ناودەبرێت چونکە دوای جیابوونەوەکە توانی دەست بەسەر بارەگا سەرەکیەکەی سەرکردایەتی بزووتنەوەکەدا بگرێت کە بە ( گاردینەر پڵەیس) ناسراوە . پارتی شین فێینی ڕەسمی دووبارە ناوی خۆی کردەوە بە (شین فێین) و دواتر بە پارتی کرێکاران بەر لەوەی پارتی کرێکارانی ئێرلەندی دابمەزرێت لەساڵی ١٩٨٢ .



مەکتەبی بیروهۆشیاری

* تێبینی سێیەم شین فێینی ( کێڤتن ستریت) ئەم باڵە بە شینی فینی شەقامی کێڤین یان بە (شین فێینی کاتی) ناسراوە. ئەگەرچی سەرەتا ئەم باڵە (پاشگری کاتی)یان خستە دوای ناوی خۆیان بەلام لەڕاستیدا ئەم باڵەلەئێستادا وەکوو (شین فێین) ناسراوە.

١٤- روایڕی ئاو بڕادایف ١٩٧٠- ١٩٨٣.



روایڕی ئاو بڕادایف

* تێبینی چوارەم لەساڵی ١٩٨٦ روایڕی ئاو بڕادایف لە بزوتنەوەکەی جیابۆوە و (پارتی شین فێینی کۆماری) دامەزراند.

١٥- جێری ئادەمس لەساڵی ١٩٨٦ هەتا ئەم ساتەوەختە سەرۆکی (شین فێین)ە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری




جێری ئادەم لەبەردەم

بارەگای سەرەکی شی فێین

## جێری ئادەمس کێیە؟

جێری ئادەمس یەکێک لەناسراوترین و دیارترین سەرکردە نەتەوەییەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانە سیاسیەکەی ئێرلەندای باکوورە. ئەو سەرکردەیەی بەپەیوەندی کردن بەڕیزەکانی سوپای کۆماری ئێرلەنداوە وەکوو جەنگاوەرێک هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسەت و دواجاریش وەکوو سەرکردەیەکی نەتەوەیی، لەڕێگەی دانوساندێکی ماوەدرێژەوە بەرگە سەربازیەکەی فرێدا و بە قات و چاکەتەوە، دەستی کرد بەبەشێکی دیکەی تەواو جیاواز لە مێژووی تێکۆشانی خۆی، کەئەویش هاتنە کۆڕی خەباتی مەدەنی و تێکۆشانی سیاسی و پلوراليزمی بوو.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری



جێری ئادەمس لە (٦) ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٨ لەنێو بنەماڵەیەکی سیاسی نەتەوەیی کۆماریخواز لەدایک بووە، (یەکێک لەو بنەماڵانەی باوەڕیان بەیەکیەتی نێوان هەردوو بەشەکەی ئێرلەندا وەکوو یەک کۆماری نیشتیمانی سەربەخۆ هەیە). هەروەکوو جێری ئادەمز خۆی دەیگێڕێتەوە، هێشتا هەرزەکار بووە کەلەساڵی ١٩٦٦ پەیوەندی کردووە بەسوپای کۆماری ئێرلەنداوە. لەنێو ئەو باڵەسەربازیەی شین فێین، جێری بەهەڵوێستە سیاسیە ئازاییەکانیەوە، هەمیشە جێگەی سەرنج و متمانەی هاوڕێکانی بووە. یەکێک بووە لەو لاوانەی کە بەهەوڵە دیارەکانی خۆی توانیویەتی خۆی پێبگەێنت و دواتریش وەکوو سیمبوڵی هەرەدیاری گەشەکردن و پێشکەوتنی سیاسەتی نەتەوەییە کۆماریخوازەکانی ئیرلەندا لەساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا دەربکەوێت و بناسرێتەوە.

لەڕاستیدا جێری ئادەمز هەر لەساڵی ١٩٧٩ وە وەکوو سەرکردەی بێهاوتای شین فێین ناوی دەرکردووە. یەکێکە لەچوار سەرکردە سەربازیە گەورە و ناسراوەکانی شین فێین ، ئەو پیاوەی لەنێو هەموو هاوکێشەکاندا فیگەرێکی ئەژمار بۆ کراو بووە، تەنانەت ئەو کاتانەی لەزینداندا بوو بۆ ماوەی یەک ساڵ لەساڵی ١٩٧١- ١٩٧٢، حکومەتی بریتانی ناچار بوو، بەفرۆکەیەکی تایبەت بۆ هۆڵی (دانوساندن)ەکانی بگوازێتەوە. لەنێو سیاسەتی شین فێین خاوەنی ستراتیژ و بیرکردنەوەی بەناوبانگی (ڕێگای دوالیزمیی)ە.چونکە جێری بەشێوەیەکی ئازایانە ڕایگەیاند کە دەبێت شین فێین لەسەر هەردوو باڵەکەی تێکۆشان درێژە بەخەبات بدات و بەدەنگی بەرز گوتی (تووندوتیژی بەتەنیا ناتوانێت چارەسەری کێشەکان بکات و داخوازیە سیاسیەکان دەستەبەر بکات، بۆ چارەسەری کێشەکان پێویستە پەنا بۆ خەباتی سیاسیش ببرێت).





تۆنی بلێر و جێری ئادەمس

جێری ئادەمز لەساڵی ١٩٨٣ هەڵبژێردراوە بۆ سەرۆکی شین فێین. یەکێک لەهەڵوێستە دیارەکانی کەخزمەتی زۆری بەگەشەپێدانی ئەزموونی سیاسی ئێرلەندیەکان، بەتایبەت بەبەشە باکوریەکە کرد، بریتی بوو لە جاردانی سەردەمی بەکۆتایی هێنانی بایکۆت کردنی (پارتی پارلەمانی ئێرلەندا) لەلایەن حزبەکەیەوە. لەسەر ئەم هەڵوێستە سیاسیانەی بۆ چەند جارێک لەلایەن هەوادارانی پارتەکەی و دەنگدەرانی ناوچەی هەڵبژاردنەکەیەوە بۆ ئەندامێتی پارلەمان هەڵبژێردراوە.

مەکتەبەی بیروهۆشیاری



کۆشکی سپی (بێڵ کلێنتن) لە پێشوازی (جێری ئادەمس) و ( جۆن هیوم) و (دەیڤد تریمبڵ)دا

لەسەر دەستی ئەو چەند جارێک شین فێین و لایەنەناکۆکەکانی پەیوەست بەکێشەی ئێرلەنداوە کەوتوونەتە گفتوگۆ و دانوساندنی ئاشتیانەوە، هەرئەوەندەش نا، بەڵکو بەسەرۆکایەتی ئەو شین فێین بوو بەیەک لە ئەندامە کاراکانی بەدیهێنانی ئاشتی یەکجارەکی لە هەرێمی ئێرلەندای باکوردا لە (١٠) ی ئیپرەیلی ساڵی ١٩٩٨ کە بە ڕۆژی (هەینی مەزن) (گوود فرایدەی) ناسراوە.



مەکتەبەی بیروهۆشیاری

## سێیەم: پارتی یەکێتی ئەڵستەر (یو.یو.پی)

پارتی یەکێتی ئەڵستەر هەروەکوو چۆن بە پارتی یەکێتی ڕەسمی یان بەکورتکراوەی (یو.یو.پی) یان لە هەستە مێژووییەکەوە بەشێوە سادەکەی بە پارتی (یەکێتی)ش ناسراوە. ئەم پارتە کەلەئێستادا لەلایەن (سێر ڕێگ ئێمپێی) سەرکردایەتی دەکرێت یەکێکە لەپارتە سەرەکیە یەکێتیخوازەکانی ئێرلەندای باکورە و لەڕاستیشدا وەکوو میانڕەوترین پارتی سەرەکی یەکێتیخوازی هەرێمەکە دەناسرێتەوە. (یو.یو.پی) یەکێک لەپارتە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی یونیەنیزم ئەژمار دەکرێت هەتا جیابوونەوەی (ئینشیقاق) (سپڵیت) ی سەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیستەمی نێو خودی بزووتنەوەکە، ئەوکاتەی (پارتی یەکێتی پڕۆتستانت) توانی ڕکابەری بکات و بەشێوەیەکی بەرفراوانتر پشتیوانی جەماوەری هەرێمەکە بەتایبەت هەوادارانی بزووتنەوەی یونیەنیزم بۆخۆی دەستەبەر بکات و لەڕیزبەندیەکەدا جێگەی (یو.یو.پی) بگرێتەوە.

پارتی یەکێتی ئەڵستەر بۆماوەیەکی مێژوویی تاڕادەیەک دووردرێژ فەرمانڕەوایی هەرێمەکەی کردووە جونکە (یو.یو.پی) جگەلەوەی کە ماوەیەکی مێژووی دووردرێژ پارتی تاقانەی بێ ڕکابەری بەرەی یونیەنیزم بووە، لەهەمانکاتدا لەنێوانی ساڵانی (١٩٢١ – ١٩٧٢) فەرمانڕەوایی هەرێمی ئێرلەندای باکوری لەمشتدا بووە و لەلایەن تەواوی دەنگدەرانی بەرەی

یونیەنیزم لەسەرانسەری هەرێمەکە، لەو ماوە مێژووییەدا کەبەماوەیەکی مێژوویی پڕ تەنگوچەڵەمە دانراوە دەنگی پێدراوە.

لەڕاستیدا گەورەترین شکستی سیاسی (یو.یو.پی) لەبەرامبەر (دی.یو.پی) بوو ، چونکە ئەوپارتە توانی سەرنجی کۆمەڵگای پرۆتستانت و بزووتنەوەی یونیەنیزم زیاتر بەلای خۆیدا رابکێشێت و لە سەر هەموو ئاستەکانی سیاسی و حکومی و ئیداری پێگەی خۆی، بەشێوەیەکی مکۆم دابنێت و جێگەکە، بە (یو.یو.پی) بەتەواوەتی لەق بکات، هەر لەساڵی ١٩٩٩ وە هەتا رۆژگاری ئیمڕۆ. لەوانەیە سادەترین ئاماژەی دابەزینی ئاستی جەماوەری (یو.یو.پی) بتوانرێت لەوەدا بەرجەستە بکرێت کەسەرۆکی ئەو پارتە (سێر رێگ ئێمپێی) لەنێو سەرکردەکانی هەرچوار پارتە گەورەکەی هەرێمەکە تاکە سەرکردەیەک بوو نەیتوانی لەهەڵبژاردنی گشتی مانگی (مارچ)ی ساڵی ٢٠٠٧ متمانەی دەنگدەرانی ناوچەی هەڵبژاردنەکەی خۆی بەدەست بهێنێت و لەیەکەم خولی هەڵبژاردندا بەدەنگی یەکەمی زۆرینە دووبارە هەڵببژێردرێتەوە.

لەڕووی مێژووییەوە دامەزراندنی (یو.یو.پی) بۆ ساڵی ١٩٠٥ دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی کە ( دامەزراوەی ئەنجومەنی یەکێتی ئەڵستەر) بەشێوەیەکی چالاک لە جموجۆڵی خۆیدا بوو، وەکوو دامەزراوەیەکی بەهێزی یونیەنیزم لە ناوچەی ئەڵستەر. ئەگەرچی بەر لە (یو.یو.پی) پارتێکی دیکەی یەکیەتیخوازی رێکخراو لەسەدەی نۆزدەدا دروست ببوو، بەڵام لەڕاسیدا ئەو پارتە نەیتوانیبوو لەچەشنی (یو.یو.پی) پشتیوانی سەرجەم یەکێتیخوازەکانی ناوچەی ئەڵستەر بۆخۆی مسۆگەر بکات.

لەڕاستیدا بزووتنەوەی مۆدێرن و ئۆرگانیزەکراوی یونیەنیزم ئەو کاتە هاتە ئاراوە کە (ویلیەم گلادستۆن) بۆ جاری سێیەم ( یاسای ئۆتۆنۆمی) بۆ



هەرێمەکە وەکوو کاردانەوەیەک لەبەرامبەر داخوازیەکانی (پارتی پارلەمانی ئێرلەندا)ی لەساڵی ١٨٨٦دانا، ئەو سەردەمەی کە (پارتی یەکێتیخوازی ئایریش)ی لەهاوپەیمانیەتیەکی پتەودابوو لەگەڵ (پارتی پارێزگاران) و ( پارتی لیبراڵی یەکیەتیخواز) کەدواتر لیبراڵەکان توشی (جیابوونەوە، ئینشیقاق) هاتن لەسەر هەبوونی ناکۆکی لەسەر یاسای ئۆتۆنۆمی و دواتر ئەو حزبە ئەو ناوەی ئێستای (پارتی پارێزگارانی یەکێتیخواز) وەرگرت، ئەو پارتەی کە (یو.یو.پی) پەیوەندیەکی رەسمی تاڕادەیەکی زۆری لەگەڵدا هەبوو هەتا ساڵی ١٩٨٥. پارتی یەکیەتی ئەڵستەر، خاوەنی کۆمەڵەیەکی بەهێز بوو، بەناوی ( داخوازیکارانی پرتەقاڵی) کەدامەزراوەیەکی ئاینی پرۆتستانتی بوو ، لەڕاستیدا ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵەیە لەسەدا پەنجای ئەندامانی (ئەنجومەنی یەکێتیخوازەکانی ئەڵستەر) ی پێکدەهێنا و پشتیوانیەکی بەرچاوی لێدەکرا لەلایەن یەکێتیخوازەکانەوە بەتایبەت کەهەڵکەوتە جوگرافیەکەی ئەو کۆمەڵەیەش ئێرلەندای باکوور بوو. چونکە لەڕاستیدا بزووتنەوەی یونیەنیزم لەبەشە باشورریەکە لە دۆخێکی نالەبار و تاڵدا بوو و هەوادارانی ئێجگار کەم بوون، لەبەرئەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و سەربەخۆخوازی کۆماریەکان بەشەکانی ناوەڕاست و باشوری بەتەواوەتی تەنی بوو،ئەگەرچی لە (کۆرک) و (دبلن) یونیەنیزم، هێشتا بزووتنەوەیەکی کاریگەر بوو. لەگەڵ ئەمەشدا تەواوی سەرکردەکانی یونیەنیزم و پارتە سیاسیە یەکێتیخوازەکان لەدەرەوەی شەش هەرێمەکەی ئەڵستەرەوە هاتوون و سەرکردایەتی بزووتنەوەی یونیەنیزمیان کردووە لەچەشنی سەرکردە ناسراوەکانی وەکوو (کۆلۆنێل ساوندەرسن) کەخەڵکی (ناوچەی میدڵتن ) و ( سێر ئیدوارد کارسن) کەئەمیش لەدایکبووی شاری (دبلن)ە .

پارتی یەکێتی ئەڵستەر توشی دووبەرەکی لەبەریەکترازان و جیابوونەوە هات، بەتایبەت دوای ئەوەی کەپاش مشومڕێکی زۆر لەنێوان ئەندامەکانیدا نەیانتوانی بگەنە ڕێکەوتن و لەیەکتری گەیشتنێک سەبارەت بە یاسای ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٢٠ کە سەرەنجام ئێرلەندای بەشێوەیەکی فەڕمی کرد بەدوو بەشەوە.

دوای ئەم مێژووە ئیدی بەشێک لەئەندامە ناسراوەکانی ئەو پارتە بەتایبەت لەبەشە باشوریەکەی وڵات، خۆیان تەرخان کرد بۆ کاری پارلەمانی و وەرگرتنی پۆستی حکومی لە پارلەمان و حکومەتی بەشە باشوریەکە و بەشێکی دیکەش لە ئەندامانی ئەو پارتە پەیوەندیان کرد بەپارتەکانی دیکەوەوە و بەشەکەی دیکەشیان بەتایبەت ئەندامە ناسراوەکانی ئەو پارتە لەبەشە باکوریەکە چوونە پاڵ بەشە پێشوتر جیابوەوەکەی ئەو پارتەوە کە بەناوی پارتی یەکێتی ئەڵستەر مابوونەوە.



ئێدوارد کارسن



لەساڵی ( ١٩١٠) وە سەرکردایەتی (یو.یو.پی) بۆماوەی ١١ ساڵ کەوتە دەست (ئێدوارد کارسن)ەوە. کارسن لەماوەی ئەو یازدە ساڵەی سەرکردایەتی خۆیدا بەتوندی دژی یاسای ئۆتۆنۆمی و دابەشکردنی ئێرلەندا خەباتی کرد، کارسن هەر لەسەرەتاوە سەرکردایەتی کەمپەینیکی بەردەوامی کرد دژی بیرۆکەی دابەشکردنی وڵات تەنانەت لەو کەمپەینەدا کارسن دژی دروستکردنی ئەو ناوچە خۆبەخش دروستکراوەی کە لەشەش هەرێمەکەی ئەڵسەر دروست کرابوو لەساڵی ١٩١٢ بوەوە. لەوماوەیەدا کەبەماوەی ڕەخنەگرتن لەیاسای ئۆتۆنۆمی و دابەشکردن ناوزەد کراوە (ئێدوارد کارسن) لە ئەندام پارلەمانی بەنوێنەرایەتی ناوچەی (زانکۆی دبلن) بۆ نوێنەرایەتی ناوچەی (بێڵفاست دنکێیرن) جوڵا. سیاسەتی کارسن لەبەرامبەر سیاسەتی دابەشکردن و یاسای ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٢٠ تادەهات توندتر دەبوو کەسەرەنجامەکەی بەوە کۆتایی هات کە کارسن فرسەتی بوون بەسەرۆک وەزیرانی ناوچە ئۆتۆنۆمیەکەی ئێرلەندای باکوری لە کیس چوو، لەکاتێکدا کە کاندیدکراوی هەرەبەهێز بوو بۆ ئەو پۆستە، هەرئەوەشنا، بەڵکو توندڕەویەکەی کارسن لەومەسەلەیەدا بەڕادەیەک بوو کەڕازی نەبوو ببێتە ئەندامی پارلەمان جونکە بەتوندی ڕەتی کردەوە کە وەکوو ئەندام پارلەمان لەپارلەمانی هەرێمەکە دابنیشێت.



سێر جەیمس کرەیگ

هەربۆیە لەدوای ئەم مێژووەوە ئیدی سەرکردایەتی (یو.یو.پی ) و تەواوی ئیدارەی هەرێمی ئێرلەندای باکوریش کەوتە ژێر ڕکێفی سەرکردایەتی (سێر جەیمس کرەیگ).

سێر جەیمس کرەیگ، سەرۆکایەتی (یو.یو.پی) و حکومەتی هەرێمی ئێرلەندای باکوری کرد هەتا ساتەوەختی مردنی لەساڵی ١٩٤٠ . لەدوای مردنی (جیم ئێم ئەندریۆس) شوێنەکەی ئەوی هەم لەنێو حزبەکە و هەم لە سەرۆکایەتی کردنی حکومەت گرتەوە. حکومەتەکەی (جیم ئێم ئەندریۆس) هەر لەسەتای دامەزراندنیەوەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بووەوە بەهۆی دامەزراندنی ئەو ئیدارییە بەتەمەنانەی کە پێشوتر لەکابینەکەی جەیمس کرەیگ وەکوو وەزیر دامەزرابوون لەنێو کابینەکەیدا، ئەمە وێڕای ئەوەی (ئەندریۆس) و حکومەتەکەی توشی گازندەی ئەوەبوونەوە کەلەکارەساتی (بلێتز[7] حکومەتەکەی بەقەد ئەوەندەی پارێزگاریان لەپەیکەری (کارسن)

[7] بلێتز ئەو ڕووداوە ناخۆشەبوو کە لەشەوی سێشەممە کەلەهەمانکاتدا شەوی (ئیستەر)یش بوو لەڕێکەوتی ١٥ ئێپڕەیلی ساڵی ١٩٤١ ڕوویدا، ئەوشەوەی هێزە ئاسمانیەکانی ئەڵمانیا ناسراو بە (لوفتواڤە)لەگەرمەی جەنگی جیهانی دووەمدا (٢٠٠)



کرد لەو ڕووداوەدا ئەوەندە بەتەنگ پاراستنی گیانی خەڵکی سڤیلی (بێڵفاست)ەوە نەبوون.

لەژێر گوشارەکانی خەڵک و گروپێکی ناڕازی بەناوی ( شۆڕشی کۆمەڵەی ئەندام پارلەمانانی بێ وەزارەت) حکومەتەکەی (ئەندریۆس) ناچاربوو لەساڵی ١٨٤٣ وازهێنانی خۆی ڕابگەیەنێت و دوای وازهێنانیشی لەلایەن (سێر باسیل بڕۆک) هەتا ساڵی ١٩٤٦ وەکوو سەرۆکی حزب دەستبەکاربوو.



سێر باسیل بڕۆک
(١٨٨٨/٦/٩)- (١٩٧٣/٨/١٨)

سەرەڕای ئەوەی کە (بڕۆک) لای وابوو بۆماوەیەکی دوورودرێژ دەتوانێت فەرمانڕەوایەتی هەرێمەکە بکات، بەڵام لەڕاستیدا تەمەنی فەرمانڕەوایی ئەو، تەنها یەک ساڵ درێژتر بوو لەتەمەنی فەرمانڕەوایەتی (کرەیگ)، بەتایبەت

بۆمبیان بەسەر خەڵکی مەدەنی شاری بێڵفاستدا باراند، لەوهێرشەدا زیاتر لە (١٠٠٠) کەس بوونە قوربانی و زۆرتر لەو ژمارەیەش بریندار بوون و زیاتر لەنیوەی خانووەمانی ئەو شارە لەگەڵ زەویدا تەخت بوون و نزیکەی (١٠٠٠٠٠) کەس ئاوارە و سەرگەردان و بێ ماڵ وحاڵ بوون لەکۆی (٤٥٠٠٠٠) هاوڵاتی ئەو شارە.

کەلەو ماوەیەدا و بۆ چەندجارێکی لەسەریەک لەکۆبوونەوە کۆمەڵایەتیە بەرفراوانەکانی (دامەزراوەی پرتەقاڵی) بەناوبانگەوە، داوی ڕوونکردنەوەی لێدەکرا، سەبارەت بە ئەجندا و بەرنامە و پلان و سیاسەتەکانی حکومەتەکەی بەتایبەت دوای دەرکردنی یاسای (پێدانی بیمەی کۆمەڵایەتی بەمامۆستایانی ئەو قوتابخانانەی کە لەسەر پەروەردە و فێرکردنی (کاثۆلیکی مابوونەوە). لەساڵی ١٩٥٣ (ئیەن پێیزڵی) بانگەوازی وازهێنانی (برۆک) ی کرد هەم لەسەرۆکایەتی حزب و هەم لەسەرۆکایەتی حکومەت بەتایبەت دوای ئەوەی کە (برۆک) ڕەتی کردەوە کە هەردوو سیاسەتمەدار (براین ناجینیس) و ( سێر کلارێنس گراهم) لەکابینەکەی دەربکات، دوای ئەوەی ئەو وەزیرە بانگەوازی بوون بەئەندامی (کاثۆلیک) مەزهەبەکانیان کرد لەنێو (یو.یو.پی).
لەساڵی ١٩٦٣ (برۆک) لەلایەن (تێرێنس ئۆ نیێڵ) شوێنی گیرایەوە کەبوو بەچوارەمین سەرۆک وەزیران لەمێژووی ئێرلەندای باکور)دا و لە (١٩٦٣/٣/٢٥)- (١٩٦٩/٥/١) لەدەسەڵاتدا بوو وەکوو سەرۆک وەزیران.



تێرێنس ئۆ نیێڵ
(١٩١٤-١٩٩٠)

لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمدا (تێرێنس ئۆ نیێڵ) هاوڕابوو لەگەڵ ئەو بزووتنەوە مەدەنیەی کەداوی دەستەبەرکردنی (مافە



مەدەنیەکان)ی دەکرد بەتایبەت کەئەو بزووتنەوەیە بەشێوەیەکی بەرتەسک لەهەندێ قوژبنی هەرێمەکەدا لەجموجۆڵدابوون، هەربۆیە (تێرێنس ئۆ نیێڵ) هانی (شا مارتین لوثەر )یدا بۆ دەرکردنی هەندێک ڕیفۆرم و چاکسازی و هەوڵدان بۆ هەڵگرتنی زوڵم و زۆر لەسەر (کاثۆلیک) مەزهەبەکانی هەرێمەکە و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی پاکتاوی ڕەگەزی لەدژیان. ئەگەرچی لەو مێژووەدا سەرەتاکانی بەیەکدا هەڵپڕژان و ڕووبەڕوو بوونەوە لەنێوان (یەکێتیخوازەکان) و سوپای کاتی ئێرلەندای باکور سەری هەڵدا کەترسی سەرهەڵدان بەرپابوونی شەڕی ئەهلی لەهەرێمەکەدا بەدیارخستبوو کەمایەی نیگەرانی خەڵکی هەرێمەکە بوو. ئەم ناکۆکی دووبەرەکی و توندو تیژیە بەدرێژایی شەستەکانی سەدەی بیستەم باڵی بەسەر هەرێمەکەدا کێشا و دواجار حکومەتەکەی (تێرێنس ئۆ نیێڵ) ناچاری ئەنجامدانی چەند ڕیفۆرم و چاکسازیەک بوو کە بەهۆیانەوە (یەکێتیخوازەکانی ئەڵستەر) توشی دووبەرەکی و دابەشبونێکی ترسناک هاتن.

له هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٦٩ ئەندامانی (یو.یو.پی) بەسەر سێ بەرەدا دابەشبوون، بەرەی پشتیوانی لە سیاسەت و ڕیفۆرمەکانی (تێرێنس ئۆ نیێڵ) و بەرەی دژی سیاسەکانی (تێرێنس ئۆ نیێڵ) و بەرەی سەربەخۆ و هەریەکیک لەم بەرانەش پشتیوانی لەکاندیداکانی بەرەکەی خۆی دەکرد کە ئەمەش چانسی سەرکەوتنی (ئیەن پێیزڵی) سەرکردەی پارتی یەکێتیخوازی پڕۆتستانتی (پی.یو.پی) زیاتر کرد، تا دواجار توانی شکست بە (یو.یو.پێ) بەسەرۆکایەتی (تێرێنس ئۆ نیێڵ) بهێنێت، ئەو شکستەی کەسەرەنجامەکەی بەوازهینانی (تێرێنس ئۆ نیێڵ) لەسەرۆکایەتی پارتەکەی کۆتایی هات.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



چیچێستەر کلارک

لەهەڵبژاردنی سەرکردایەتیدا (چیچێستەر کلارک) توانی بەسەر (تێرێنس ئۆ نیل) سەربکەوێت و ئەو پرۆژە ریفۆرمیانەش کەنیازی بوو بەئاکامیان بگەیەنێت بەشێوەیەکی خێرا بەئاکامی گەیاندن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خۆپیشاندان و مانگرتنە مەدەنیەکان بەردەوان بوون و دۆخەکە زیاتر بەرەو ئاڵۆزبوون و بارگرژی دەرۆیشت، بەتایبەت کاتێک لەمانگی (ئۆگێست)ی ساڵی ١٩٦٩ (کۆماریخوازەکان) لەگەڵ گروپێکی (یەکێتیخوازەکان) بەناوی (ئەپرێنتیس بۆیس) لەشاری (دێری) بەیەکدا هەڵپڕژان. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧١ (چیچێستەر کلارک) لەبەیانیەکی زوودا بەفرۆکەیەکی تایبەت بەرەو لەندەن فری، بۆ دواکردنی کۆمەکی سەربازی دوای ئەوەی (٣) کەس لەیاریدەدەرە سەربازیەکانی بەدەستی (سوپای کۆماری ئێرلەندا) کوژران ،سەرەڕای ئەوەش کە (کلارک) لەترس و دڵەڕاوکێدا دەژیا و پەناشی بۆ حکومەتی لەندەن بردوو بۆ کۆمەک و پشتیوانی سەربازی کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕازی نەبوو واز لەپۆستەکەی بهێنێت ئەگەرچی دواتر لەلایەن (براین فۆڵکنەر) جێگەی گیرایەوە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



دیمەنێک لە
یەکشەمەی خوێناوی

ئەگەرچی حکومەتی (براین فۆڵکنەر) لە ساڵانی ١٩٧١- ١٩٧٤ هەوڵی زۆر خستەگەڕ بۆئەوەی بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بێت و باری ئارامی بۆ هەرێمەکە بگێڕێتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بەتایبەت دوای ڕووداوی (یەکشەمەی خوێناوی[8]) کە دواتر کار گەیشتە ئەوەی حکومەتی بریتانی جاڕی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و پارلەمانی لۆکاڵی هەرێمەکە ڕابگەیەنێت.

[8] یەکشەمەی خوێناوی ئەورۆژەی کە هێزی بەتالیۆنی یەکەمی پەڕەشوتی بریتانیا کەوتنە گیانی خەڵکی سڤیلی شاری (دێری) و قەسابخانەیەکیان تیادا خوڵقاند و دواتر بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پارلەمان حکومەتی هەرێمی ئێرلەندای باکوور لەلایەن حکومەتی بریتانیاوە، ئەو ڕۆژە لەمێژووی هەرێمەکەدا بە (یەکشەمەی خوێناوی) ناونراوە.




یەکشەمەی خوێناوی

## (یو.یو.پی لەنێوان ساڵانی ١٩٧٢ -١٩٩٥ )

لە (جون)ی ١٩٧٣ یەکێتیخوازەکان بەسەرۆکایەتی (یو.یو.پی) زۆربەی کورسیەکانی پارلەمانی هەرێمەکەیان بردەوە، بەڵام سەرەڕای ئەو بردنەوەیەی کەبەدەستیان هێنا، سەرکردەکانی ئەم پارتە لەسەر بیروڕای جیاوازیان و لەسەر سیاسەتی پارتەکەیان ،بوون بەدوو بەشەوە، ئەگەرچی لەدوای ڕێکەوتنی (سننديجێیڵ) توانرا (ئیدارەیەکی هاوبەش) بەسەرۆکایەتی



سەرکردەی (یو.یو.پی) پێکبهێنرێت بەڵام دیسان ئەم مەسەلەیە بەتەواوی کێشە زۆرەکانی نێوخۆی ئەو پارتەی تەقاندەوە هەربۆیە لەهەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٧٣ دا ئەم پارتە خۆی بەدوو پارچەیی بینیەوە. ئەم دوو پارچەبوونەش بەشێوەیەکی فەرمی کۆتایی پێنەهات لەنێوان هەردوو باڵەکەدا هەتا ئەو کاتەی لە (جەنیوەری) ساڵی ١٩٧٤بەسەرکەوتنی باڵی دژی ڕێکەوتنی (سننديجێیڵ) کۆتایی هات بەسەر باڵەکەی دیکەدا بەسەرۆکایەتی (بڕاین فۆڵکنەر) دوای ئەم ژێرکەوتنەش (فۆڵکنەر) پارتێکی دیکەی تازەی دامەزراند بەناوی (پارتی یەکێتیخوازی ئێرلەندای باکور). هەرچی (یو.یو.پی)ش بوو لەو کاتەوە واتە لەساڵی ١٩٧٤ هەتا ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن ( هاری وێست)ەوە سەرکردایەتی کرا.


هاری وێست

لەهەڵبژاردنی فێبریوەری ساڵی ١٩٧٤ (یو.یو.پی) چووە نێو ( هاوپەیمانی یەکیەتیخوازی ئەڵستەری یەکگرتوو) (یو.یو.یو.سی) لەگەڵ (پارتی پێشەنگی یەکێتیخوازە دیموکراتەکان) کەئەنجامەکەی بەسەرکەوتنێکی گەورە کۆتایی هات کاتێک ئەو هاوپەیمانێتییە توانی لەکۆی (١٢) کورسی نوێنەرایەتی پارلەمانی هەرێمەکە (١١) کورسی

بباتەوە.بەمەش دەنگی نەیاری ڕێکەوتنی (سنندیجێیڵ) لەنێو پارلەمان و حکومەتی هەرێمی ئێرلەندای باکور زیاتر بوو چونکە لەڕاستیدا ئەم هاوپەیمانێتیە بەنزیکەی (لەسەدا پەنجای) ڕای گشتی خەڵکی هەرێمەکە سەرکەوتنیان بەدەستهێنابوو. سەرکەوتنی ئەم هاوپەیمانێتیە گورزێکی کەمەرشکێن بوو بۆ بەڕێوەبەرایەتی نێوخۆیی هەرێمەکە چونکە دواتر وای کرد ئەو دەسەڵاتە هەرێمیەی هەرێمەکە بۆ جارێکی دیکە هەڵبوەشێتەوە.

لەساڵی ١٩٧٤ (یو.یو.پی) چووە پاڵ (یەکێتی نیشتیمانی یەکێتیەکانی پارێزگاران و یەکێتیخوازەکان)ەوە بەمەش وەکوو ڕەچاوکردنی نەریتێکی سیاسی و پارلەمانی، ئەندام پارلەمانەکانی (یو.یو.پی) لە (وێستمینیستەر) بەتەنیشت ئەندامانی فراکسیۆنی (پارێزگاران)ەوە دادەنیشتن. لەم ماوەیەدا ئەگەرچی ئەو پارتە بەحساب پارتێکی سیاسی سەربەخۆ بوو بەڵام لەڕاستیدا ئەم پارتە هەروەکوو (لق)ێکی پارتی پارێزگاران وابوو کەبارەگاکەی لەئێرلەندای باکور بێت. ئەوەی کەنێوانی ئەو دووپارتەی تێکدا مەسەلەی هەڵوێستی (یو.یو.پی) بوو سەبارەت بەڕێکەوتنی (سنندیجێیڵ) کەدواتر وای کرد وەکوو نیشاندانی ناڕەزایەتیەک سەبارەت بەسیاسەتی (پارتی پارێزگاران) کەپشتیوانی کردنی ڕێکەوتنەکە بوو (یو.یو.پی) لەو هاوپەیمانێتیە بکشێتەوە کەلەگەڵ پارتی پارێزگاراندا هەیبوو ، بەتایبەت لەنێو پارلەمانی بریتانیادا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پارتە هەر لەنێو (یەکیەتی نیشتیمانی یەکێتیەکانی پارێزگاران و یەکێتیخوازەکان)ەوە مایەوە هەتا ئەو کاتەی لەساڵی ١٩٨٥ بەیەکجاری لەنێو ئەویش هاتەدەرەوە وەکوو ناڕەزایەتیەک دژی ڕێکەوتنی (ئەنگلۆ- ئایریشی) لەو ساتەشەوە ئیدی پارتی پارێزگاران بەشێوەیەکی جیاواز لە (یو.یو.پی) کەوتە



خۆڕێکخستن لەنێو هەرێمەکەدا و لەهەندێ ناوچەش بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ و بچوک توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەهەڵبژاردنەکاندا.



ئێنۆخ پاوڵ

لەژێر سەرکردایەتی (وێست)دا (یو.یو.پی) توانی سیاسەتمەداری ناسراو (ئێنۆخ پاوڵ) بهێنێتە نێو ڕیزەکانیدا کە ئەوکاتە ئەندام پارلەمان بوو بەنوێنەرایەتی ناوچەی (باشوری داون). ئێنۆخ پاوڵ بانگەوازی سیاسەتی (تەواوکاری) دەکرد ئەو ڕای وابوو کەدەبێت ئێرلەندای باکور بەشێکی کاریگەر بێت لە دەوڵەت و نیشتیمانی بریتانیای گەورە. ئەم سیاسەتە هەردوو بەرە یەکێتیخوازەکەی (یەکێتیخوازی ئەلستەر) و ( بزووتنەوەی یەکێتیخوازی بەرفراوان)ی دابەشکرد، هەروەکوو چۆن ئەم بیرۆکەیەی پاوڵ دژایەتی بیرۆکەی ئەوانەشی دەکرد کەپێیان وابوو پێویستە جارێکی دیکە شێوازی فەرمانڕەوایی پێشوتر ببوژێنرێتەوە و دەسەڵات بۆ پارێزگارەکان و حکومەتی لۆکەڵی شارەکان بگەڕێنرێتەوە لەپارێزگاکاندا .

مەكتەبی بیروهۆشیاری



جەیمس مۆڵنیاكس

لەم ماوەیەدا بەهۆی دابەشبوونی (پارتی پێشەنگ)ەوە جاریكی دیكە چانسی بەهێز بوونەوە و هەستانەوەی (یو.یو.پی) هاتەوە پێش چونكە بەشێكی گەورە لە جیابوەوەكان گەڕانەوە ناوی. لەهەمان كاتدا بەشە جیابوەوەكە (یو.یو.پی) كەبەناوی (پارتی یەكێتی ئەڵستەری یەكگرتوو (یو.یو.یو.پی) لەگەڵ بەشەكەی دیكەی (پارتی پێشەنگ) یەكیان گرت، ئەگەرچی بەشێك لەو گروپەی پارتی پێشەنگ دواتر پارتێكی تازەیان لەسەرەتای هەشتاكانی سەدەی بیستەم بەناوی (یو.پی.ئێن.ئای) ڕاگەیاند. بەهەرحاڵ لەم هەموو گۆڕانكاری و جیابوونەوانەی ڕوویاندا دواجار سودمەندی یەكەم هەر (یو.یو.پی) بوو بەسەرۆكایەتی سەرۆكێكی تازە كە ئەویش (جەیمس مۆڵنیاكس) بوو، ئەو سیاسیەی كەهەر لەساڵی ١٩٧٩ هەتا ساڵی ١٩٩٥ لەسەرۆكایەتی كردنی (یو.یو.پی) دا مایەوە.



مەكتەبی بیروهۆشیاری

## پارتی یەكێتی ئەڵستەر لەژێر سەركردایەتی (تڕیمبڵ)دا

دەیڤد تڕیمبڵ، یەكێك لەناسراوترین سەركردە هاوچەرخەكانی كۆتاییەكانی سەدەی ڕابردوو و سەرەتاكانی نیوەی دەیەی یەكەمی ئەم سەدەیەی ئێرلەندای باكوورە. ئەم سیاسیە ناسراوە لەساڵی ١٩٩٥ بۆ ساڵی ٢٠٠٥ سەركردایەتی (یو.یو.پی) گرتۆتە دەست. بەیەكێك لەئەندازیارانی ڕێكەوتنی مێژوویی (بێلفاست) دادەنرێت. لەسەردەستی ئەو، ئەم ڕێكەوتنە بەئاكام گەیشت. ئەگەرچی بەهۆی هەبوونی ڕوانینی جیاواز لەسەر خودی ڕێكەوتنەكە پارتەكە بەسەر دوو تەكەتولی لەیەكدی جیاوازدا دابەش بوو، كەیەكێكیان پشتیوانی لە تڕیمبیل و بەئاكام گەیاندن و واژۆكردنی ڕێكەوتننامەكە دەكرد و ئەوی دیكەشیان دژی ڕێكەوتنەكە و بەئاكام گەیاندن و واژۆكردنی بوون. بەڵام سەرەڕای ئەو ناكۆكی و دووبەرەكیەش، سەرۆك تڕیمبڵ ئازایانە هەتا بەئاكام گەیاندنی ڕێكەوتنەكە بەسەختی تێكۆشا لەپیناوی بەئاكام گەیاندنی ئاشتی و سەقامگیری یەكجارەكی لەئێرلەندای باكور و كۆتایی هێنان بەمێژوویەك لە توندوتیژی و شەڕ و كوشتار و تیرۆر لەهەرێمەكە و بریتانیاشدا. هەرئەوەندەشنا، بەڵكو دەیڤد تڕیمبڵ توانی (پۆستی وەزیری یەكەم ) لە ئیدارەیەكی هاوبەشی دوای ڕێكەوتنەكە وەربگرێت و ببێتە یەكەمین سەركردەی سیاسی ئەو هەرێمە كە سەرۆكایەتی بەهێزترین ئیدارەی هاوبەش بكات كەكۆی لایەنە سیاسیە بەهێزەكانی سەرگۆڕەپانەكە لەهەردوو بەرەی (یونیەنیزم و نەشنەلیزم)و نوینەرایەتی هەموو پارتە سیاسیەكان و پەیڕەوانی هەردوو باوەڕە ئاینیە بەربڵاوەكەی هەرێمەكە، (پرۆتستانت و كاثۆلیك)ی بەیەكەوە گرد كردبۆوە.

لەسەردەمی تڕیمبڵدا (یو.یو.پی) هەوڵی بچوكردنەوە یان كزكردنی گیانی تایفەگەری و ئاینی دەدا. لەم پیناوەشدا ئەم پارتە وەكوو پارتێكی

مەکتەبی بیروهوشیاری

(پڕۆتستانت مەزهەب) دەرگای خۆی بۆ (ڕۆمان کاثۆلیک مەزهەب)ەکانی هەرێمەکە کردەوە و تەنانەت هەندێک لەو ئەندامانە توانیان ببن بە ئەندامی (ئەنجومەنی یاسادانانی ئێرلەندای باکور) وەکوو ( سێر جۆن گۆرمان) کەهەتا ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر لیستی حزبەکەی ترِیمبڵ ئەندامی پارلەمان بوو.



ماری ماک ئەلیسیس
سەرۆکی ئێرلەندا

لە مارچی ٢٠٠٥ ئەندامانی (داخوازیکارانی پرتەقاڵی) دەنگیاندا، بۆ ئەوەی پەیوەندی (لینک)ی خۆیان بە (یو.یو.پی) بەکۆتایی بهێنن. ترِیمبڵ نەچووە ژێر داخوازی (داخوازیکارانی پرتەقاڵی) کەداوایان دەکرد بەشداری نەکات لە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی تەرمی (منداڵێکی ڕۆمان کاثۆلیک مەزهەب) کەبەدەستی (سوپای راستەقینەی ئێرلەندی) لەڕوداوی بۆمبابارانی (ئۆماف)ی قێزەوندا کوژرابوو. بەڵام ترِیمبڵ نەک هەر بەشداری لە ڕێوڕەسمی ناشتنی ئەو منداڵەدا کرد، بەڵکوو لەکاتی ڕێوڕەسمەکەشدا شان بەشانی (ماری ماک ئەلیسیس) ی سەرۆکی ئایریشی، وەکوو هێمایەک بۆ یەکێتی و یەکبوون، بەدووقۆڵی چوونە نێو کەنیسەوە.



مەکتەبی بیروهوشیاری



سێر ڕێگ ئێمپێی

لەهەڵبژاردنی گشتی ساڵی ٢٠٠٥ (یو.یو.پی) لەسەردەستی (ترِیمبڵ) توشی شکستێکی مەزن هات، چونکە لەکۆی (شەش) کورسی لە (وێستمینیستەر) (پێنج) کورسی لەدەستدا، تەنانەت، ترِیمبڵ، کەسەرۆکی پارتەکە بوو، نەیتوانی لەناوچەی هەڵبژاردنەکەی خۆی، کورسیەکەی خۆی بباتەوە. دوای ئەم شکستە گەورەیە (دەیڤد ترِیمبڵ) دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لەسەرۆکایەتی کردنی (یو.یو.پی) ڕاگەیاند و لەهەڵبژاردنێکی سەرکردایەتی ئەو پارتەدا (سێر ڕێگ ئێمپێی) توانی سەرۆکایەتی کردنی پارتەکە بباتەوە.

لەمانگی (مەی) ٢٠٠٦ (سێر ڕێگ ئێمپێی) وەکوو سەرۆکی پارتەکە، بڕیاری دروستکردنی گروپێکی پارلەمانتاری نویی ڕاگەیاند، کە لەنێو ئەو گروپەدا (دەیڤد ئێرڤین) سەرۆکی (پارتی یەکێتیخوازی پێشکەوتوو) کەبەکورتکراوەی (پی.یو.پی) ناسراوە، هەبوو. پی.یو.پی باڵی سیاسی نیمچە میلیشیایەکی نایاسایییە کەبەناوی (هێزی ئەڵستەری خۆبەخش) (یو.ڤی.ئێف). ئەم نیمچە میلیشیا ناشەرعییە چەندان کاری ڕەشەکوژی و ئاژاوەگێڕی و کوشتن و پشێوی بۆ (سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا)ی سەر

بەحزبی (شین فێین) ی ئەنجامداوە. لەڕاستیدا زۆربەی ئەندامە ناسراوەکانی (یو.یو.پی) لەنێویشیاندا (سیلیڤیا هێرمۆن) کەدوا ئەندام پارلەمانی ئەو پارتە بوو لە (وێستمینیستەر) دژی دروستکردنی ئەو گروپە پارلەمانیە تازەیە بوون کەبەناوی (کۆمەڵەی پارلەمانتارانی پارتی یەکیەتیخوازی ئەڵستەر)ەوە دامەزرابوو. چونکە ئەم کۆمەڵەیە لەبارەگای (بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی شین فێین) دادەنیشتن و پەیوەندیەکی بەتینیشیان لەگەڵ (سوپای کۆماری ئێرلەندا)دا هەیە.



سیلیڤیا هێرمۆن

لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٧ (یو.یو.پی) نەیتوانی سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست بهێنێت، چونکە تەنها توانی (١٨) کورسی لەپارلەمانی هەرێمی ئێرلەندای باکور بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

سەبارەت بەکاروباری دەستوریش، (یو.یو.پی)، پشتیوانی دەکات لەدەستوری پادشایەتی لە بریتانیای مەزن و بەشێوەیەکی سەرەکیش لایەنگری بەهێزکردنی پەیوەندیەکی مەتینە لەگەڵ نەریتە دیموکراتی و پارلەمانیەکانی بریتانیادا. هەروەکوو چۆن بەشێوەییەکی پرینسیپڵیش



باوەڕی بەهاوبەشی کردنی دەسەڵات هەیە لەئێرلەندای باکوردا لەگەڵ پارتە نەتەوەییە دیموکراسیخوازەکان.

سەبارەت بەئێرلەندای باکوریش (یو.یو.پی) هەوڵدەدات بۆ بەتینکردن و بەهێزکردن و خۆشکردنی یەکێتی دەستوری لەنێوان هەرێمەکانی ئێرلەندای باکور و ئینگلاند و سکۆتلاند و وێڵز لەچوارچێوەی دەستوری شانشینی یەکگرتوودا. (یو.یو.پی) دەخوازێت باشترین پەیوەندی هاوڕێیانە لەنێوان هەموو بەشەکانی وڵاتی بریتانیادا بۆهەمیشە بەردەوام بکرێت و گەشەی پیبدرێت.هەروەکوو چۆن هاوکاری پەیوەندی و هەماهەنگی پۆزەتیڤانەی نێوان ئێرلەندای باکور و کۆماری ئێرلەندا دەکات، بەتایبەت لەدوای بەئاکام گەیاندنی (ڕێکەوتنامەی هەینی مەزن- گود فرایدەی-)ەوە لەساڵی ١٩٩٨.

SDLP

Social Democratic and Labour Party

#### چوارەم: پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران

پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران، کەئێستا بارەگای سەرەکییان لە شاری (بێڵفاست)ی ئێرلەندای باکورە. ئەم پارتە لەڕووی مەبدەئیەوە سۆسیال دیموکراتەو باوەڕی بە (یەکێتی ئێرلەندا) و (گواستنەوەی دەسەڵات لەحکومەتی سێنتراڵەوە بۆ ئێرلەندای باکور هەیە، هەتا ئەو کاتەی ئەم

هەرێمە بەشێک بێت لەشانشینی یەکگرتوو (بریتانیای مەزن). ئەم پارتە وەکوو پارتێکی چەپ خۆیان ناساندووە و ڕەنگی (سەوز و سور) بەشێوەیەکی سەرەکی هێمای پارتەکەیانە و لەساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە، ئەو کاتەی (٦) ئەندام پارلەمانی (ستۆرمۆنت) و یەک سیناتۆر و بەشێک لەئەندامەکانی بەرێی (پارتی کرێکارانی کۆماریخواز) (کەئەمانە پێشتر بەشێک بوون لەپارتی کرێکارانی ئێرلەندی) و نەتەوەییە دیموکراتەکان (کە پارتێکی نەتەوەیی سۆسیال دیموکراتی بچوک بوون) لەگەڵ هەندێک لەکەسایەتیە نەتەوەییە سەربەخۆکان و ئەندامانی پارتی کرێکارانی ئێرلەندای باکور، بەیەکەوە یەکیان گرت و هەتادواجار ئەم پارتە نوێیەیان وەکوو بەری ئەم یەکگرتنە ڕاگەیاند.

ئەم پارتە ئەگەرچی پارتێکی نەتەوەیی و سەربەبەرەی (نەشنەڵییزم) بوو، بەڵام لەڕاستیدا، هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە، جاری ڕەتکردنەوەی سیاسەتی تەقلیدی پارتە نەتەوەییەکانیدا، کەبریتی بوو لەسیاسەتی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان، چونکە ئەو پارتە باوەڕی قوڵی بەوەهەبوو کە لەڕێگەی سیستمی پارلەمانی (ستۆرمۆنت)وە خەبات بۆ بەدیهێنانی مافە مەدەنیەکان بکات لەئێرلەندای باکوردا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران هەربەزوویی گەیشتە بیرۆکەی ئەوەی کە یاسای پارلەمانی لە ستۆرمۆنت جۆرە یاسایەکن کەمایەی ڕیفۆرمکردن و گۆڕانکاری نین، هەربۆیە بڕیاری کشانەوەی خۆیدا لەو پارلەمانە (پارلەمانی ئێرلەندای باکور). ئەم پارتە بەزوویی گەشەی کرد بەڕادەیەک تەنها لەماوەی (٣) ساڵی تەمەنی خۆیدا توانی بەشداری لەدەسەڵاتدا بکات و هاوبەشی بکات لە حکومەتی ئێرلەندای باکوردا و لەکۆی (٧٥) کورسی لە کورسییە پارلەمانیەکانی هەرێمەکە (١٩) کورسی بباتەوە، بەمەش ئەم پارتە وەکوو



پارتی کەمایەتی، لەهاوبەشیکردنی دەسەڵاتدا بەشدار بوو لەحکومەتی یەکێتیخوازەکان بەسەرۆکایەتی (بڕاین فۆڵکنەرس) کە لە (١)ی جەنیوەری ١٩٧٤ دامەزرا. تەمەنی ئەو پارلەمان و ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنە زۆر کورت بوو. هەربۆیەش ئەم ئەزموونەی پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران لەنێو پارلەمان و حکومەتدا ئەزموونێکی زۆر ماوە کورت بوو، چونکە خودی ئەو پارلەمان و حکومەتەی ئێرلەندای باکور لە چوار مانگ زیاتر نەژیا، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە بووە سەرەتاو ئەزمونێکی باش لەبواری بەدەستهێنانی مافەمەدەنیەکان لەچوارچێوەی خەباتی پارلەمانی و مەدەنیدا .

## ئامانج لە دروستکردنی پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران

لەڕاستیدا هەتا ئەم ساتەوەختەش بیروڕای جۆربەجۆر هەیە لەسەر مەبەست و ئامانجەکانی دامەزرێنەران و سەرکردەکانی ئەم پارتە لەدروستکردنی پارتەکەیاندا. لەئێستادا بۆچوونێک هەیە کەپێ لەسەر ئەوەدادەگرن کە ئامانجی سەرەکی لەپشت دروستبوونی ئەم پارتەوە مەسەلەی یەکخستنی گوتاری سیاسی نەتەوەیی و دەستوریخوازەکانی نێو بەرەی نەشنەلیزمی کاسولیک مەزهەبەکانی ئێرلەندای باکوور بوویێت، ئەوانەی دژی هەڵمەتە میلیتاری و سەربازیەکانی (سوپای کاتی کۆماریخوازی ئێرلەندا) بوون و باوەڕیان بەهێنانەدی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی خەڵکی هەرێمەکە هەبوو بەشێوە سیاسی و مەدەنی و ئاشتیخوازیانەکەی، بەتایبەت مافەکانی کاسولیک مەزهەبەکان، کەلەژێر زوڵموزۆری پرۆتستانت مەزهەبەکاندا ، لەزۆربەی مافە سیاسی و دەستوری و مەدەنیەکان بێبەش کرابوون. هەربۆیە لایەنگرانی ئەو بۆچوونە پێیان وایە، کەئامانجی سەرەکی دامەزرێنەرانی ئەم پارتە بریتی بووە لە هێشتنەوەی باکوری ئێرلەندا

بەیەکگرتوویی و یەکپارچەیی لەڕێگای دەسبەرکردنی مافەکانیان بەشێوازی ئاشتیانە و سیاسی و دەستوری لەخەباتی ڕێکخراوەییانەی مۆدێرنی سیاسی و پارلەمانیدا. لەبەرامبەردا ڕایەکی دیکە هەیە کەدەڵێت لەبنەمادا ئەم پارتە لەسەر بنەمایەکی ئایدلۆجی دامەزراوە نەک بۆ ئامانجە نەتەوایەتیەکان، هەروەکوو لەناوەکەیدا دەردەکەوێت کەپارتێکی سۆسیال دیموکراتی و کرێکارییە، نەک پارتێکی نەتەوایەتی. لەڕاستیدا ئەم مشتومڕە لەشێوەی جەنگێکی پروپاگەنیی بەردەوام بوو لەنێوان (سۆسیال دیموکراتەکان) و (سۆسیالیستە نەتەوەییەکان) بەدرێژایی قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدان و دامەزراندنی ئەم حزبە.



جێری فیت
١٩٢٦ — ٢٠٠٥

دامەزرێنەر و یەکەمین سەرکردەی ئەو پارتە،کەدامەزرێنەر و سەرکردەی پێشووی (پارتی سۆسیالستی کۆماریخواز و کرێکاران)یش بووە (جێری فیت ١٩٢٦- ٢٠٠٥) لەوەڵامی (سۆسیالیستە نەتەوەییەکان)دا کە پرۆپاگەندەی ئەوەیان لەدژی پارتەکەی دەکرد کە بەتاڵە لەداخوازی نەتەوایەتی دەڵێت (بڕیاری پارتی ئێمە بۆ داواکردنی دامەزراندنی ئەنجومەنی شارەوانیەکان لە ئێرلەندادا وەکوو جێبەجێکردنی بەشێک لەرێکەوتننامەی (سننینجدییڵ) بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەو پروپاگەندانەیە کە دژی پارتەکەمان دەکرێت و بەڕوونیش ئەوە دەسەلمێنێت کە سیاسەتی پارتەکەمان لەمەڕ داخوازیە



نەتەوایەتیەکان سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرایە). ئەگەرچی هەرخۆی دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٨٠ وازی لەو پارتە هێنا پڕوپاگەندەی ئەوەی کرد کە ئێستا ئەم پارتە خاوەنی هیچ داخوازیەکی نەتەوایەتی نییە. بەڵام لەڕاستیدا ئەم پارتە بەشێوەیەکی ئارام لەبڵاوکراوە و ئەدەبیاتی نێوخۆی پارتەکەیانەوە توانیان بەربەرچی هەموو ئەو جۆرە پڕوپاگەندانە بدەوە کە لەدژیان دەکرێت بەلێدوانەکانی (جێری فیت) کۆنە سەرۆکیشیانەوە، بەتایبەت کە لەهەموو ئەو بڵاوکراوە و ئەدەبیاتانەی نێوخۆی حزبەکەیانەوە دەیانگووت ( کۆتایی هێنان بەکێشەی ئیرلەندای باکور تەنها لەڕێگەی هێنانەدی تەواوی داخوازیە نەتەوایەتیەکانی خەڵکی خودی هەرێمەکەوەیە) . ئەم جۆرە مشتومڕانەی نێو ئەدەبیاتی ئەو پارتە لەو ماوەیەدا ئەوەندە ڕوون و کاریگەر بوون بەڕادەیەک بوونە مایەی جۆرێک لەترس و نیگەرانی بۆ یەکێتیخوازە پرۆتستانتەکانی هەرێمەکە،نیگەرانیەک،هەتا ڕادەی ئەوەی گومانیان لەئامانجە شاراوەکان و دیوی دووەمی ئەو داخوازیە نوسراو و ڕاگەیاندراوانەی ئەو پارتە هەبێت.



مارک دورکان

هەندێک لەبەرهەڵستکارانی پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران، لەدوای وتاره بەناوبانگەکەی (جۆن هیوم) کەئاماژەی بۆزیاتر دەرکەوتنی دیاردەی (پۆست نەشنەڵستی لەخۆرئاوادا کرد)، ئەم پارتە، بەلایەنگری، بۆ ئەم دیاردەیە و گەڕانەوە بۆ هەستی نەتەوایەتی زیاتر دەناسێنن. لەڕاستیشدا لەدوای ڕێکەوتنی هەینی مەزنەوە (گود فرایدەی)، خودی سەرۆکی ئەو پارتە، (مارک دورکان) و لەم دواییانەدا، پارتەکەی خۆی وەکوو پارتێکی (کۆماریخواز) پێناسەکرد، هەرچەند خودی ئەو سەرکردەیەی (ئێس.دی.ئێل.پی) لەزۆر بۆنەو بواردا ئەوەی بۆ یەکیەتیخوازەکان دووبارەکردۆتەوە کە ( پاراستن و میکانیزمی بنەما دەستوریەکانی ڕێکەوتنی هەینی مەزن لەئێرلەندایەکی یەکگرتوودا دەمێننەوە، ئەمەش ئەو ئامانجەیە کە پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران بەشوێن بەرجەستەکردنیدا دەگەڕێ).

## ڕۆڵی (ئێس.دی.ئێل.پی) لە ڕێکەوتننامەی مێژووی بێلفاست

لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین سیاسەتەکانی پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران وەکوو شۆڕشێکی سپی وابوون لەنێو گوتاری نیمچە میلیتاری



بەرەی نەشنەلیزمدا ، چونکە ئەوان یەکەمین پارتی سیاسی هەرێمەکە بوون کە داوای پەنابردنیان بۆ (سەرەتاکانی سازان و ڕێکەوتن) دەکرد لەچارەسەرکردنی گرفتە زۆر و هەڵواسراوە مێژووییەکانی هەرێمەکە، بەلەبەرچاوگرتنی مەسەلەی زۆرایەتی (یەکێتیخوازە پرۆتستانتەکان)، چونکە ئەوان سور بوون لەسەر ئەو باوەڕەی کە ڕێکخستنەوەی مەسەلە دەستوریەکانی ئێرلەندای باکور تەنها بەگەڕانەوە بۆ سیاسەتی سازان و ڕێکەوتن دەبێت لەگەڵ زۆرایەتی خەڵکی هەرێمەکە، هەروەکوو چۆن لەوباوەڕەدابوون کەنابێت هیچ هاووڵاتیەکی هەرێمەکە هەست بە بەرکەناکردن و هەڵاوێردن و جیاکاری بکات لەسەر باوەڕی سیاسی یان ئاینیان. یان هەروەکوو چۆن بەڕوونی ڕایانگەیاند کەنابێت کەس مافی (ڤیتۆ) بەخۆی بدات لەکاتی دەستەبەر بوون و بەئاکام گەیاندنی گۆڕانکاری پۆزەتیڤ و دەستەبەرکردنی زیاتری ماف و یەکسانیەکان.

بانگەوازی پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران بۆ پەنابردن بۆ سەرەتاکانی سازان و ڕێکەوتن ئەگەرچی بانگەوازێکی جدی بوو بەڵام لەلایەن شین فێین بەشێوەیەکی توند بەرپەرچ دەدرایەوە . لەڕاستیدا شین فێین لە هەموو تەمەنی سیاسی خۆیدا هەتا ڕێکەوتنی (هەینی مەزن) (گود فرایدەی) بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانەی سەیری سیاسەتی سازان و ڕێکەوتنی دەکرد، بەڵام دواجار و لەسەرەنجامی ئەو ڕێکەوتنەوە، ئەو حزبەش، هاتە سەر ئەو بۆچوونەی سۆسیال دیموکراتەکان، ئەمە جگە لەوەی کەبەرەی یونیەنیزم و زۆرینەی جەماوەری هەرێمەکە چونە ژێر چەتری ئەو سیاسەتی تەواقق و سازانەی دەمێک بوو سۆسیال دیموکراتەکان بانگەشایان بۆ دەکرد، بەتایبەت ئەوکاتەی دوای ڕێکەوتنەکە بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنوسی هەرێمەکە پەنایان بۆ (ڕیفراندۆمێکی گەلی) برد.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



جۆن هیوم

لەڕاستیدا دەکرێت بڵێین یەکێک لەکاراکتەرە هەرە سەرەکیەکانی بەئاکام گەیاندنی ڕێکەوتنامەی مێژوویی بێڵفاست پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران بوو. ڕۆڵی ئەم پارتە بەتایبەت سەرۆکی پارتەکە، (جۆن هیوم) ڕۆڵێکی ئێجگار کاریگەر و بەرچاو بوو هەم لەدروستکردنی بنەماکانی پرۆسە بەراییەکانی دانوساندنەکە و هەم دواتریش لەبەردەوام کردنی ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ، هەتا بەئاکام گەیاندنی پرۆسەکەو سەرەنجام لەدایبوونی ڕێکەوتنامەکە، چونکە ئەم پارتە و سەرۆکەکەشی هەر لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمەوە، هەتا ساتەوەختی واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە لە ساڵی ١٩٩٨ ڕۆڵی یاریچیەکی سەرەکییان وازی کرد لە نێو گەمەی ئەم پرۆسە سیاسی و مێژووییە ئاڵۆزەدا. بێگومان هەر لەبەر وازی کردنی ئەو ڕۆڵە سەرەکی و پۆزەتیڤەش بوو کەدواجار سەرۆکی ئەو پارتە (جۆن هیوم) بەهاوبەشی لەگەڵ سەرۆکی (یو.یو.پی) (دەیڤد تریمبل)دا توانیان خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی بەدەست بهێنن.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## کاریگەری وتارەکەی تاتشەر

لەکاتێکدا کە پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران بەپەرۆش بوون بۆ سەرخستنی حکومەتە ڕاگوزەریەکەی ئیرلەندای باکور (ئەو حکومەتەی کە حکومەتی بریتانیا هەڵیوەشاندەوە لەساڵی ١٩٧٢)، لەهەمانکاتدا ئەو پارتە سور بوو لەسەر ڕەنگدانەوە و دەرخستنی ئەو مەسەلەی بە (بوعدی ئێرلەندی) ناسراو بوو، تا لەو حکومەتەدا بەرجەستە بکرێت. بەواتایەکی دیکە، ئەم پارتە سوربوو لەسەر بوونی ڕۆڵێکی دەستوری ناسراو بۆ کۆماری ئێرلەندا لەکاروباری ئێرلەندای باکوردا، ئەم مەسەلەیەی کەبووە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی (جێری فیت)ی سەرۆکی ئەو پارتە لەساڵی ١٩٨٠. ئەگەرچی هەر لەم پێناوەدا (فیت) لەگەڵ (هومفێری ئاتکنیس) ی وەزیری دەرەوەی حکومەتی بریتانیا (حکومەتی پارتی پارێزگارانی بریتانیا) کەوتە دانوساندنەوە بەهۆی ئەوەی کە هومفێری لەوکاتەدا ڕایگەیاند کەباوەڕی بەو (بوعدە ئیرلەندی)ە هەیە ئەگەرچی ئەویش بەهۆی هەڵوێستی حزبەکەیەوە لەم بۆچوونەی خۆی پاشگەز بووەوە دوای ئەوەی لە کۆنفرانسی پارتەکەیدا ئەم بیرۆکەیە بەتوندی ڕەتکرایەوە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



هومفێری ئاتکنیس

(١٩٢٢- ١٩٩٦)

جۆن هیوم لەوکاتەدا پشتگیری لە (بیرۆکەی دەستەی هاوبەش) دەکرد بەپێی ئەو بیرۆکەیە، بۆ هەریەک لە حکومەتی بریتانیا و حکومەتی کۆماری ئێرلەندا هەبوو لە ئێرلەندای باکوردا، مومارەسەی دەسەڵاتی سیاسی بکەن، کەئەم بیرۆکەیەش لەبنەڕەتدا بیرۆکەی (یانەی ئێرلەندای نوێ) بوو، ئەو یانەیەی کە هەموو پارتە سەرەکیەکانی ئێرلەندای لەنێوخۆیدا کۆکردبۆوە لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا.



مەکتەبی بیروهۆشیاری



مارگرێت تاتشەر

ئەو بیرۆکەیەی کە لەلایەن سەرۆک وەزیرانی ناسراوی بریتانیا (مارگرێت تاتشەر) بەشێوەیەکی توند ڕەتکرایەوە. ئەم ڕەتکردنەوەیەی مارگرێت تاتشەر لەچوارچێوەی وتارێکی گرنگدا هات کە بەوتاری (دەرەوە، دەرەوە، دەرەوە) ناسراوە. تاتشەر بەکارهینانی وشەی (دەرەوە) ڕەتکردنەوەیەکی یەکجارەکی ڕاگەیاند چونکە لەو وتارەدا سەرۆک وەزیران بەم بیرۆکەیەی گوت بۆ (دەرەوە).

ئەم وتارەی (مارگرێت تاتشەر) ناڕەزاییەکی جەماوەری و سیاسی زۆری لێکەوتەوە لەلایەن هەردوو بەرەی یونیەنیزم و نەشنەڵستەکان و خەڵکی هەرێمەکەش. هەروەکوو چۆن لەهەمان کاتدا لەلایەن (تییشەک)یشەوە نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی ئێرلەندای باکورەوە بەتوندی ئەم هەڵوێستەی (تاتشەر) و وتارەکەی پرۆتستۆ کرا. ئەمەش حکومەتی

بریتانیای توشی شۆک و سەرسوڕمان کرد، هەربۆیە، بەزوویی کەوتە وتووێژەوە لەگەڵ (فیزجیراڵد) بەنوێنەرایەتی پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکارانەوە و سەرەنجام توانیان بەلای خۆیاندا ڕای بکێشن، کەسەرەنجامەکەی بە ڕێکەوتننامەی (ئەنگلۆ- ئایریشی) کۆتایی هات ،ئەو ڕێکەوتننامەیەی کەمایەی نیگەرانی هەردوو بەرەی یونیەنیزم و نەشنەڵستەکان بوو، چونکە نەشنەڵستە کۆماریخوازەکان، پێیان وابوو ئەم ڕێکەوتنە بەهیچ جۆرێک ڕەچاوی ماف و بەرژەوەندیەکانی ئەوانی نەکردووە و بەرەی یەکێتیخوازەکانیش وەکوو پەرچەکردارێک خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەریان لەدژی ڕێکەوتنەکە لەشاری (بێڵفاست) سازکرد کەزیاتر لە (٢٠٠٠٠٠) کەس بەشداری تێداکرد.

### (هاوبەشی کردن لەفەرمانڕەوایی و بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا)

پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران پارتێکی هاوبەش بووە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) ی هەرێمی ئێرلەندای باکوور. ئەم پارتە هاوبەشی کردووە لەبەڕێوەبردنی هەرێمەکە لەگەڵ پارتە سیاسیەکانی دیکەی هەرێمەکە وەکوو پارتەکانی (پارتی یەکێتیخوازی ئەڵستەر) و (پارتی یەکێتیخوازی دیموکرات) و (پارتی شین فێین) و هەردوو سەرکردەی ئەو پارتەش (سیموس ماڵۆن) و (مارک دورکان) وەکوو (جێگری وەزیری یەکەم) کەدووەم پۆستی باڵای حکومییە لەهەرێمەکەدا خزمەتیان کردووە لەوکاتەدا کە (دەیڤد تریمبڵ) لە پۆستی وەزیری یەکەمدا بووە وەکوو سەرۆکی (یو.یو.پی) کەباڵاترین پۆستی ئیداری هەرێمەکەیە.






سیموس ماڵۆن



مارک دورکان

لەهەڵبژاردنە نیوخۆیی و گشتییەکانی ئێرلەندای باکور و بریتانیادا (ئێس.دی.ئێڵ.پی) هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە جاڕی شکاندنی ئەو ترسە سیاسی و کەڵچەریەیدا کە نەتەوەییە کۆماریخوازەکانی هەرێمی ئێرلەندای باکور لەو مەسەلە گرنگەدا هەیانبوو، چونکە ئەو پارتە وەکوو نوێنەرایەتی سۆسیال دیموکراتەکان و کریکارانی هەرێمەکە باوەڕی بە پلوڕالیزم خەباتی مەدەنی و سیاسیانە هەبوو لەچارەکردنی گرفتە سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیەکانی هەرێمەکە. لەم پێناوەشدا سەرکردەکانی ئەم پارتە کۆشش و هەوڵی ئازایانەی بێوچانیاندا، کەسەرەنجامەکەی گردکردنەوەی هەموو پارتە سیاسیە خاوەن نفوزەکانی هەرێمەکە بوو، بەدەوری مشتومڕە سیاسی و یاسایی و دەستوریەکانی پارلەماندا، چ لەسەر ئاستی هەرێمەکە چ لەسەر ئاستی بریتانیای گەورەدا.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەڕاستیدا پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران یەکەمین گەورە پارتی نەتەوەیی سەرگۆڕەپانە سیاسیەکەی هەرێمی ئێرلەندای باکور بوو هەر لەسەرەتاکانی دامەزراندنیەوە هەتا سەرەتاکانی دەسپێکردنی سەدەی بیستویەکەم. لەهەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی ١٩٩٨ ئەم پارتە توانی مێژوویەک بۆ خۆی تۆمار بکات ئەوکاتە کەتوانی زۆرترین ڕێژەی دەنگدەران بۆخۆی بەدەست بهێنێت کەتائەوکاتە هیچ پارتێکی نەتەوەیی نەیتوانیبوو ئەم ڕێژە زۆرەی دەنگدەران بۆخۆی مسۆگەر بکات. ئەگەرچی لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠١ شین فێین توانی بۆ جاری یەکەم ڕکابەری ئەو پارتە بکات و ژمارەیەکی زۆرتر لەو پارتە لەکورسییەکانی پارلەمان بۆخۆی بباتەوە و بەمەش شین فێین توانی ڕیزبەندیەکە بەقازانجی خۆی بگۆڕێت و نوێنەرایەتی پارتی یەکەمی نەتەوەییەکان بۆخۆی مسۆگەر بکات.

هەندێک لەچاودێرانی سیاسی ئێرلەندای باکوور پێیان وایە کە دوای خانەنشینبوونی سەرۆک (جۆن هیم) ئەو پارتە توشی وەستان و پاشەکشەیەکی سیاسی و جەماوەری هات، کەئەوان ئەم وەستان و پاشەکشەیان ناوزەد کردووە بە (ماوەی هەڵەنگوتنی پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران لە سەرووبەندی هەڵبژاردندا) چونکە لەوماوەیەدا و لەهەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٤) ی پارلەمانی ئەورووپا (جۆن هیوم) پاشەکشەی کرد لەخۆکاندید کردن و پارتەکەشی نەیتوانی ئەو جێگایە بەکاندیدایەکی بەهێز پڕ بکاتەوە و سەرەنجامیش لەو کێبەرکێیەدا شین فێین توانی ئەو کورسیە بباتەوە کەهەر لەساڵی ١٩٧٩ وە لەدەستی پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاراندا بوو.

هەندێک لەڕکابەرانی سیاسی و ئایدلۆجی (ئێس.دی ئێڵ.پی) ئەم پارتە بەوە ڕەخنە دەکەن کە زیاتر پارتێکە بەرلەهەموو شتێک بەشوێن



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەرژەوەندی (کاسۆلیلک) مەزهەبەکانەوەیە و پێشیان وایە کەدەنگدەرانیشی تەنها گوندییە دوورەدەستەکانن لەگەڵ هەندێک لەخاوەن پیشە ئازادەکان، بۆیە ئەوانە ڕایان وایە کەئەو پارتە هەڵگری ماکە سەرەکیەکانی پڕۆژەی نەتەوایەتی نییە ونوێنەرایەتی هەستی بزووتنەوەی نیشتیمانی لەئێرلەندادا ناکات. هەرچی (ئێس.دی ئێڵ.پی) و سەرکردە سیاسیەکانی ئەم پارتە سۆسیال دیموکراتەیە، بەتوندی ئەو جۆرە پرۆپاگەندانە ڕەت دەکەنەوە و بەقسەلۆکی ناڕاست و بەگۆتەی بێ بنەما و ناپەسندیان لەقەڵەم دەدەن لەم بارەیەشەوە ئاماژە بۆ هەڵوێستی پارتەکەیان دەکەن لە کارەسارتی شاری (دێری)دا کەچۆن بەشێوەیەکی بەهێز، پشتیوانیان لە خەڵکی ئەو شارەکرد لەوکاتەدا ،هەروەکوو چۆن ئاماژە بۆسەرکەوتنە بەرچاوەکەی خۆیان دەکەن لە (باشوری بێڵفاست) لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ دا. لەوەش زیاتر سەرکردەکانی ئەو پارتە بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕەخنەی ڕکابەرەکانیان ئاماژە بۆ ئەو پلانەیان دەکەن کەبەر لەهەڵبژاردنی (وێست مینیستەر) لەساڵی ٢٠٠٥ بڵاویان کردەوە کە تیایدا داوای ( یەکخستنی ئێرلەندایان لەڕووی سیاسیەوە) کردبوو.

سەرکردەکانی ئەم پارتە پێیان وایە پارتەکەیان خاوەن هەڵوێستی نیشتیمانی ڕۆشن و داخوازی نەتەوایەتی بەجێیە، هەربۆیەشە پارتەکەیان لەڕووی دەسکەوت و ناوبانگی سیاسیەوە بەشێوەیەکی گشتی لەبەرەو پێشچووندایە، هەرچەندە لەسەر ئاستی هەرێمەکە و لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٧ لەهەندێک شوێنی ئەو هەرێمە باجی هەڵوێستە سیاسیە ڕاشکاوانەکانی خۆیانیان داوە، بەڵام ئاماژە بۆ ئەو ڕاستیەش دەکەن کەچۆن دوای شکستی گەورەی (یو.یو.پی) لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ لە پارلەمانی بریتانیا (وێست مینیستەر) و (درێژنگی) بەردەوامی شین فێین و هەڵوێستە

مەكتەبى بیرەوشیاری

نەگۆڕەکەیان لەبەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنە پارلەمانیەکانی (وێست مینیستەر)دا بۆ جارێکی دیکە توانیان بینەوە بەدووەم گەورە فراکسیۆنی پارلەمانی لەنوێنەریەتی کردنی خەڵکی هەرێمی ئێرلەندای باکووردا. پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران ئەمە بەهەلێکی نایاب دەزانێ بۆ ئەوەی بتوانێت نوێنەرایەتی دەنگی ڕاسەقینەی نەتەوەی ئێرلەندی لە پارلەمانی (وێست مینیستەر)دا بکات و ببێتە ئۆپۆزیسیۆنێکی کارای فراکسیۆنی گەورەی (دی.یو.پی) لەم پێناوەشدا گروپی پارلەمانی ئەوان بەشێوەیەکی ژیرانە و بەئەوپەڕی هوشیاریەوە تێدەکۆشن و بەشێوەیەکی مەبدەئیش لەنێو (وێست مینیستەر)دا پشتیوانی دەکەن لە سیاسەت و هەڵوێسەکانی (پارتی کرێکارانی بریتانیا – لەیبەر پارتی –) و کاردەکەن بۆ پتەوکردنی پەیوەندیە پارلەمانیەکان لەگەڵیاندا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران لەتەمەنی دامەزراندنیەوە (١٩٧٠) هەتا ئەمڕۆ (٢٠٠٨) تەنها لەلایەن (٣) سەرۆکەوە سەکردایەتی کراوە کەئەوانیش بریتین لە:–



مەكتەبى بیرەوشیاری



جێری فیت

**یەکەم - سەرۆک (جێری فیت).**

ئەم سەرکردەیە کەلەڕاستیدا سەرکردەی دامەزرێنەری پارتەکەیە، لە (٩) ئێپڕەیلی ساڵی (١٩٢٦) لەشاری (بێڵفاست) لەئێرلەندای باکور لەدایک بووە. لەساڵی ١٩٥٨ ئەوکاتانەی کەببوو بەئەندامی (پارتی کرێکارانی ئایریشی) توانی لەهەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی شارەداری وەکوو تاکە ئەندامی پارتەکەی لە (ئەنجومەنی شارەوانی شاری بێڵفاست). لەساڵی ١٩٦٢ توانی سەربکەوێت بەسەر کاندیدای (پارتی یەکێتیخوازی ئەلستەر) لەهەڵبژاردنە پارلەمانیەکەی ئەو ساڵەدا بەمەش دیسان (جێری) بوو بەیەکەمین ئەندامی (ستۆرمۆنت) لەمێژووی (پارتی کرێکارانی ئایریشی)دا کەبتوانێت ئەم پۆستە بەدەست بهێنێت.

دوو ساڵ دوای ئەوەی وەکوو نوێنەری (پارتی کرێکارانی ئایریشی) لە (ستۆرمۆنت) مایەوە، ئیدی دوای ئەوە ڕیزەکانی ئەو پارتەی جێهێشت و لەگەڵ (هاری دایمۆند) کەئەندام پارلەمانی (پارتی کۆماریخوازی سۆسیالت) بوو پارتێکی تازەیان دروستکرد بەناوی (پارتی کرێکارانی کۆماریخواز) و

لەساڵی ١٩٦٦ (جێری) توانی لەهەڵبژاردنی گشتی ئەو ساڵەدا بەنوێنەرایەتی (ڕۆژئاوای بێڵفاست) وەکوو ئەندامی پارلەمانی (وێست مینیستەر) هەڵببژێردرێت .

لەساڵی ١٩٧٠ (جێری فیت) بوو بەیەکەم سەرۆکی (هاوپەیمانی مافە مەدەنیەکان و سەرکردە نەتەوەییەکان) کەدواتر لەگەڵ ئەو سەرکردانەدا، (پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران)ی دامەزراند، کەهیوایەکی بەرزی نوێی بەهەموو هەرێمەکە بەخشی، چونکە (جیری) و پارتەکەی هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پارتەکەوە بڕیاری شکاندنی ئەو دڕدۆنگی) و (بایکۆت)ەیاندا کە کاسۆلیک مەزهەبەکان و پارتە نەتەوەیی و کۆماریخوازەکانی دیکە لەدژی خەباتی پارلەمانی لەبریتانیادا پەیڕەویان دەکرد.

(جێری فیت) لەزۆربەی بوارەکاندا نوێنەرایەتی پارتەکەی دەکرد و لەچەند پۆستێکی پارلەمانی و ئیداری لە ئێرلەندای باکور بەشداری کرد، هەتا ئەو کاتەی لەلایەن یەکێک لەئەندامە ناسراوەکانی سەرکردایەتی پارتەکەی خۆیەوە جێگەی گیرایەوە لەساڵی ١٩٨٠ کەئەویش (جۆن هیوم) بوو. جێری فیت لەڕۆژی (٢٦)ی ئۆگێستی ساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کرد.





جۆن هیوم و بێڵ کڵینتن سەرۆکی پێشوتری ئەمریکا لە (لوتکەی بەدەستهێنانی نێودەوڵەتی) لەشاری دبلن،ئێرلەند،٢٠٠٢

**دووەم - سەرۆک جۆن هیوم**

جۆن هیوم لە (١٨) ی جەنیوەری ساڵی ١٩٣٧ لەشاری (دێری) لەئێرلەندای باکوور لەدایک بووە. یەکێک لەسەرکردە چەپە میانڕەوە نەتەوەییە ناسراوەکانی ئێرلەندانی باکوورە. ئەندامی دامەزرێنەری پارتی سۆسیال دیموکرات و کریکاران و وەرگری خەڵاتی جیهانی بەناوبانگی (نۆبڵ بۆ ئاشتی)یە کەلەگەڵ سەرۆکی (یو.یو.پی) دەیڤد تریمبڵ بەهاوبەشی وەریان گرت لەساڵی ١٩٩٨، وەکوو ڕێزگرتن و ستایشی ئەو دوو سەرکردە ئیرلەندیە بەمەزهەب و بەبیروباوەڕی سیاسی لەیەکتری جیاوازەی کەنوێنەرایەتی یەکێتیخوازە پرۆتستانت مەزهەبەکان و نەتەوەییە کاسۆلیک

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەزهەبەکانی ئێرلەندای باکوریان دەکرد لەبەئاکام گەیاندنی پرۆسەی ئاشتەوانی هەرێمەکە کەبە رێکەوتنی (بێلفاستی ساڵی ١٩٩٨) کۆتایی هات.

جۆن هیوم دووەم سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکارانی هەرێمی ئێرلەندای باکوورە. جۆن لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٠ لەو پۆستەدا دەستبەکار بوو دوای ئەوەی لەهەڵبژاردنی پارتەکەیدا کەلەکۆتایی ساڵی ١٩٧٩ ئەنجامدرا توانی جێگەی دامەزرێنەر و یەکەمین سەرۆکی پارتەکەی (جێری فیت) بگرێتەوە هەتا ساڵی (٢٠٠١). جۆن لەوکاتەدا کەسەرۆکایەتی پارتەکەی دەکرد توانی لەچەند هەڵبژاردنێکدا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت هەر لەسەرەتای دەستبەکار بوونیەوە وەکوو سەرۆکی پارتەکەی هەتا وادەی وازهێنانی لەساڵی ٢٠٠١ دا کەئەوانیش ئەندامیتی (پارلەمانی ئەوروپا) و (پارلەمانی بریتانیا) و (پارلەمانی هەرێمی ئێرلەندای باکور) بوون.

لەساڵی ١٩٦٩ وەکوو ئەندامیکی سەربەخۆیی نەتەوەیی هەڵبژێردراوە بۆ ئەندامی پارلەمانی ئێرلەندای باکوور و لەوماوەیە سەرپەرشتی کەمپەینێکی کردووە لەپێناوی بەدیهێنان و ناساندنی (مافە مەدەنیەکان)دا. لەساڵی ١٩٧٣ جارێکی دیکە هەڵبژێردراوەتەوە بۆ ئەندامیتی هەمان پارلەمان و لەساڵی١٩٧٤لەحکومەتە هاوبەشەکەی ئیرلەندای باکووردا وەکوو وەزیری بازرگانی دەستبەکار بوو، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کورتیش بوو . لەهەڵبژاردنە گشتییەکانی بریتانیادا لەساڵی١٩٨٤ وەکوو ئەندامی پارلەمانی بریتانیا هەڵبژێردراوە.

جۆن بەشێوەیەکی کارامانە بەشداری کۆبوونەوە نهێنیەکانی نێوان حکومەتی بریتانیا و پارتی شین فێین کردووە . بۆچوونەکانی بەشێوەیەکی کاریگەرانە کاریان کردۆتە سەر سەرکردەکانی شین فێین، بەشێوەک کە سەرانی ئەو پارتەی لەکۆبوونەوەی نهێنی و ژێربەژێردا بردە سەر



مەکتەبی بیروهۆشیاری

کۆبوونەوەی کراوەی سەرمێزی دانوساندنی ئاشکرا کە بە رێکەوتننامەی هەینی مەزن (گود فرایدەی) کۆتایی هات و پارتی شین فێین لەپارتێکی نیمچە میلیتاری و نایاساییەوە گۆڕی بۆ پارتێکی سیاسی هاوبەش لە حکومەت و پارلەمانی ئێرلەندای باکووردا.

جۆن هیوم لە (٤) فێبریوەری ٢٠٠٤ ڕایگەیاند کەبڕیاری داوە خۆی خانەنشین بکات و بۆ هەمیشەش دەستبەرداری سیاسەت ببێت و ئیدی لەو مێژووەوە بەتەواوەتی وازی لە سیاسەت هێناو پێشنیارەکەی لەلایەن سەرۆکی پارتەکەیەوە (مارک دورکان) کەلەساڵی ٢٠٠١ لەسەرۆکایەتی کردنی پارتەکەدا جێگەی جۆنی گرتبۆوە پەسندکرا.

جۆن، بەیەکیک لە گرنگترین سەرکردە سیاسیە هاوچەرخەکانی ئێرلەندای باکوور و وەکوو ئەندازیاری تەلاری ئاشتی هەرێمەکە ناسراوە. ئەو تەنها سەرکردەیەکی سیاسیە لەجیهاندا کە توانیویەتی هەرسێک خەڵاتە گەورە جیهانیەکەی بۆ ئاشتی پێ ببەخشرێت کە ئەوانیش (خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی ١٩٩٨) و (خەڵاتی نێودەوڵەتی گاندی بۆ ئاشتی١٩٩٩) و (خەڵاتی شا مارتین لوثەر٢٠٠١)ە. ئەمە وێڕای خەڵاتی سەربەخۆیی شاری (کۆرک) لەساڵی ٢٠٠٤ و چەندین خەڵاتی دیکە لەچەشنی بڕوانامەی باڵای فەخری و دکتۆرای فەخری کەلەلایەن چەندین دامەزراوەی ئەکادیمی و زانکۆی جیهانی ناسراوەوە و پێی بەخشراون.

مەکتەبەی بیروهۆشیاری



مارک دورکان

## سێیەم - سەرۆک مارک دورکان

مارک دورکان یەکێک لە سەرکردە سیاسیە هاوچەرخەکانی پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکارانە، مارک دورکان لە (٦) جونی ١٩٦٠ لەشاری (دێری) لە ئێرلەندای باکوور لەدایک بووە. سێیەمین سەرۆکی ئەو پارتەیە لەو کاتەوە کەلەساڵی (٢٠٠١) جێگەی (جۆن هیوم)ی سەرۆکی ئەو پارتەی گرتۆتەوە هەتا ڕۆژگاری ئیمڕۆ (٢٠٠٨) سەرۆکایەتی ئەم پارتە سۆسیال دیموکراتەی ئێرلەندای باکور دەکات.

مارک دورکان کەبەئاین ( کرستیان کاسۆلیک مەزهەبە) و بە بیر و ئایدلۆجیا ( چەپ و سۆسیال دیموکراتە) و لەڕووی ئەتنیشەوە (ئایریشییەکی نەتەوەیی کۆماریخوازە) ئەو کاتە هاتە نیو سیاسەتەوە کەلەساڵی ١٩٨١ پەیوەندی کرد بەڕیزەکانی پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکارانەوە و بوو بەئەندام تیایدا. ئەوکاتەیش کەخویندکاری (سیاسەت) بوو لەزانکۆی (شاژن) لەشاری بیلفاست و هەر لەو زانکۆیەشدا هەڵبژیردرا بە (جێگری سەرۆکی خوێندکاران) لەساڵانی ١٩٨٢- ١٩٨٣ . لەساڵی ١٩٨٤ و دوای تەواو کردنی



مەکتەبەی بیروهۆشیاری

خوێندن وەکوو یاریدەدەری (جۆن هیوم) لە پارلەمانی بریتانیادا دەستیەکار بوو و لەوێدابەشێوەیەکی چالاکانە تێکەڵاوی ژیانی ڕۆژانەی سیاسەت بوو. لەنێوان ساڵانی (١٩٩٠- ١٩٩٥) وەکوو سەرکردەی پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکان دەرکەوت و یەکێک لەئەندامە چالاکەکانی تیمی دانوساندنی پارتەکە بوو لەوتوێژەکانی سەبارەت بەچەسپاندنی ئاشتی و دیاریکردنی چارەنوسی ئیرلەندای باکوور هەتا بەئاکام گەیاندنی دانوساندنەکان لەڕۆژی هەینی مەزن (گود فرایدەی)دا.

لەدوای ڕێکەوتنەکەش لەساڵی ١٩٩٨ (دورکان) هەلبژێردرا بە ئەندامی پارلەمان و دواتریش بەوەزیری (دارایی و فەرمانبەران) لەحکومەتی لۆکەڵی ئێرلەندای باکووردا و لەم پۆستەدا مایەوە هەتا ئەوکاتەی بوو بەجێگری (سیموس مالۆن) و لەپۆستی جێگری وەزیری یەکەمدا کە دووەم پۆستی باڵای ئیداری بوو لە حکومەتەکەی ئێرلەندای باکووردا. هەر لەهەمان ساڵدا دورکان هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکی پارتەکەی (پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران) و لەنۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٣ شدا جارێکی دیکە هەڵبژیردرایەوە بۆ هەردوو پۆستەکەی خۆی لە پارلەمان و حکومەتدا بەڵام هەر لەو ساڵەدا ئەو دەسەڵاتە هەر بەهەڵپەسێردراوی مانەوە. چونکە دەسەڵاتەکانی (پارلەمان و حکومەت)ی ئێرلەندا پێشوتر بەبڕیارێکی پارلەمانی بریتانیا هەڵپەسێردرابوون.

لەهەڵبژاردنی گشتی ساڵی (٢٠٠٥) بۆ پارلەمانی (وێستمینیستەر) دورکان توانی لەناوچەی هەڵبژاردنی خۆی (فۆیل) زۆربەی زۆری دەنگی دەنگدەران بەدەست بهێنێت و زۆر بەئاسانی کورسییەکەی خۆی بباتەوە. ماوەتەوە ئەوەی بڵێین (مارک بورکان) هەتا ئێستا (٢٠٠٨) سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکارانی ئێرلەندای باکوورە.

مەکتەبەی بیروهۆشیاری

# پارتە سیاسیەکانی دیکەی ئێرلەندای باکوور



مەکتەبەی بیروهۆشیاری

لەڕاستیدا جگە لەچوار پارتە سیاسیە گەورەکەی سەر بەهەردوو کۆمەڵگای یونیەنیزم و نەشنەڵیزم چەند پارتێکی دیکەی سیاسی هەن و هەندێک لەو پارتانە توانیویانە بەچەند کورسییەک بگەنە پارلەمان و دەسەڵاتی هەرێمەکە کەبەپێویستی دەزانم لەخوارەوە ئەگەر بەشێوەیەکی کورتیش بێت تیشکیان بخەینەسەر. پارتەکانیش بریتین لەم حزبە سیاسیانەی خوارەوە کەبەم شێوەیەی خوارەوە ڕیزبەندیمان کردوون.

## پارتی هاوپەیمانی لەئێرلەندای باکور

Alliance
The Alliance Party of Northern Ireland

پارتی هاوپەیمانی، لەمانگی ئێپرەیلی ساڵی ١٩٧٠ وەکوو ئەڵتەرناتیڤی پارتی یەکێتی ئەڵستەر (یو.یو.پی) دامەزراوە، چونکە لەو سەرووبەندەدا ئەم پارتە توشی شکستێکی گەورە و خێرا بوو لەسەر ئاستی سیاسی و جەماوەری. ئامانجێکی دیکە لەدروستبوونی ئەو پارتە بۆ بیرکردنەوەی دامەزرێنەرانی ئەو پارتە دەگەڕێتەوە سەبارەت بەکەمکردنەوەی ئەو نێوانە (گاپ) مەزهەبیەی کەبەردەوام هەرێمەکەی بەسەر دووبەرەی پرۆتستانت و کاسۆلیک مەزهەبدا دابەش کردبوو. ئەم پارتە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بەشێوەیەکی پرنسیپڵی هەوڵی بنیاتنانی پردی متمانەو پەیوەندی نێوان هەردوو کۆمەڵگاکەی هەرێمەکەی دەدا بەئامانجی کەم بایەخکردنی ئەو جیاوازیە مەزهەبیانەوە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و کراوەو یەکگرتوو لەتەواوی هەرێمی ئێرلەندای باکووردا .ئەمەش کاتێک بەڕوونی لەسیاسەتی ئەو پارتەدا دەرکەوت، کاتێک بەسۆزەوە باوەشی بۆ ئەندامانی

جالیەکانی (جولەکە و چینی و هندستانی و پاکستانی) کردووە و وەکوو دووەمین پێگەی بەهێزکردنی جەماوەری خۆی لەخەباتە سیاسیەکەی خۆیدا پەنای بۆبردن.

پارتی هاوپەیمانی ئەگەرچی بەرەچاوکردنی بەرژەوەندی خەڵکی ئێرلەندای باکوور باوەری بەمانەوەی هەرێمەکە بوو لەچوارچێوەی دەوڵەتی بریتانیادا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەری بەمانەوەی ئێرلەندای باکوورە لەچوارچێوەی دەوڵەتی بریتانیادا تائەوکاتەی خەڵکی هەرێمەکە ئارەزووی ئەو مانەوەیە دەکەن. بەڵام لەراستیدا ئەم پارتە هەتا ئێستا بەقەد ئەوەندەی جەختی لەسەر لایەنی (سۆسیۆ-ئابووری) لەتێکۆشانی سیاسی خۆیدا دەکاتەوە ئەوەندە بەلای مەسەلە ئەتنی و مەزهەبیەکاندا ملی نەناوە.

لەساڵی ١٩٧٢ پارتی هاوپەیمانی توانی گەشەیەکی سیاسی بەرچاو بکات بەتایبەت کەلەو ساڵەدا (٣) ئەندام پارلەمان لەپارلەمانی ئێرلەندای باکوور پەیوەندیان بەریزەکانی ئەو پارتەوە کرد. هاتنە ریزی ئەو ئەندام پارلەمانانە بۆ نێو ریزەکانی ئەو پارتە بەتەنها گرنگیەکەی لەوەدا نەبوو کە ئەوانە سێ ئەندام پارلەمان بوون و لەپۆستی گرنگی دامەزراوەی یاسادانانی هەرێمەکەدا بوون، بەڵکوو هاتنی ئەوانە بۆ نێو ریزەکانی پارتی هاوپەیمانی گرنگیەکەی لەوەدابوو کەئەوانە، یەکێکیان سەر بەبەرەی نەتەوەیی و ئەوی دیکەیان سەر بەبەرەی یەکێتیخوازەکان و سییەمیشیان سەربەخۆ بوو . بەمەش سەرەتای یەکێک لەئامانجە هەرە گرنگەکانی ئەو پارتە هاتەدی کەشکاندنی بەربەستی مەزهەبی و تێکەڵکردنی خەڵکی نێوان هەردوو بەرەکە و بێلایەنەکانیش بوو.

هەر دوابەدوای ئەو سێ ئەندام پارلەمانە، ئەندام پارلەمانیکی پارلەمانی بریتانیا کەناوی (ولیەم ستراتن میلس) بوو و ئەندامی پارتی یەکێتی ئەلستەر بوو و لەسەر فراکسیۆنی پارتی پارێزگاران ئەندامی پارلەمانی



وێستمینیستەر بوو هاتە نێو ریزەکانی پارتی هاوپەیمانیەوە. ئەمانە هەموو گورپوتینێکی باشیان دا بەئەو پارتە بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات بۆ بەشداری کردن لەیەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردن لەمێژووی سیاسی خۆیدا کەئەویش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیەکانی ئێرلەندای باکوور بوو لەساڵی ١٩٧٣ ، کەتیایدا ئەندامانی ئەو پارتە توانیان (١٣.٦%) کۆی گشتی دەنگی دەنگدەران بەدەسبهێنن و لەهەڵبژاردنی پارلەمانی هەرێمەکەش کەتەنها یەک مانگ دوای هەڵبژاردنی شارەوانیەکان بوو توانیان (٨) کورسی بۆخۆیان ببەنەوە، کەئەمەش سەرکەوتنیکی زۆر گەورە بوو بەنسبەت ئەو پارتەوە، چونکە لەلایەکەوە تەنها (٣) ساڵ بەسەر دامەزراندنیاندا تێپەرییوو لەلایەکی دیکەشەوە چەند پارتێکی دیکەی بەهێز لەهەردوو کۆمەڵگایەکەی ئێرلەندای باکوور بەتوندی رکابەری ئەو پارتەیان دەکرد.

دوابەدوای ئەم سەرکەوتنەی ئەو پارتە و بەدەسهێنانی هەشت کورسی لەپارلەمانی ئیرلەندای باکور هەریەک لە (سێر ئۆلیڤەر ناپییر) سەرۆکی ئەو پارتەو (بۆب کووپە) جێگری سەرۆکی حزب توانیان بەشداری لەحکومەتی ئێرلەندای باکور بکەن، هەرچەندە ئەو حکومەتە تەمەنی زۆر کورت بوو. پارتی هاوپەیمانی بەردەوام بوو لە بەرینکردنی بنکەی جەماوەری خۆی هەربۆیە لەهەڵبژاردنە شارەوانیەکانی ساڵی ١٩٧٧ توانی (٧٣) پۆستی ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی بباتەوە.

بەهۆی هاتنە مەیدانی خەباتی سیاسی پارتی شین فێین جەماوەری ئەو پارتە رووی لەکزی کرد ئەمەش لەساڵی ١٩٨١ روویدا ئەو کاتەی هەندێک لە ئەندامەکانی (سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا) دەستیان بە(مانگرتن لەخواردن) کرد ئەو مانگرتنەی وەک سەرەتای دەرکەوتنێکی بەهێزی خەباتی سیاسیانەی خودی شین فێین ئەژمار دەکرێت. هەرچەندە لەم ساڵانەی

دواییدا بەتایبەت لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ دیسان توانی نفوزی جەماوەری خۆی پێهەڵا بەرێتەوە و (١٢) كورسی لەپارلەمانی هەرێمەكە بەدەسبهێنێت و لەهەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٧)یش دیسان توانی رێژەی دەنگەكانی بە (٣.٦%) لەچاو ساڵی ٢٠٠٥ بەرەوژوور ببات.



جۆن ئەڵدێردایس



جۆن كۆشناهان



ئۆلیڤەر ناپییر

لەگرنگرین سەركردە ناسراوەكانی ئەو پارتە كەسەرۆكایەتی پارتەكەیان كردووە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە هەتا ئەمرۆ ئەم سەرۆكانەی خوارەوەن:-

- هیو ئۆ نێیڵ: یەكێك لەسیاسیەكانی ئێرلەندای باكوور بووە لەساڵی ١٩٠٩ لەدایك بووە و لەساڵی ١٩٩٤ كۆچی دوایی كردووە. لەساڵی ١٩٦٩ و دوای ئەوەی توانیویەتی ببێتە ئەندامی پارلەمانی بریتانیا و دواتر بۆماوەیەكی كورت پۆستی وەزیری (پەروەردە) و دواتریش (وەزیری كشتوكاڵ) بووە. لەساڵی ١٩٧٢سەرۆكایەتی پارتی هاوپەیمانی كردووە.



- ئۆلیڤەر ناپییر: یەكێك لەسیاسیەكانی ئێرلەندای باكوور بووە لەساڵی ١٩٣٥ لەدایك بووە،چەند پۆستێكی گرنگی وەكوو ئەندامی پارلەمان و و ئەندامی ئەنجومەنی لۆردان و وەزارەتی كاروباری یاسایشی بەڕێوەبردووە. لەساڵی ١٩٧٢ بۆ ساڵی ١٩٨٤ سەرۆكی پارتی هاوپەیمانی بووە.
- جۆن كوشناهان: یەكێك لەسیاسیە ناسراوەكانی ئێرلەندای باكور لەساڵی (١٩٤٨) لەدایك بووە .ئەندامی پارلەمانی ئەوروپا و سەرۆكی گروپی پارلەمانتارانی پارتی هاوپەیمانی بووە لەپارلەمانی ئێرلەندای باكوور. لەنێوان ساڵانی (١٩٨٤- ١٩٨٧) سەرۆكی پارتی هاوپەیمانی بووە.
- جۆن ئەڵدێردایس: لەساڵی ١٩٥٥ لەدایك بووە. یەكێك لەسیاسە هاوچەرخەكانی ئێرلەندای باكوور. لەساڵی ١٩٩٨- ٢٠٠٤ سەرۆكی پارلەمانی ئێرلەندای باكوور بووە. ئەندامی ئەنجومەنی لۆردانی بریتانیا بووە لەسەر لیستی (پارتی لیبراڵ دیموكرات). لەساڵی ١٩٨٧ بۆ ساڵی ١٩٩٨ سەرۆكی پارتی هاوپەیمانی بووە.
- شەین نییسن: یەكیك لەسیاسیە ناسراوەكانی ئێرلەندای باكوور لەنیوانی ساڵانی (١٩٩٨- ٢٠٠١)سەرۆكی پارتی هاوپەیمانی ئێرلەندای باكوور بووە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



شەین نیسن

- دەیڤد فۆرد: ئەندامی پارلەمانی ئێرلەندای باکور و سەرۆکی پارتی هاوپەیمانی لەساڵی ٢٠٠١ هەتا هەنوکە (٢٠٠٨).



دەیڤد فۆرد

ماوەتەوە ئەوەی بڵێین پارتی هاوپەیمانی لەهەموو ئەو هەوڵانەی کەبۆچارەسەرکردنی کێشەی ئێرلەندای باکور دراون ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی میانڕەوانەی وازی کردووە، هەرلەم پێناوەشدا بەشێوەیەکی چالاک پشتیوانی لەڕێکەوتنی (ئەنگلۆ-ئایریشی) و دواتریش ڕێکەوتنامەی (گود فرایدەی) ساڵی ١٩٩٨ ی کردووە. لەڕاستیدا پارتی هاوپەیمانی یەکەمین پارتی دەرەوەی بەرەی نەشنەڵیستەکانی هەرێمی ئێرلەندای باکوور بوو، کەئامادەیی خۆی بۆ دەسپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ پارتی شین فێین دەربڕی کەئەمەش بۆ ئەو کاتە دەسپێشخەریەکی ئازایانەی سیاسی گرنگ بوو، هەروەکوو چۆن



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سەرەتایەکی گرنگیش بوو بۆ ڕەنگرێژکردنی ئەو ڕێگای ئاشتیەی کەهەرێمەکەی دەبردەوە سەر ڕێکەوتننامەی مێژوویی (گود فرایدەی).

Green Party
Comhaontas
Glas

**(پارتی سەوز)**

پارتی سەوز لەئێرلەندای باکوور، لەڕاستیدا بەشێکە لە (پارتی سەوزی ئێرلەندی) و پەیوەندیەکی بەتینیشی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئەو پارتە لە هەرێمەکانی دیکەی بریتانیا (سکۆتلاند،وێڵز،ئینگلاند) هەیە. دامەزراندنی ئەو پارتە بۆ سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٠ دەگەڕێتەوە. بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم پارتە لەهەناوی بزووتنەوەی سەوزی ژینگە پارێزەکانی ئەورووپادا دروست بووە. ئەو بزووتنەوەیەی کەلەپێناوی بەرگرتن لەپیسبوونی زیاتری ژینگە، لەناوجەرگەی ئەورووپای ڕۆژئاوادا سەریهەڵدا و بەشێوەیەکی ڕاشکاوانەش لەپێناوی پاراستنی ژینگەی سەوزی ئەورووپادا کەوتە پرۆتستۆکردنی نیازە شاراوەکانی بەردەم بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی و ئەتۆمی و کۆمەڵکوژ. بانگەوازی بزووتنەوەی سەوزەکان بەڕوونی دژی وڵاتە بەرهەمهێنەر و بەکاربەرەکانی چەکی ناوەکی بوو،بانگەوازێک بوو، بۆ داماڵینی ئەو چەکە ناوکیە ترسناکەکانە، ترسناک بۆ ژینگە و ترسناکیش بۆ ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی.

ئەوەی لەدایکبوونی ئەم پارتەی لەئێرلەندای باکوور خێراترکرد، پێشنیاری دروستکردنی وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی بوو لەلایەن بریتانیاوە لەخاڵی (کارنسۆر). کەئەمە بووە هۆی ئەوەی هەوادارانی ئەو بزووتنەوە ژینگە پارێزیە، ئەم پارتە رابگەیەنن بۆ پرۆتستۆکردنی ئامانجەکانی پشت دامەزراندنی خودی ئەو ئێستگەیەی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، لەسەرەتاشدا پارتەکەیان ناونا بەناوی (پارتی ئیکۆلۆجی) واتە پارتی زانستی ژینگە.

لەمانگی مەی ساڵی (١٩٨٣) (پارتی ئیکۆلۆجی) لەگەڵ (ئەندامانی مۆمهاونتاس گلاس) و (سەوزەکانی بریتانیا) پرێس کۆنفرانسێکیان لە (هۆتێلی ئەوروپا) لەشاری (بێلفاست)ی ئێرلەندای باکور بەست و لەو پرێس کۆنفرانسەدا و بۆ جاری یەکەم لەمێژووی ئەو سێ رێکخراوەدا توانیان سیاسەتی هاوبەشی خۆیان بەشێوەیەکی یەکگرتوو سەبارەت بەئێرلەندای باکوور رابگەیەنن. لەساڵی ١٩٨٥ ئەم پارتە لەسەرانسەری ئێرلەندا و ئێرلەندای باکوور و وێلز و سکۆتلاند و ئینگلاند رایگەیاند کەبریاری داوە ناوەکەی خۆی لە (پارتی ئیکۆلۆجی) بگۆرێت بە (پارتی سەوز). بەمەش لەوساوە هەتا رۆژگاری ئیمرۆ ئەو پارتە لەژێر ئەو ناوەدا درێژەی داوە بەخەباتی سیاسی و سیاسەتی ژینگە پارێزی و تەناهی و ئارامی جیهانی لەرێگەی داماڵینی چەکە ئەتۆمی و ناوکیەکانەوە.

سەوزەکانی ئێرلەندای باکوور خەبات دەکەن لەپێناوی گەشەکردنی ئابووری هەرێمەکەیان. خەبات دەکەن لەپێناوی دۆزینەوەی وزەی ئەلتەرناتیفی وزە ناوکی و ئەتۆمیەکان، خەبات دەکەن لەپێناوی بەرهەمهێنانی خۆراکێکی نیشتیمانی ساغلەم بۆ خەڵکی هەرێمەکە و بایەخدانی زانستیانەی زیاتر بەکەرتی کشوکاڵی و ژینگەپارێزی



لەهەرێمەکەدا. ئەم پارتە تەنها خاوەنی (یەک) کورسی پارلەمانە لەکۆی (١٠٨) کورسییە پارلەمانییە هەرێمیەکەی ئێرلەندای باکوور.



دکتۆر جۆن باری



کێلی ئەندریۆس

ماوەتەوە ئەوەی بڵێین، پارتی سەوز، خاوەنی سەرکردایەتیەکی هاوبەشە و لەلایەن هەریەک لە (دکتۆر جۆن باری) و (کێلی ئەندریۆس)ەوە بەهاوبەشی سەرۆکایەتی دەکرێت و لەچەند ناوچەیەکی هەرێمەکەشدا خاوەنی پەیڤداری رەسمی خۆیەتی.

## پارتی یەکێتی پێشکەوتوخواز (پی.یو.پی)

پارتی یەکێتی پێشکەوتوخواز، پارتێکی بچوکی سیاسی ئێرلەندای باکوورە. ئەم پارتە پارتێکی سەر بەباڵی چەپەو و فەلسەفە و ئایدلۆژیە

سیاسیەکەشی بریتییە لەسۆسیالیزمی دیموکراتی. پارتی یەکێتی پێشکەوتوخواز لەکۆمەڵێک کەسانی یەکێتیخوازی سەربەخۆ پێکهاتووە. شوێنی دامەزراندنی ئەو پارتە ناوچەی (شانکیڵ)ی سەر بەشاری (بێڵفاست)ی ئێرلەندای باکوورە و لەساڵی ١٩٧٩ ئەم گروپە سەربەخۆیە ئەم پارتەیان وەکوو بەرهەمی تێکۆشانی سیاسی گروپەکەیان ڕاگەیاند. هەرلەوساڵەدا ئەم گروپە لەگەڵ (هێزی خۆبەخشانی ئەڵستەر. یو.ڤی.ئێف) پەیوەندیەکی بەتینی دروستکرد. هێزی خۆبەخشانی ئەڵستەر هێزێکی چەپی کرێکاری ئێرلەندای باکوور بوون و لەلایەن کۆمیتەی کریکارانی شاری بێڵفاست پشتیوانیان لێدەکرا و بنکەی جەماوەریشیان هەر لەنێو کرێکارانی بێڵفاست و ئەو چینە هەژار و کەم دەرامەتانەی بێڵفاستەوە بەشێوەیەکی ئەکتیڤ دەبینرا. بەهۆی ئەو پەیوەندیەشەوە پارتی یەکێتی پێشکەوتوخواز، توانی بنکەی جەماوەری خۆی فراوان بکات بەتایبەت لەنێو ڕیزەکانی سەندیکا کرێکاریەکانی ناوچەی (شانکیڵ) و شاری (بێڵفاست).


داون پرێڤیس


دەیڤد ئێرڤین


هیو سمیث

لەناسراوترین دامەزرێنەر و سەرکردە ناسراوەکانی پارتی یەکێتی پێشکەوتوخواز، ئەوانەی کەسەرۆکایەتی پارتەکەیان بەدەستەوە بووە، بریتین



لە سەرۆک ( هیو سمیث) کەلەسەرەتای دامەزراندنی پارتەکەوە واتە لەساڵی (١٩٧٩)وە هەتا ساڵی (٢٠٠٢) سەرۆکایەتی پارتەکەی لەدەستدابوو. ئەو سەرکردەیەی (پی.یو.پی) لەساڵی (١٩٩٤) پارێزگار (مایۆر)ی شاری بێڵفاست بووە و ئێستاش ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی هەمان شارە. سەرۆک ( دەیڤد ئێرڤین) لەدوای سەرۆک هیو سمیث بوو بەدووەمین سەرۆکی ئەو پارتە و هەر لەساڵی (٢٠٠٢- ٢٠٠٧) ئەویش سەرۆکایەتی ئەو پارتەی لەئەستۆدا بوو. لەساڵی (٢٠٠٧)یشەوە و لەدوای مەرگی سەرۆکی ئەو پارتە (دەیڤد ئێرڤین) سەرۆکایەتی ئەم پارتە لەمشتی خانم (داون پرێڤیس)دایە، ئەوکاتەی دوای مەرگی سەرۆکەکەیان، کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەو پارتە،ئەم ژنە سیاستمەدارەیان بەسەرۆکی پارتەکەیان هەڵبژارد. ئەم ژنەسەرکردەیە لەساڵی ١٩٩٤ پەیوەندی کردووە بەڕیزەکانی پارتەکەیەوە،ژنێکی چالاکی بواری مافەکانی ژنان و سەرۆکی کۆمیتەی ژنانی ئەو پارتە و سەرۆکی کۆمیتەی یەکسانی نێو پارتەکەشی بووە. لەمارچی (٢٠٠٧) بەنوێنەرایەتی بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری بێڵفاست بۆ ئەندامێتی پارلەمانی ئێرلەندای باکوور هەڵبژێردراوە لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٧)ی شاری بێڵفاستە. خانم (داون پرێڤیس) ئەوکاتەی لە (٢٢) ی جەنیوەری ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن کۆمیتەی سەرکردایەتی پارتەکەیەوە بەسەرۆکی پارتەکەی(پی.یو.پی) هەڵبژێردرا، بوو بەیەکەمین ژنە سەرۆک لەمێژووی سیاسی پارتە یونیەنیستەکانی ئێرلەندای باکووردا.

لەڕاستیدا (پارتی یەکێتی پێشکەوتوخواز) و (پارتی هاوپەیمانی) لەڕووی پۆلێنکردنەوە خۆیان سەر بەهیچ کام لەدوو کۆمەڵگایەکەی هەرێمەکە (یونیەنیزم و نەشنەڵیزم) ئەژمارنەکردووەو لەپۆلێنکردنەکە خۆیان بە (ئەوی دیکە) پۆلێن کردووە،هەربۆیە بەپێویستمان زانی بەشێوەیەکی کورتیش بێت

تیشکیان بخەینەسەر،ئەگینا لەنێو هەرێمەکەدا و لەهەردوو کۆمەڵگایەکەی هەرێمەکەدا پارتی سیاسی بچوکی دیکەش هەن وەکوو (پارتی یەکێتی شانشینی یەکگرتوو) ناسراو بەکورتکراوەی (یو.کەی.یو.پی) کەپارتێکی بچوکی سەر بەبەرەی یونیەنیزمە و لەساڵی ١٩٩٥ دامەزراوە و (پارتی هاوکاری ژنانی ئێرلەندای باکوور) ناسراو بەکورتکراوەی (ئێن.ئای.دەبلیو.سی) کەپارتێکی تایبەت بەژنانەو لەساڵی ١٩٩٦ دامەزراوە و (پارتی کرێکارانی سۆسیالستی) کەئەویش پارتێکی چەپی بچوکەو سەرکردایەتی (هاوپەیمانی ژینگەیی سۆسیاڵستی) دەکات و (پارتی کرێکاران) کەئەویش پارتێکی سۆسیالستی سەر بەئایدیای چەپە، هەرچەندە رەگو ریشیەیان بۆ سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندای باکوور دەگەرێتەوە و پێشینەشیان وەکوو پارتێکی کۆماریخوازە، بەڵام باوەڕیان بەمەسەلەی تائیفی نییە. و پارتی (هاوپەیمانی یەکیەتی یەکگرتوو) کەپارتێکی پارلەمانی یەکێتیخوازی یەکگرتووە و لەسێپتەمبەری ساڵی (١٩٩٨) دامەزراوە و (کۆمەڵگای نیوتاونابی پاڵنەرانی باج) و (پارتی سۆسیاڵستی ئێرلەندای باکوور) و (پارتی رێگای سێیەمی ئەڵستەر) کەپارتێکی بچوکن و خوازیاری سەربەخۆیی ئێرلەندای باکوورن و (پارتی کرێکارانی ئێرلەندای باکور). ئەمانەو چەند گروپێکی زۆربچوکی دیکەو هەندێک کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمی سەربەخۆ لەنێو گۆرەپانە سیاسیەکەی هەرێمەکەدا دەبینرێن و هەندێک لەوانەش توانیویانە لەهەڵبژاردنەکانی هەرێمەکەدا وەکوو گروپ و کەسایەتی سەربەخۆ سەرکەوتن بەدەستبهێنن. جگەلەحزبەکانی هەرێمەکە (لقی باکووری ئێرلەندای پارتی پارێزگارانی بریتانیا)یش کەیەک لەدوو پارتە گەورە بریتانیەکە لەنێو نەخشەی پێکهاتە سیاسیەکانی هەرێمەدا دەبینرێن



بەپێچەوانەی لەیبەر پارتیەوە کەلەهەرێمی ئێرلەندای باکووردا هیچ بنکەیەکی فەرمی رێکخراوەیی نییە.

# دەسەڵاتی یاسادانان
# (پارلەمان) لەئێرلەندای باکور



مەکتەبی بیروهۆشیاری

دوای ئـەوەی کـەبـۆ جـاری دووەم (پارلـەمـانی بریتانیـا)، یاسـای (خۆبەڕێوەبردنی) بەئێرلەندا بەخشی، بەپێی (یاسای حکومەت و بەڕێوەبردن لە ئێرلەندا) لەساڵی ١٩٢٠ ، ئەو یاسایەی کە نیشتمانی ئێرلەندیەکانی بەسەر دوو هەرێمدا دابەشکرد و لەبەشە باشوریەکە و ناوەڕاست (کۆماری ئێرلەندا) ڕاگەیەندرا و لەبەشە باکوریەکەش کەبەشێوەیەکی فەرمی بوو بەبەشێک لەبریتانیای مەزن بیر لەدامەزراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەژێر چاودێری حکومەتی بریتانی کرایەوە.

ئەوەبوو لەدوای (٧)ی جونی ساڵی ١٩٢١ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لەلایەن (یونیەنیستەکان)ەوە کەزۆرایەتی هەرێمەکە بوون بەڕێوە دەبردرا بەپێی یاسایەک کەپێشتر لەدامەزراوەی یاسادانانی هەرێمەکەوە (پارلەمانی هەرێمی ئێرلەند) کەئەویش پێشوتر دەسەڵاتێکی یاسادانانی ڕاگوزەری بوو، دەرچوو بوو، کەئەمیشیان دواتر دەسەڵاتەکانی توشی هەڵپەساردن هات لە مارچی ١٩٧٢ و بەماوەیەکی کەم لەدوای ئەو هەڵپەساردنەش ئیدی ئەو پارلەمانە بەتەوای هەڵوەشایەوە بەپێی یاسای دەستوری بۆ ئێرلەندای باکور لەلایەن پارلەمانی بریتانیاوە لەساڵی ١٩٧٣ .

لەدوای هەڵوەشاندنەوەی یەکەم پارلەمان لەئێرلەندای باکوور، هەوڵەکان بەچڕی کەوتنەکار بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ئەم دەسەڵاتە گرنگەی یاسادانان لەلایەن هەوادارانی هەردوو ئایدۆلۆجیاکەوە (یونیەنیزم) و (نەشنەلیزم) بەڵام لەسەر بنەمایەکی نوێ، کەئەویش هاوبەشی کردنی هەردوو بەرەی یونیەنیستەکان و نەشنەڵستەکان بوو لەنێو ئەو پارلەمانە تازەیەدا. لەکۆتایی ئەم هەوڵانەشدا توانرا دەسەڵاتیکی دیکەی تازەی یاسادانان لەساڵی ١٩٧٣ بەناوی (کۆمەڵەی نیشتیمانی ئێرڵەندای باکور) پێکبهێنرێتەوە. بەڵام دیسان ئەم پەیکەرە نوێیەی یاسادانان توشی کۆسپی گەورەهات لەلایەن بەرەی

توندڕەو لەهەوادارانی هەردوو ئایلۆجیەکە (یونیەنیزم) و نەشنەلیزم) و سەرەنجام لەساڵی ١٩٧٤ ئەم پەیکەرە تازەیەی پارلەمان بۆ جارێکی دیکە توشی هەڵوەشانەوە هات. ئەم هەڵوەشاندنەوەیە بەردەوام بوو هەتا ساڵی ١٩٨٢ ئەوکاتە کە پارلەمانی (ستۆرمۆنت) دامەزرا، بەڵام دیسان لەبەر ئەوەی ئەم پارلەمانە بەشێوەیەکی ڕێژەیی سەربەخۆ بوو لەبڕیارەکانی و بەشێوەیەکی کەم لەلایەن بەرەی ناشنەلیستە کاسۆلیک مەزهەبە کۆماریخوازەکانەوە، پشتیوانی لێدەکرا، ئەویش بەدەردی پارلەمانەکانی دیکە ڕۆیشت و لەساڵی ١٩٨٦ئەم پارلەمانەش هەرەسی هێنا و بەشێوەیەکی ڕەسمی هەڵوەشایەوە.

## پارلەمانی مۆدێرنی ئێرلەندای باکوور و هەڵپەساردنی دەسەڵاتەکانی

Northern Ireland Assembly

**لۆگۆی پارلەمانی ئێرلەندای باکور**

هەڵبژاردنی یەکەمین پارلەمانی مۆدێرنی ئێرلەندای باکوور لە (٢٥) ی جونی ساڵی ١٩٩٨ بوو. یەکەمین کۆبوونەوەی ئەم پارلەمانەش لە (١) جولای هەمان ساڵدا بوو. سەرۆکایەتی ئەم پارلەمانە پێکهاتووە لەسەرۆکی پارلەمان و هەرسێک جیگرەکەی. یەکەمین سەرۆکی ئەو پارلەمانە (لۆرد



ئەلدەردایس) بوو، ئەلدەردایس سیاسەتمەداری پارتی هاوپەیمانێتی بوو ،ئەو پارتەی لەساڵی ١٩٧٠ دامەزراو (ئەلدەرایس) توانی سەرۆکایەتی کردنی لەنێوان ساڵانی (١٩٨٧- ١٩٩٨ ) بۆخۆی مسۆگەر بکات.لەساڵی (١٩٩٨)یشەوە واتە هەرلەساڵی یەکەمی دامەزراندنیەوە سەرۆکایەتی ئەو پارلەمانەی لەدەستدابوو هەتا ساڵی (٢٠٠٤) هەرچەندە بەشی زۆری ئەوماوەیە دەسەڵاتەکانی ئەو پارلەمانە هەڵپەسێردرابوو. لەدوای لۆرد ئەلدەردایس (ولیام هێی) یەکێک لەسیاسیە ناسراوەکانی (دی.یو.پی) لە (٨)ی مانگی (مەی) ساڵی ٢٠٠٧ وەکوو دووەمین سەرۆکی ئەو پارلەمانە هەڵبژێردرا.



لۆرد ئەلدەردایس

## یەکەمین سەرۆکی پارلەمانی مۆدێرنی ئێرلەندای باکوور

ئەم پارلەمانە ئەگەرچی پارلەمانێکی هەڵبژێردراو بوو، بەڵام چونکە شێوازێکی نوێی پێکەوە کارکردنی هەموو لایەنە ناکۆکەکانی پەیوەست بەکێشەی ئێرلەندای باکور بوو بەیەکەوە، وای کرد، کەئەم پارلەمانە، هەتا

(٢) ی دیسەمبەری ١٩٩٩ هەروەکوو (دیکۆرێکی سیاسی بێگیان) بمێنێتەوە. ئەمەش سەرچاوەکەی لەم ڕەهەندە مێژوویانەوە دەهات کەوای لەلایەنەکانی پەیوەست بە کێشەکانی هەرێمەکە کردبوو نەتوانن گەمە سیاسی و یاساییەکان بەشێوەیەکی ساغلەم وازی بکەن و لەڕایی کردنی کارەکاندا بەبەرپرسیارێتیەوە مامەڵە بکەن، کەئەمەش لەدواجاردا وایکرد،سەرەنجامەکە، بەچەند جار هەڵپەساردنی دەسەڵاتەکانی ئەم دامەزراوە نیشتیمانیە گرنگە بشکێتەوە. هەربۆیە ئەگەرچی بنەمای هاوبەشیکردن لەساڵی ١٩٩٩ وە بەشێوەیەکی تەواو پەیڕەو کرا، بەڵام وێڕای ئەمەش دیسان لەژێر باری گرانی قەیرانە زۆر و زەوەندە مێژوویی و هەنوکەییەکانی هەرێمەکەدا ئەم پارلەمانە بۆچەند جارێک دەسەڵاتەکانی هەڵپەسێردراوە، کەبەم شێوەی خوارەوە بوو:

-

جاری یەکەم لە (١١) ی فێبریوەری ساڵی ٢٠٠٠ بۆ مانگی (مەی) هەمان ساڵ.



باڵەخانەی پارلەمانی ئایرلاند (ستۆرمۆنت)

(ئەم وێنەیە لەم ناونیشانەی خوارە وەرگیراوە)

www.care.org.uk/Publisher/Article.aspx?id=96502



جاری دووەم لە (١٠) ی ئۆگێستی ٢٠٠١ (بۆماوەی ٢٤ کاتژمێر).

جاری سێیەم لە (٢٢) سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ (بۆماوەی ٢٤ کاتژمێر).

جاری چوارەم لە (١٤) ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٢ بۆ (٧)ی مەی ٢٠٠٧ .

ئەگەرچی هەوڵی بەردەوام لەئارادا بووە، بۆ ئەوەی کە پارلەمانی هەرێمەکە بکەوێتە سەر سکەی کارکردنی هەمیشەیی خۆی، بەڵام زۆر جاران یەکی هەنگاوەکانی بەردەوامکردنی ئەو پارلەمانە کەوتووە، بەهۆی ناکۆکیەکانی هەردوو پارتە سەرەکییە گەورەکەی بەرەی یونیەنیزم (دی.یو.پی) و (یو.یو.پی) و پارتە سەرەکییە گەورەکەی بەرەی نەشنەڵستەکان (شین فێین). هەمیشە پارتەکانی بەرەی یونیەنیزم گومانیان لە (پارتی شین فێین) هەبووە سەبارەت بەپەیوەندی نێوان ئەو پارتە و سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا (ئای.ئار.ئەی) چونکە ئەوان هەمیشە (شین فێین)یان بەباڵی سیاسی سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا ئەژمارکردووە.

لەڕاستیدا تۆمەتبارکردنی شین فێین بەهەبوونی لینکی بەهێز لەگەڵ (ئای.ئار.ئەی) لەلایەن هەندێک کەسەوە بەتایبەت لایەنگران و هەوادارانی شین فێین هەمیشە بەوە لێکدراوەتەوە کەئەمە هەوڵێکە بۆ ناوزڕاندنی ئەو پارتە و لەکەدارکردنی ناوبانگی سیاسی شین فێین،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پارتەکانی بەرەی یونیەنیزم سوربوون لەسەر ڕاستی ڕوانینەکانیان لەبەرامبەر ئەو پەیوەندیە گوماناویانەی کەلەنێوان شین فێین و سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندادا هەبوو. ئەم بۆچوونەی ئەوان لەڕێکەوتنی (گود فرایدەی) بەشێوەیەکی زەق دەرکەوت چونکە ئەوان بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕایانگەیاند کەبەهیچ کلۆجێک ناچنە ژێر باری هاوبەشی کردنی دەسەڵات و پێکهێنانی دامەزراوە دەسەڵاتیەکانی هەرێمەکە هەتا بەشێوەی ڕوون لەوە

دڵنیانەکرێنەوە کە سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا هەموو جۆرە کارێکی میلیتاری و ژێربەژێری سەربازی خۆی لەنێو هەموو شانە دیار و شاراوە سەربازیەکانی خۆیدا بەشێوەیەکی یەکجارەکی بەکۆتایی هێناوە و هەموو ئەو شانە سەربازییانەشی بەشێوەیەکی هەمیشەیی هەڵوەشاندۆتەوە.

دواهەڵپەساردن و دواتر هەڵوەشانەوەی ئەو پارلەمانە لە ٢٨ ئیپرەیلی ساڵی ٢٠٠٣ دوای ئەوەهات کە پۆلیسی بریتانی لەپڕ هەڵیکوتایە سەر نوسینگەی شین فێین لەستۆرمۆنت بەهۆی هەبوونی کۆمەڵێک زانیاری هەواڵگری کەئەوەیان بەدەستەوەدەدا کەهەندێک لەئەندامانی پارلەمانی شین فێین و ستافەکانیان لەنێو پارلەماندا، پەیوەندی گومانلێکراوانەیان هەیە لەگەڵ (ئای.ئار.ئەی) و بۆ بەرژەوەندی ئەوان کاردەکەن. ئەم ڕووداوەش بۆ یونیەنیستەکان مایەی توڕەبوون و بێزاری بوو هەربۆیە بڕیاری هاتنەدەر لەو پارلەمانەیان ڕاگەیاند . ئەگەرچی یەک مانگ دوای ئەو هەڵپەساردنە، ماوەی یاسایی بوو بۆ ئەنجامدانی خولێکی دیکەی هەڵبژاردنەوەی ئەو پارلەمانە، بەڵام نەتوانرا لەو ماوە دیاریکراوەدا هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێت، چونکە لەلایەن حکومەتی بریتانیاوە بڕیاری دواخستنی هەڵبژاردنە هەرێمەیەکەی ئەو هەرێمە درا هەتا مانگی نۆڤەمبەری هەمان ساڵ.





**دێنیس دۆناڵدسن**

لە (٨) ی دێسەمبەری ساڵی ٢٠٠٥ بڕیاری ئازادکردنی ئەو (٣) تۆمەتبارە درا کە لەکاتی هەلکوتانە سەر ئۆفیسی شین فێین لەبەردەرگای ستۆرمۆنت بەهۆی ئەو تۆمەتەوە دەسگیر کرابوون. بەردانی ئەو تۆمەتبارانە گوایە بەهۆی ئەوەوە بوو کەئەوانە هیچ شتێکیان لەسەر ئیسپات نەبوو. بەڵام دواتر دەرکەوت کەمەسەلەکە بەشێوەیەکی دیکەبووە چونکە (دێنیس دۆناڵدسن) یەکێک لەو کەسانەی کەبەو تۆمەتە دەسگیر کرابوو و دواتریش ئازادکرا و لەدوای ئازاکردنەکەشی ڕایگەیاند (کە سزادانی ئەوان هەرگیز نەدەکرا ڕووبدات چونکە لەپشت گرتنی ئێمەوە لەلایەن پۆلیسەوە کارێکی سیاسی هەبوو ) دواتریش لە (١٧) ی دێسەمبەری ساڵی ٢٠٠٥ (دۆناڵدسن) بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕایگەیاند کە ( ئەو هەرلەسەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە کاری سیخوڕی بۆ دەزگای هەواڵگری بریتانیا (ئێم.ئای.٥) کردووە چونکە ئەو لەوساتەوە یەکێک لەسیخوڕەکانی ئەو دەزگایە بووە).دوای ئەم ڕاگەیاندنەش لەئێوارەی سێشەممەی (٤)ی ئیپرەیلی ٢٠٠٦ دۆناڵدسن، یەکێک لەئەندامە دێرینەکانی سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا و پارتی شین فێین، لەڕووداوێکی نادیاردا لەماڵەکەی خۆی لە (دۆنیجاڵ) کوژرا.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## پارلەمان و پارلەمانی ڕاگوزەری (ئینتیقالی)



لەچەپەوە بۆ ڕاست تۆنی بلێر سەرۆک وەزیرانی پێشوی بریتانیا ،پیتەر هاین وەزیری پێشوتری دەوڵەت بۆ کاروباری ئێرلەندای باکور و دواتر وێڵز لەحکومەتی بریتانیا (کابینەی بلێر و براون)،ئێیلین بێڵ سەرۆکی پارتی هاوپەیمانی ئێرلەندای باکور و سەرۆکی (پارلەمانی ئێرلەندای باکور،بێرتی ئەهێرن سەرۆک وەزیرانی بەرێی کۆماری ئێرلەندا.

ئەگەرچی پارلەمانی هەرێمی ئێرلەندای باکور لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٧) هەر بەهەڵپەسێردراوی مایەوە بەڵام دیسان دەبینین پارلەمانی ئینتیقالی بەپێی یاسای ساڵی ٢٠٠٦ ئێرلەندای باکور وەکوو پێداویستیەکی یاسایی و ئیداری لەو هەرێمەدا دامەزراوە ئەو کاتەی کەحکومەتی بریتانی لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی هەردوو بەرەی یونیەنیستەکان و نەشنەڵستەکانی هەرێمەکە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئەندامانی پارلەمانی هەڵپەسێردراوی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ساڵی ٢٠٠٣ بانگهێشت بکەن بۆ ئەوەی پارلەمانی ڕاگوزەری پێکبهێنن و لە (١٥) مانگی مەی ساڵی ٢٠٠٦ یەکەم کۆبوونەوە ئەنجام بدەن و بەپێی یاسای ساڵی ٢٠٠٦ ئێرلەندای باکور ناوی ئەنجومەنەکە بنێن (پارلەمانی ڕاگوزەری).

ئامانجی هەرە سەرەکی لەو پارلەمانە ئینتیقالییە بریتی بوو لەهەڵبژاردنی (وەزیری یەکەم و جێگری وەزیری یەکەم) پێش (٢٥) نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٦ کەوادەی ئامادەکراوبوو بۆ گەڕاندنەوەی حکومەتی ڕاگوزەری لەئێرلەندای باکور .



ئیەن پێیزلی و مارتین ماکگینیس

لە (٢٣) مانگی مەی ساڵی ٢٠٠٦ سەرکردەی (دی.یو.پی) ڕەتی کردەوە کەپۆستی (وەزیری یەکەم) وەربگرێت لەکاتێکدا کە سەرۆکی تیمی ڕاوێژ و دانوساندنەکانی پارتی شین فێین (مارتین ماکجینیس) وەکوو جێگری ئەو

پۆستی (جێگری وەزیری) یەکەم وەربگرێت. لەو پێوەدانگەدا (پیتەر هاین)[9] وەزیری دەوڵەتی حکومەتی بریتانیا بۆ کاروباری ئێرلەندای باکور، (ئێیلین بێڵ) ی سەرۆکی (پارتی هاوپەیمانی ئێرلەندای باکوور) وەکوو سەرۆکی پارلەمانی ئێرلەندای باکوور دەسنیشان کرد و هەریەک لە (فرانسی مۆڵۆی) لەپارتی شین فێین و (جیم وێڵز) یەکێک لەسیاسیەکانی (دی.یو.پی) یش لەپۆستی جێگری سەرۆکی پارلەماندا دەستبەکار بوون. لەسەرەنجامی ئەوەشدا ڕێکەوتنی (ساینت ئەندریۆس) هاتە ئاراوە کەتێیدا نوێنەرایەتی هەردوو حکومەت و تەواوی پارتە سیاسیەکانی هەردوو بەرەکەشی بە سەرکردەی (دی.یو.پی) (ئیەن پێیزلی)شەوە کە ئامادەنەبوو لەگەڵ شین فێین لەحکومەتێکدا کۆببێتەوە لە (١١– ١٣) ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٦ لەهەرێمی (سکۆتلاند) لەدەوری یەک مێزی وتووێژدا کۆکردەوە و سەرەنجامەکەشی بریتی بوو لە دووبارە بنیاتنانەوەی هەردوو دەسەڵاتەکەی هەرێمەکە (حکومەت و پارلەمان) . لەڕێکەوتی (٨) مەی ساڵی ٢٠٠٧ و

---

[9] **<u>پیتەر هاین</u>** یەکێک لەئەندامە ناسراوەکانی پارتی کرێکارانی بریتانیایە ، لەساڵی ١٩٥٠ لەدایک بووە لەتەمەنی هەرزەکاریەوە لە (باشوری ئەفریقیا)وە هاتۆتە بریتانیا ،لەساڵی ١٩٧٠ سەرکردایەتی کەمپیەنێکی دژی ئاپارتاید بەسەرکەوتوویی کردووە. لەهەردوو کابینەکەی لەیبەر پارتی لەسەردەمی (تۆنی بلێرو گۆردن براون) بەشداری کردووە لەکابینەکەی تۆنی بلێردا پۆستی وەزیری دەوڵەتی بۆ کاروباری ئێرلەندای باکور لەئەستۆگرتووە و لەسەردەمی گۆردن براونیش بۆماوەیەک وەزیری دەوڵەتی بۆ کاروباری هەرێمی وێڵز بووە. لەکابینەکەی براون مایەوە هەتا ئەو کاتەی لەکەمپەینی خۆهەڵبژاردن بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی لەیبەر پارتی، توشی شکست هات و نەیتوانی لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٨ کەبۆ ئەم مەبەستە لەنێو لەیبەر پارتی بەڕێوەچوو، سەرکەوتن بۆ ئەو پۆستە بەدەست بهێنێت. ئێستا ئەندامی پارلەمانی بریتانیایە بەنوێنەرایەتی (هەرێمی وێڵز) ناوچەی (نیث).



بەپێی ئەو ڕێکەوتنە شین فێین بەڵێنیدا بەشیوەیەکی مەبدەئی هاوکاری پۆلیسی هەرێمی ئێرلەندای باکوور بکات لەسەرخستنی ئێشوکارەکانیاندا و لەچوارچێوەی یاسا و ڕێساکانیشدا هاوکاری پێشکەش بە دادگا و دەسەڵاتی داودوەری هەرێمەکە بکات .



لەچەپەوە بۆ ڕاست

(فرانسی مۆڵۆی و جیم وێڵز)

بەپێی ڕێکەوتنی (ساینت ئەندریۆس) پارلەمانی ئینتیقالی بەسەرۆکایەتی خانم (ئێیلین بێڵ) ی سەرۆکی (پارتی هاوپەیمانی ئێرلەندای باکوور) دەستبەکار بوو جێگرەکانیشی کە (فرانسی مۆڵۆی) و (جیم وێڵز) بەهەمان شێوە لەوماوە ڕاگوزەریەدا لەپۆستەکانی خۆیان مانەوە و ئەندامەکانیشی هەر بریتی بوون لەهەمان ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی بەرێی پارلەمانە هەڵپەسێردراوەکە. ئەم پارلەمانە توانی یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لە (٢٤)ی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٦ بەئاکام بگەیەنێت.



مایکڵ ستۆن

پارلەمانی ئینتیقالی لەسەر کارەکانی خۆی بەردەوام بوو هەتا ئەو کاتەی توشی هەڕەشەی هێرشێکی تیرۆستی بوەوە کاتێک لەلایەن مایکڵ ستۆن) کەئەندامێکی گوێڕایەڵی گروپێکی نیمچە میلیتاری بوو، هەڕەشەی هێرشێکی نارنجۆکی لەدژی ئەو پارلەمانە ڕاگەیاندرا، بەو هۆیەوە ئەم پارلەمانە ئینتیقالییە لە (٣٠)ی جەنیوەری ساڵی ٢٠٠٧ هەڵوەشایەوە. هەڵوەشاندنەوەی ئەو پارلەمانە لەسەروبەندی دەسپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنێکی دیکەی نوێ بوو لەخولێکی دیکەی هەڵبژاردنی پارلەمانی لەهەرێمەکەدا.





مایکڵ ستۆن لەو کاتەدا کەلەلایەن پیاوانی سکیوریتی تەلاری پارلەمانی ئێرلەندای باکوور (ستۆرتمۆنت) دەسگیر دەکرێت. بۆ بینینی ئەم ڕووداوە بەشێوەی ڤیدۆیی دەنگ و ڕەنگ دەتوانن لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە سەیری ئەم لینکانەی خوارەوە بکەن.

http://news.bbc.co.uk/media/avdb/news/video/67000/nb/67237_16x9_nb.ram
یان
http://news.bbc.co.uk/1/hi/northern_ireland/6179792.stm

لە (٢٥)مانگی مارچی ساڵی ٢٠٠٧ پیتەر هاین وەکوو وەزیری دەوڵەتی بریتانیا بۆ ئێرلەندای باکور بەشێوەیەکی فەرمی واژۆی لەسەر فەرمانی دووبارە دەسبەکاربوونەوەی پارلەمانی هەرێمەکە کرد، دوای ئەوەی کە لە (٧) مانگی مارچی ساڵی ٢٠٠٧ جارێکی دیکە هەڵبژاردن بۆ پارلەمانە هەڵپەسێردراوەکەی هەرێمەکە کرایەوە. لەو هەڵبژاردنەدا هەردوو پارتی (دی.یو.پی) لەبەرەی یونیەنیستەکان و (شین فێین) لەبەرەی

نەشنەڵستەكان توانیان پلەی یەكەم و دووەمی زۆرایەتی دەنگەكان بۆ خۆیان مسۆگەر بكەن و بەو پێیەش ئەو دوو پارتە ڕێككەوتن لەسەر پێكهێنانی دەسەڵاتێكی هاوبەش لەهەرێمەكەدا و پۆستی وەزیری یەكەم بۆ (ئیەن پێیزلی ) لە (دی.یو.پی) و پۆستی (جێگری وەزیری یەكەم) بۆ (مارتین مككونیس ) لەپارتی شین فێین.

## دەسەڵات و پێكهاتەی پارلەمانی ئێرلەندای باكوور

دەسەڵات و پێكهاتەی پارلەمانی ئێرلەندای باكوور بەپێی یاسای ساڵی (١٩٩٨) ی حكومەتی بریتانیای تایبەت بەهەرێمی ئێرلەندای باكوور دیاری كراوە. ئەم پارلەمانە (١٠٨) ئەندامی هەیە كەبەكورتكراوەی (ئێم.ئێل.ئەی) واتە (ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان) ناودەبردرێن و لە (١٨) بازنەی هەڵبژاردنی جیاوازی هەرێمەكەوە بەپێی یاسای هەڵبژاردنی جیهانی كەتەمەنی (١٨) ساڵی دەسنیشان كردووە بۆ دەنگدان لەو هەرێمەشدا وەكوو تەواوی پرۆسەی هەڵبژاردنە پارلەمانیەكانی دنیا پرۆسەی دەنگدانەكە بەڕێوەدەچێت. كارەكانی پرۆسەی هەڵبژاردن لەبازنەكانی هەڵبژاردنی هەرێمەكە بەهەمان ئەو شێواز و ڕێوشوێنانە بەڕێوەدەچێت كەلەناوچەكانی هەڵبژاردنی پارلەمانی گشتی بریتانیا (وێستمینیستەر) دەگیرێنەبەر.

بەپێی یاسای ساڵی ١٩٩٨ بڕیارە هەڵبژاردنی پارلەمانی لەسەر ئاستی هەرێمەكە هەر (٥) ساڵ جارێك و لەیەكەمین (پێنجشەممە)ی مانگی (مەی)دا بەڕێوەبچێت، بەمەرجێك ئەو پارلەمانە لەپێش ئەو ماوە یاساییەدا توشی هەڵوەشاندنەوە یان خۆهەڵوەشاندنەوە نەبوویێت. هەروەكوو چۆن نەتوانرا دووەمین هەڵبژاردنی پارلەمانی ئەو هەرێمە لەكاتی خۆیدا بەئاكام بگات چونكە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی كەحكومەتی بریتانیا هەیەتی توانی ئەو



هەڵبژاردنە لەو ماوە یاساییە دیاریكراوە دوابخات،هەربۆیە دەبینین دووەمین هەڵبژاردنی پارلەمانی مۆدێرنی ئەو هەرێمە نەتوانراوە ئەنجام بدرێت هەتا (٢٣) ی مانگی (نۆڤەمبەر) ساڵی ٢٠٠٣. ئەو وادەیەی كەلەلایەن حكومەتی بریتانیاوە دەسنیشان كرابوو.

پێش ئەوەی هەر هەڵبژاردنێكی نوێی پارلەمانی لەو هەرێمەدا دەست پێبكات پێویستە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا كەوەزیرێكی دەوڵەتی تایبەت كردووە بەكاروبارەكانی هەرێمەكەوە بەماوەیەكی كورت پارلەمانە كۆنەكە هەڵبوەشێنرێتەوە و لەكاتی هەڵبژاردنی پارلەمانی نوێشدا پێویستە پارلەمان بتوانێت لەماوەی تەنها (٨) ڕۆژدا بەگوێرەی یاسای ساڵی ١٩٩٨ یەكەمین كۆبوونەوەی خۆی بەئاكام بگەیەنێت. هەر بەپێی ئەم یاسایە و دەستوری پارلەمانی هەرێمەكە ئەم پارلەمانە مافی خۆهەڵوەشاندنەوەی هەیە بەمەرجێك ئەم هەڵوەشاندنەوەیە بەزۆرایەتی دەنگی (دوو لەسەر سێی) ئەندام پارلەمانەكانی خودی ئەو پارلەمانە بێت و لەلایەن ئەوڕێژە یاساییەوە دەنگ لەسەر ئەم خۆهەڵوەشاندنەوە بدرێت.

لەڕووی یاساییەوە ئەم پارلەمانە لەدووحاڵەتدا بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی هەڵدەوەشێتەوە. حاڵەتی یەكەم كاتێك ڕوودەدات كەئەو پارلەمانە لەماوەی (٦) هەفتەدا لەدوای ئەنجامدانی یەكەمین كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی نەیتوانی (وەزیری یەكەم و جێگرەكەی) بەهەڵبژاردن یەكلایی بكاتەوە چونكە بەپێی یاسای هەڵبژاردنی هەرێمەكە لەڕووی یاساییەوە پێویستە پارلەمان بتوانێت ئەم مەسەلەیە یەكلایی بكاتەوە ئەگەر نەیتوانی ئەوا لەڕووی یاساییەوە ڕەوایەتی خۆی لەدەستدەدات و بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی هەڵدەوەشێتەوە. حاڵەتی دووەمیش هەر پەیوەندی بەهەمان مەسەلەوە هەیە چونكە دیسان بەپێی هەمان یاسای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٨ ئەگەر لەبەر

هەر هۆیەک بوو ئەو پارلەمانە نەیتوانی وەزیری یەکەم و جێگرەوەی دیاری بکات ئەوا دیسان ئەو پارلەمانە هەڵدەوەشێتەوە چونکە بەگوێرەی یاسا نابێت لەدوای تێپەڕبوونی شەش هەفتە بەسەر یەکەمین کۆبوونەوەی ئاسایی پارلەماندا ئەو دوو پۆستە بە بەتاڵی بمێننەوە.

پارلەمانی هەرێمی ئێرلەندای باکوور دوو میکانیزمی سەرەتایی هەیە بۆ مسۆگەرکردنی دابەشکردنی دەسەڵات و هاوبەشی کردنی تەواوی پارتە سیاسیە دەنگ پێدراوەکانی نێوی. یەکێک لەمیکانیزمەکان لەو شێوازەدا بەرجەستە دەبێت کەئەنجوومەنەکە بەهۆیەوە وەزیرەکانی دەسەڵاتە ڕاپەڕاندنەکەی هەرێمەکەی پێ دیاری دەکات چونکە بەهۆی ئەو میکانیزمەوە دەتوانرێت هەموو ئەو پارتانەی کەتوانیویانە بگەنە پارلەمان ئەگەر ئەو گەیشتنە تەنها بەیەک کورسیش بێت، بتوانن بەشداری بکەن لەحکومەتدا و یەکێک لەوەزارەتەکان و پۆستە وەزاریەکان بگرنەدەست. بەمەش چانسێکی باش بۆ پارتە بچوکەکان دەرەخسێت کەدەرفەتی ئەوەیان هەبێت بەشداری لەحکومەتدا بکەن چونکە دەسنیشان کردنەکە لەڕێگەی زۆرایەتی سادەی دەنگی دەنگدەرانەوە نییە، بەڵکو جۆرێک لەسازان و ڕێکەوتنە لەنێوان لایەنەکانی نێو پارلەماندا لەپێناوی بەشداری کردنی هەموان لەدامەزراندنی حکومەتدا و هەبوونی نوێنەرایەتی هەموان لەنێو ئەو حکومەتەدا. بێگومان نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کەڕاستە هەموو پارتەکانی هاوبەش لەپارلەمان دەتوانن هاوبەشبن لە حکومەتیشدا بەڵام مەسەلەی ژمارەی پۆستەکان و جۆری پۆستە وەزاریەکان لەڕاستیدا بەندە بەتوانای نوێنەرایەتی کردن و ئەو ڕێژەیەی کەهەر پارتێک لەپارتەکان هەیەتی لەنێو پارلەماندا.

میکانیزمی دووەم بریتییە لەو شێوازەی کە ئەو پارلەمانە لەکاتی دەرکردنی بڕیارەکانیدا پەیڕەوی دەکات، چونکە بۆ هەر بڕیارێکی گرنگ و



دڵنیاکەرەوە پێویستە ئەو بڕیارە بەرلەوەی بخرێتە بەردەم پارلەمان، پێویستە ڕەزامەندنی فراکسیۆنەکەی یان کۆمەڵگایەکەی) خۆی بەدەست هێنابێت، یان ڕەزامەندی لانی کەمی (٣٠) ئەندام پارلەمان لەهەردوو کۆمەڵگاکە (یونیەنیستەکان و نەشنەڵستەکان)ی بەدەستهێنابێت. هەروەکووچۆن لەکاتی هەڵبژاردنی (وەزیری یەکەم و جێگرەکەی) یان سەرۆکی پارلەمان و هەردوو جێگرەکەی یان بڕیار لەسەردانی سەرفکردنی هەر پارەدانێک کەبڕەکەی زۆر بێت، پیویستە بەر لەوەی بخرێتە بەردەم پارلەمان ڕەزامەندنی کۆمیتەکانیانی لەسەر وەربگیرێت.

لەڕاستیدا جگەلە پۆستی وەزیری یەکەم و جێگرەکەی کەپێویستی بەوەرگرتنی ڕەزامەندی کۆمیتەکان و زۆرایەتی دەنگی ئەندامانی پارلەمانە ئەوا لەدەرکردنی زۆربەی بڕیارەکانی دیکەدا تەنها بەدەسهێنانی ڕەزامەندی کۆمیتەکان و فراکسیۆنەکان بەسە بۆ ئەوەی هەر پرۆژە یاسا و داخوازیەک بخرێتە بەردەم پارلەمان بۆ تێپەڕاندن و بڕیار لەسەردان. چۆنیەتی بڕیار لەسەردانی هەر مەسەلەیەک پەیوەندی بەچۆنیەتی بەدەستهێنانی پشتیوانی ئەو کۆمەڵگا و فراکسیۆنەوە هەیە کەپێشنیارەکەی بەرزکردۆتە، ئەمە وێڕای ئەوەی کەپێویستە سەرۆکی پارلەمان لەوە دڵنیا بێت کەبەر لەدەنگدان پێویستە زیاتر لە (٣٠) ئەندام ئامادەبن بۆ ئەوەی ئەو بابەتانە بخرێنە دەنگدانەوە. لەڕاستیدا هەر کۆمەڵگایەک لەدوو کۆمەڵگاکەی نێو پارلەمان، مافی مومارەسەکردنی دەنگدانی هەیە لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان لەسەر هەر بڕیارێکی خۆی لەنێو ئەنجومەنەکەدا.

هەر ئەندام پارلەمانێک (ئیم.ئێڵ.ئەی) لەنێو پارلەمانی ئێرلەندای باکور لەکاتی دەستبەکاربوونیدا ئازادە لەوەی خۆی بە (نەشنەڵیست) یان (یونیەنیست) یان هەرجۆرە شوناسێکی گونجاوی دیکەی کەخۆی باوەڕی

پێیەتی لەقەڵەم بدات بەڵام بەمەرجێک ئەم خۆناساندن و خۆساغکردنەوەیە لەو خولە پارلەمانیەدا لەیەکجار زیاتر تێپەڕنەکات.

ئەگەرچی سیستمی بەشداریکردن و هاوبەشی کردنی هەموان سیستمێکی جێگەی شانازی پارلەمانی دیموکراتیکی هەرێمەکەیە و وەکوو نەریتێکی مودێرن هەوڵی بەردەوامکردنی دەدرێت لەلایەن پارتە سیاسیە باڵادەستەکانی هەردوو بەرە ئایدلۆژیەکەی هەرێمەکەوە بەڵام ئەمە دیسان ئەوە ناگەیەنێت کەئەم سیستمە رووبەڕووی ڕەخنە و ڕەخنەگرتن نەهاتبێتەوە چونکە لەڕاستیدا ئەم نەریتە سیاسی و سیستمە پارلەمانی و دەسەڵاتیەش مایەی ڕەخنەلیگرتن و هەڵوەستە لەسەرکردن بووە بەتایبەت لەلایەن ( پارتی هاوپەیمانی)یەوە چونکە ئەوان پێیان وایە ئەم سیستمە سیستمێکە کەگەشە بەگیانی ئەتنی و تایفی دەدات بەتایبەت کەلەهەموو هەڵبژاردنەکان ڕەچاوی لایەنە تایفیەکە دەکرێت و هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای تەوافوقی و سازان و ڕێکەوتنە لەنێوان بەرەی یونیەنیستەکان و نەشنەڵستەکان کەئەمەش بەلای ئەوانەوە خەوشێکی دیوکراسی نێو ئەو سیستمەیە و تەنها بەوە چارەدەکرێت، کەسیستمەکە لەجیاتی پەنابردن بۆ بنەماکانی سازان، پەنابەرێت بۆ ئەنجامدانی خودی گەمە دیموکراسیە ڕاستەقینەکە، کەبریتییە لەپەیڕەوکردنی زۆرایەتی سادەی دەنگەکان لەکاتی یەکلایی کردنەوەی بابەتەکاندا، لەوەش زیاتر بێلایەنەکان ڕەخنە لەو سیستمە دەگرن بەتایبەت لەشێوازی هەڵبژاردنی وەزیری یەکەم و جێگرەکەیدا چونکە مەسەلە بەتێگەیشتنی ئەوان بەفلتەری ڕێکەوتنی نێوان هەردوو کۆمەڵگا بەهێزەکە (یونیەنیستەکان و نەشنەڵستەکان)دا تێدەپەڕێت و ئەوانی دیکەی سەربەخۆ و بێلایەن ناتوانن هیچ ڕۆڵێک وازی بکەن.



پارلەمانی ئێرلەندای باکور هەردوو دەسەڵاتی (یاسادانان) و (بەرپرسیارێتی)شی لەمشتدایە بۆ هەڵبژاردنی پۆستی وەزیری یەکەم و جیگری وەزیری یەکەم،هەرچەندە لەدەسەڵاتی ئەو پارلەمانەیە، کەدەنگ بدات بە وەزیری یەکەم و جیگری وەزیری یەکەم لەکاتی دامەزراندنیاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەساڵی ٢٠٠٦ وە بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم پۆستە بۆ سەرۆکەکانی دووگەورەترین فراکسیۆنی براوەی یەکەم و دووەمی نێو پارلەمان دەبێت، کەلە ئێستادا سەر بەهەردوو بەرەی یونیەنیستەکان و نەشنەڵستەکانن، بەڵام هەرچی دانانی وەزیرەکانە ئەوا بۆ خودی فراکسیۆنەکان و پارتە سیاسیەکانی نێو پارلەمان دەگەڕێتەوە، چونکە ئەوان ئەو پەڕی سەربەستیان هەیە لەدیاری کردنی وەزیرەکانیان.

پارلەمانی ئێرلەندای باکوور دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە لەو بابەتانەی کەبەکێشە ڕاگوزەریەکان ناسراون هەرچەندە ئەم جۆرە دەسەڵاتانەی یاسادانانی هەرێمەکە بەشێوەیەکی ڕوون و دیاریکراو لەیاسای ساڵی ١٩٩٨ی تایبەت بەئێرلەندای باکور ئاماژەیان پێنەکراوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پارلەمانە پیادەی ئەو مافە یاساییانە وەکوو ئەرکێکی مۆڕاڵی و نیشتیمانی دەکات کەلەنێو ئەو بڕیارەی پارلەمانی وێستمینیستەردا بەشێوەیەکی ڕوون باسیان لێوەنەکراوە.

ئەو دەسەڵاتانەی کەلەلایەن پارلەمانی وێستمینیستەرەوە بۆ دەوڵەتی بریتانیا پارێزراون و بەدەرن لە دەسەڵاتەکانی ئەو پارلەمانیە هەرێمییە دابەش دەکرێن بەسەر دوو جۆردا . جۆری یەکەمیان بریتین لەو مەسەلانەی کەبەشێوەیەکی هەمیشەیی بۆ دەوڵەتی بریتانیا پارێزراون و پییان دەوترێت (مەسەلە هەڵاوێردکراوەکان) و جۆری دووەمیشیان بریتین لەو مەسەلانەی کەڕەنگە لەئایندەدا بوار هەبێت بخرینە نێو دەسەڵاتە تەشریعییەکانی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەرێمەکەوە کە بە (بوارە پارێزراوەکان) ناسراون. بەڵام لەکاتی هەڵپەساردنی دەسەڵاتەکانی ئەو پارلەمانە ئەوە هەموو ئەو دەسەڵاتانەی کەپەیوەستن بەلایەنە پراکتیزیەکەوە بەشێوەیەکی یاسایی و بەپێی فەرمانێکی مەرسومی بۆ حکومەتی بریتانیا دەگەڕێنەوە و هەموو ئەو مەسەلانەش کەپەیوەستن بەمەسەلە یاسایی و دەستوریەکانەوە لەلایەن پارلەمانی بریتانیاوە وەردەگیرێنەوە. لەحاڵەتێکی لەوچەشنەدا (ئەنجومەنی شارەوانیەکان) لەئێرلەندای باکور توانای بەرزکردنەوەی هەموو ئەو کێشانەیان هەیە کەلەتوانای یاسایی ئەوان بەدەرن بۆ پارلەمانی بریتانیا، چونکە لەو حاڵەتانەدا ئەنجومەنی شارەوانیەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جێگەی ئەنجومەنە نیشتیمانیەکەی ئێرلەندای باکور دەگرنەوە.

لەڕاستیدا هەموو ئەو یاساو فەرمانە ئیداریانەی لەلایەن پارلەمانی ئێرلەندای باکوورەوە دەردەچن بەشێوەیەکی وورد و بەردەوام دەخرێنە ژێر چاودێریەوە، چونکە لەکاتی قەومانی هەرسەرپێچی و سنوربەزاندنێکی ئەو دەسەڵاتەی کەلەلایەن پارلەمانی وێستمینیستەرەوە بەو پارلەمانە بەخشراوە، ئەوا ئەو پارلەمانە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی دادوەری دەکرێتەوە لەلایەن پارلەمانی بریتانیاوە، جا ئەو سەرپێچیانە بریتیبن لەپێشێلکردنی دەستوری شاهانەی بریتانی یان پێشێلکردنی یاساکانی پارلەمانی ئەوروپا، یان بریتیبن لەپێشێلکردنی بەندەکانی ڕێکەوتنامەی ئەوروپی لەسەر مافەکانی مرۆڤ، یان جیاوازیکردن لەنێوان تاکەکان بێت لەسەر بنەمای ئەتنی و ئاینی و بیروباوەڕی سیاسی.

لەگەڵ ئەوەشدا کەپارلەمانی ئێرلەندای باکوور لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت نەک بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن (شاژنی بریتانیا)وە پێکبهێنرێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو پرۆژە یاساییانەی دەخرێنە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەردەم پارلەمان و پارلەمان بڕیاریان لەسەر دەدات پێویستە لەڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و وەزیری پەیوەندیدار بەکاروبارەکانی هەرێمەکەوە بخرێنە بەردەم شاژن، بۆئەوەی ڕەزامەندیان لەسەر بدرێت. بێگومان ئەمە تەنها کارێکی ڕۆتینی و ڕواڵەتی نییە، چونکە هەتا ئەو پرۆژە یاساییانە لەلایەن ئەوەوە واژۆ نەکرێن نابن بەیاساو ناتوانرێت لەچوارچێوەیەکی یاسایدا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. بێگومان پێویستە لێرە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو پرۆژە قانونیانە لەلایەن وەزیری تایبەت بەکاروبای ئێرلەندای باکورەوە بەناوی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاوە بۆ دیوانی پادشایەتی بەرز ناکرێنەوە، ئەگەر وەزیر لەوە دڵنیانەبێت کەئەم پرۆژانە لەگەڵ دەستوری بریتانیا و سیستمی فەرمانڕەوایی دیموکراتیکی پادشایەتی بریتانیای مەزندا کۆکن.

بەگوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی ئێرلەندای ساڵی ١٩٩٨ بەشێوەیەکی دەستوری هەموو ئەو یاسایانەی کەلەلایەن پارلەمانەوە دەردەچن پێویستە لەلایەن دیوانی پادشایەتی (شاژن)ەوە ڕەزامەندیان لەسەر بدرێت بۆ ئەوەی بکرێن بەیاسا. بێگومان لەم ڕەزامەندی بەخشینە بە (ڕێکەوتن) لەنێوان وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری ئێرلەندای باکور و (شاژن) ی بریتانیای مەزن بەئاکام دەگات.

دەسەڵات و کاروبارەکانی ئەم هەرێمە بەسەر (٣) جۆردا پۆلێن کراون وەکوو ئەمەی لای خوارەوە:-

<u>یەکەم</u>: دەسەڵاتە گواستراوەکان لەحکومەتی لەندەنەوە بۆ حکومەتی هەرێمەکە. ئەوانە بریتین لەوپۆستە ئیداریانەی کەدوای ئەوەی لەلایەن پارلەمانی هەرێمەکەوە ڕەزامەندیان لەسەر نیشان دەدرێت و پارلەمانیش

لەڕێگەی وەزیری دەرەوە بۆ بەردەم دیوانی پادشایەتی شاژن بەرزیان دەکاتەوە و دواتریش (شاژن) بەڕێکەوتن لەگەڵ وەزیری دەرەوەدا ڕەزامەندیان لەسەر نیشاندەدات، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی و لەچوارچێوەی یاسای گواستنەوەی دەسەلات و وەکوو ئەو کاروبارە ئیداریانەی کەبەشێوەیەکی یاسایی ڕەزامەندی دەوڵەتی خاوەن شکۆی بریتانیان لەسەر وەرگیراوە، بگوازرێنەوە بۆ دەسەلاتی خۆبەڕێوەبەرێتی هەرێمەکە، کەبریتین لەم کاروبارە ئیداری و دەسەلاتە خزمەتگوزاریانەی لای خوارەوە: -

- کاروباری خوێندن و پەروەردە
- کاروباری تەندروستی
- کاروباری کشتوکاڵ
- گەشەپێدانی هەرێم و گواستنەوە
- کاروباری ژینگە
- کاروباری فەرمانبەران
- کاروباری دارایی
- کاروباری کەلچەری و هونەری و گەشتیاری و ڕابواردن
- کاروباری خەڵک و گەشەکردنی کۆمەلایەتی
- کاروباری پرۆژەکان و بازرگانی وەبەرهێنان



دووەم: دەسەلات و پرسە پارێزراوەکان. ئەوانە بریتین لەودەسەلاتانەی کەلەئێستادا بۆ حکومەتی لەندەن پارێزراون و دەشێت بەتێپەڕبوونی کات و گەشەکردنی هەمەلایەنەی هەرێمەکە، حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا بۆ دەسەلاتدارێتی خۆبەڕێوەبردنی هەرێمەکەیان بگوازێتەوە .ئەم دەسەلاتانەش بریتین لەم پرس و بابەتانەی خوارەوە: -

- پۆلیس و کاروبارەکانی ئەو دەزگایە.
- یاسای ڕووبەڕووبونەوەی تاوان (جنائی).
- پرسی خاوەندارێتی سەرمایەی ڕۆشنبیری.
- پرسی لێسەندنەوەی مافی ئەندامێتی پارلەمان.
- کاروباری دەریاوانی و فڕۆکەوانی مەدەنی.
- سەرپەرشتی کردنی سەلامەتی بەکارهینان و ڕێگرتن لەمشەخۆری.
- پەیوەندی کردن و پۆستەوگەیاندن.
- مافی هەڵسوکەوتکردن لەکەنار دەریاکان و سەرزەمینی نێوان وشکانی و ئاو.
- پرسی بازرگانی نێودەوڵەتی و بازاڕەکانی دارایی.

سێیەم: دەسەڵات و پرسە هەڵاوێردکراوەکان. بریتین لەو دەسەڵات و پرسانەی کەبەشێوەیەکی هەمیشەیی لەدەستی دەوڵەتی خاوەن شکۆی بریتانیادا دەمێننەوەو مایەی گواستنەوە نین بۆ دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنی هەرێمەکە نە لەئێستا و نە لەئایندەشدا چونکە ئەوانە بەپرسە سەرەکی و (سیادیەکان) دەناسرێنەوە و پەیوەستن بەدەسەڵات و ئەرک و مافەکانی دەوڵەتی خاوەن شکۆیی بریتانیاوە. ئەم ئەرک و ماف و دەسەڵاتانەش بریتیین لەم بابەت و پرسە گرنگانەی خوارەوە:-

- بەرگری و هێزە چەکدارەکان.
- پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و کاروبای دەرەوە.
- پرسی ڕەگەزنامە و کۆچ و پەنابەرێتی.
- میراتی پادشایەتی. (کەبۆ ئەندامانی بنەماڵەی شاهانەی پرۆتستانت مەزهەب لەبریتانیای مەزن بەگوێرەی دەستوری نەنوسراوەی بریتانیا تەرخان کراوە.
- باج و خەراج (تەکس) کەلەسەرانسەری بریتانیادا وەکوو شێوەیەکی گشتی وەردەگیرێت.
- پرسی هەموو هەڵبژاردنە هەرێمیەکانی ئێرلەندای باکوور.
- دامەزراندنی گەورە دادوەرەکان (قازی).
- بەخشینی نیشانەکانی شکۆ و شانازی.
- پارە (دراو) و داهاتی نیشتیمانی.



پارلەمان، لەئێرلەندای باکووردا خاوەنی کۆمیسیۆنی تایبەت بەخۆیەتی، ئەو کۆمیسیۆنە وەکوو کەسایەتی مەعنەوی پارلەمانەکە وایە. ئەم کۆمیسیۆنە خاوەنی یاسایی هەموو ئەو پڕۆژانەیە کەبەناوی پارلەمانە بنیاتنراون و کارەکانی نێو پارلەمان و ئەو خزمەتگوزاریانەیش کەپێویستیان بەراپەڕاندنە لەڕێگەی فەرمانبەرەکانی نێو کۆمیسیۆنەکەوە جێبەجێ دەکرێن، لەڕووی یاساییشەوە کۆمیسۆنەکە نوێنەرایەتی پارلەمان دەکات لەهەر هەنگاوێکی یاسایدا جا چ ئەو هەنگاوانە لەلایەن پارلەمانەوە یان لەدژی پارلەمان بەرز بکرێنەوە.

جگە لەو کۆمیسیۆنەش لەنێو پارلەماندا ژمارەیەک کۆمیتەی هەمیشەیی و چەند کۆمیتەیەکی تایبەتی و کاتیش هەن. سەرۆکی ئەو کۆمیتانەو جیگرەکانیان لەلایەن ئەو پارتانەوە دەسنیشان دەکرێن کەلە پارلەماندا بەشدارن و هەریەک لەو پارتە سیاسیانە مافی ئەوەی هەیە کێ دەسنیشان دەکات بۆ پۆستی سەرۆک و جیگری سەرۆکی ئەو کۆمیتە پارلەمانیانەی بەر پارتەکەیان دەکەوێت.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# سوپای کۆماری ئێرلەندا
# (ئای.ئارِ.ئەی)



مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەڕاستیدا وەکوو ئایدلۆجیا هێزی فیزیکالی ئێرلەندیە کۆماریخوازەکان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. وەکوو زاراوەش بەکارهێنراوە بۆ پیناسەکردنی هێزێکی کۆنەپەرستی توندڕەوی توندوتیژی میلیتاری، هەر لەساڵی ١٧٩٨ هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ . هەوادارانی ئەو گروپە میلیتارە لەسەرانسەری ئێرلەندادا بەشێوەی باش بەرچاوکەوتوون بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەتایبەت لەنێو نەتەوەخوازەکانی ئێرلەنداوە لەپیناوی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کۆماری یەکگرتووی ئێرلەندی.

سەرەتای ئەو هێزە ئایدلۆجییە دەگەڕێتەوە بۆ گروپێکی یاخیبوان بەناوی (ئێرلەندیە یەکگرتووەکان) لەساڵی ١٧٩٨ و دواتریش (هەڵگەڕانەوەی ساڵی ١٨٠٣) و (یاخیبوونی لاوانی ئێرلەندی لەساڵی ١٨٤٨) و (یاخیبوونی برایەتی کۆماریخوازانی ئێرلەندی لەساڵی ١٨٦٧ . بەم شێوەیە و لەسەر بنەما و ئەزموونی ئەو ڕێکخراوە سەربازی و نەتەوەپەرستە توندڕەوانە و وەکوو درێژکردنەوەی ئەو خەباتە چەکداریە فیداکاری و نهێنییە، سوپای کۆماری ئیرلەندا، لەدایک دەبێت، کەدواتر لەبەشە باکوریەکە ناوەکەی دەگۆڕدرێت بۆ (سوپای کاتی ئێرلەندای باکوور) کەهەڵگری هەمان ئامانجی نەتەوەیی و نیشتیمانیە و باوەڕی بەیەکێتی خاک و خەڵکی هەموو بەشەکانی ئێرلەندا هەیە لەیەک نیشتیمان و لەژێر سێبەری یەک دەوڵەتی کۆماری سەربەخۆی نەتەوەیی ئایریشیەکاندا.

سوپای کۆماری ئیرلەندا (ئای.ئارِ.ئەی) ڕێکخراوێکی سەربازی نێو هەناوی گروپێکی میلتاری نەتەوەپەرست بوو بەناوی (ئێرلەندیە خۆبەخشەکان) و لە ئێپرەیلی ساڵی ١٩١٦ دامەزراندنی خۆیان ڕاگەیاند و دواتر سەرکردایەتی هەڵگەڕانەوەی بەناوبانگی (ئیستەری) هەمان ساڵیان کرد و لەساڵی ١٩١٩ بەشێوەیەکی یەکلایەنانە پارلەمانێکیان ڕاگەیاند و هەرتاک لایەنانەش و

لەهەمان ساڵدا کۆماری سەربەخۆی ئێرلەندایان ڕاگەیاند و هێزە میلیشیاکەی خۆشیان وەکوو سوپای شەرعی ئێرلەندا ڕاگەیاند .

ئەم گروپە سەربازیە لەساڵی ( ١٩١٩- ١٩٢١) (جەنگی سەربەخۆیی ئێرلەندایان لەدژی حکومەتی بریتانی ڕاگەیاند) و بەسەرکردایەتی ( مایکڵ کوڵینیس ) چەندین کاری توندوتیژی و تێکدەرانەیان لەدژی حکومەتی بریتانیا و دامەزراوە حکومیەکانی ئەو وڵاتە لەڕێگەی (کەتیبە خۆبەخشەکانیانەوە) ئەنجامدا و بەمەش حکومەتی بریتانیایان ناچاری دانوساندن کرد لەگەڵیاندا کەسەرەنجامەکەی بەوەشکایەوە لەبەشەکانی ناوەڕاست و باشور حکومەتێکی نەتەوایەتی کۆماری سەربەخۆ بۆ ئایریش نەژادەکان دەستەبەر کرا بەڵام (شەش هەرێم) لەکۆی (هەژدە هەرێمەکەی ناوچەی ئەلستەر کەبەشی باکوری ئێرلەندابوو بەپێی ڕێکەوتنامەی (ئەنگلۆ ئایریشی) بەر بریتانیا کەوت. ئەم دوو کەرتبوونەی نیشتیمانی ئایریشیەکان دوو کەرتبوونی سوپای کۆماری ئێرلەنداشی لیکەوتەوە چونکە بەشێک لەو سوپایە بەسەرکردایەتی (مایکڵ کولینیز) پشتیوانیان لەڕێکەوتنەکەکرد و بەشەکەی دیکەش بەسەرکردایەتی (ئەیمون دی ڤالێرا) ی سەرۆکی شین فێین دژایەتی خۆیان بۆ ئەو ڕێکەوتنە دەربڕی و داوای بەیەکەوە گرێدانەوەی هەردوو بەشەکەی نیشتیمانەکەیان دەکرد و باوەڕیان بەدابڕینی بەشە باکوریەکە لەبەشەکانی دیکە نەبوو و ئامادەنەبوون ڕازیبن بەوەی بەشە باکوریەکە لەژێر دەسەڵاتی پادشایەتی بریتانیای مەزندا بمێنێتەوە .

هەرچەندە لەساڵی (١٩٢٠) وە کۆمەڵێک ڕێکخراوی جۆر بەجۆر پروپاگەندەی ئەوەیان کردووە کەئەوان درێژەپێدەری سوپای کۆماری ئێرلەندان، بەڵام لەڕاستیدا زۆرینەی خەڵکی ئێرلەندا لەگەڵ پروپاگەندەی ئەو گروپانەدا نین چونکە ئەوان بەدرێژکراوەی (ئای.ئار.ئەی) نازانن. لەدوای



ڕێکەوتننامەی (ئەنگلۆ- ئێرلەندی) لەساڵی ١٩٢١ و لەسەر هەڵوێست لەو ڕێکەوتنە ئەو سوپایە بەسەر دوو گروپدا دابەش دەبێت. بەرەی پشتیوانان و لایەنگری ڕێکەوتنەکە بەسەرۆکایەتی سەرکردەی (ئای.ئار.ئەی) (مایکڵ کوڵینیس) لەساڵی ١٩٢٢ گروپێکی تازەیان بەناوی (نەواتی سوپای نیشتیمانی) دامەزراند بەڵام هەرچی گروپی دووەم بوون ئەوانە دژایەتی ڕێکەوتننامەکەیان کردو هەر لەژێر ناوی (ئای.ئار.ئەی) مانەوە تەنانەت دوای شکستەکەیان لەشەڕی سڤیلی (ئەهلی) ئێرلەندادا هەرچەندە لەسەرەتای ساڵەکانی سەدەی ڕابردووەوە هەوادارانی ئەو گروپە ڕووی لەکزی کرد و تەنها ئەوانە مانەوە کەخۆیان لەبەرەی کۆماریخوازێتیدا دەبینیەوە.

لەشەڕی ئەهلی ئێرلەندا لەساڵانی (١٩٢٢- ١٩٢٣) بەهاوکاری حکومەتی بریتانیا بەرەی هاوسۆز لەگەڵ ڕێکەوتنی (ئەنگلۆ-ئایریشی) توانی هەتا ڕادەیەک شەرەکە بباتەوە و بەسەر بەرەکەی دیکەی سوپای کۆماری ئێرلەندادا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و حکومەتی بریتانیاش توانی ئەو بەرەیەی ئەو سوپایە کە دژی ڕێکەوتنەکەبوون ناچار بکات کەپەیماننامەیەکی لەگەڵدا مۆر بکات هەرچەندە دواتر سەرانی ئەو گروپە نەچوونە ژێر باری جێبەجیکردنی ڕێکەوتنەکەوە، چونکە بەشێکیان پابەندی ئەو بەڵێننامەیە نەبوون و وەکوو بەڵێنیان دابوو دەسبەرداری چەکەکانیان نەبوون و بەشێکیشیان لەدوای ئەو پەیماننامەیە ڕوویان کردە ئەو پارتە تازەیەی کە (دی ڤالێرا) ڕایگەیاندبوو. ئەو پارتەی (دی ڤالێرا) (شین فێین) بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕایگەناند کە باوەڕیان بەخەباتی سیاسی و پارلەمانی هەیە و لەوڕێگەیەوە خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆن و لەساڵی (١٩٣٠)یش توانیان جڵەوی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیە لەبەشە ناوەڕاست و باشورەکەی ئێرلەندا بەدەستەوە بگرن .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەشی دووەمی ناڕازی لەڕێکەوتنەکە، ئەوانە بەهیچ شێوەیەک باوەڕیان بەسازان نەبوو لەگەڵ حکومەتی بریتانیادا و بەشێوەیەکی توندوتیژ کەوتنە وێزەی حکومەت و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی بریتانیا و لەساڵانی (١٩٣١-١٩٣٦ ) چەندین کاری تیرۆریستی و تەقینەوە و تێکدەرانەی توندتیژیان ئەنجامدا لەبریتانیادا ئەمەش حکومەتە سەربەخۆکەی کۆماری ئێرلەندای ناچارکرد کەچەند ڕێوشوێنێکی یاسایی توند لەدژی سوپای کۆماری ئێرلەندا وەربگرێت و بەبڕیاری (پارلەمانی ئێرلەندا) کۆمەڵێک لەئەندامانی ئەو سوپایە دەسگیرکران و خرانە بەندیخانەکانەوە بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی دادگایی کردن ببنەوە . ئەم بەشەی سوپای کۆماری ئێرلەندا هێرشە تیرۆریستیەکانیان لەنێوان ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی تۆختر کردەوە بەمەش حکومەتی کۆماری ئێرلەندایان توشی شەرمەزاریەکی زۆرکرد لەبەرامبەر حکومەتی بریتانیادا بەتایبەت ئەو کاتەی لەگەرمەی جەنگی جیهانی دووەمدا سەرکردەکانی ئەو سوپایە پەنایان بۆ وەرگرتنی کۆمەک و پشتیوانی سەربازی (هیتلەر) برد، ئەو کاتانەی، کەئاڵەمانەکان، بەسەرۆکایەتی هیتلەر لەجەنگدابوون لەدژی حکومەتی بریتانیا. هەربۆیە ئەو حکومەتە تەنها بەگرتن و زیندانی کردنی ئەندامەکانی ئەو سوپایەوە نەوەستا، بەڵکوو دەستی کرد بەلەسێدارەدانی هەندێک لەئەندامە دەسگیرکراوەکانیان. حکومەتی دی ڤالێرا بەردەوام بوو لەگوشارەکانی خۆی بۆ سەر ئەندامانی ئەو سوپایە و بەشێوەیەکی بەردەوام لەدژیان پەنای بۆ ڕێوشوێنی سکیوریتی توند دەبرد . ئەگەرچی کاتێکی زۆری خایاند بەڵام سەرۆک دی ڤالێرا توانی لەکۆتاییدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ئەو سوپایە لەساڵی ١٩٤٩ بەمەرجەکانی خۆی ڕازی بکات.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەژێر کاریگەری سیاسەتەکانی حکومەتی دی ڤالێرا سوپای کۆماری ئێرلەندا لەگەڵ دەسپێکردنی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا توشی لاوازی و شکستی بەردەوام هات و جموجۆڵە تیرۆریستیەکانیان بەشێوەیەکی باش کپکران، بەجۆریک لەسەرەتای شەستەکاندا بەشێوەیەکی باش دەسبەرداری کارە تیرۆریستیەکانیان بوون لەدژی حکومەتی بریتانیا و لەساڵی ١٩٦٢ ڕایانگەیاند کەدەسبەرداری شەڕ دەبن . بەڵام ئەو شەڕ وەستاندنە زۆر ناخایەنێت بەتایبەت کە لەکۆتایی شەستەکاندا ئەو سوپایە لەئێرلەندای باکور دەستی بەخەباتی چەکداری کردەوە چونکە داوای ئەوەیان دەکرد کەئەو هەرێمە لەژێر ڕکێفی حکومەتی بریتانیا دەربهێنن، بەتایبەت تائیفەی ڕۆمان کاسۆلیکەکانی ئەو هەرێمە، کەسوربوون لەسەر بەدەستهێنانی مافە مەدەنیەکانیان و سوریش بوون لەسەر جیاکردنەوەی ئێرلەندای باکوور لەبریتانیا و گەڕاندنەوەی ئەو هەرێمە بۆ سەر بەشە سەربەخۆکەی نیشتیمانەکەیان لەناوەراست و باشور، لەبەرامبەر ئەوەشدا تائیفەی پرۆتستانت مەزهەبەکانی ئێرلەندای باکوور ئەوانەی هاومەزهەب بوون لەگەڵ بنەماڵەی پادشایەتی فەرمانڕەوای بریتانیادا بەهاوکاری پۆلیسی هەرێمەکە هێرشیان کردە سەر (دبلن) پایتەختی حکومەتی کۆماری سەربەخۆی ئێرلەندا، ئەمەش ترسێکی زۆری خستە دڵی خەڵکی ئێرلەنداوە و چاوەڕێی کارەساتیان دەکرد، بەتایبەت کەبەشێکی زۆر لەخەڵکی هەرێمەکە و پۆلیسی ئەو هەرێمە باوەڕیان بەداگیرکردنی دبلن هەبوو چونکە ئەم هێرشەی پرۆتستانتەکان و پۆلیسی هەرێمەکە سوپای کۆماری ئێرلەندای کرد بەدوو لەتەوە و هەوڵی گەمارۆی بەشەکەی نێو دبلنی پایتەختیان دەدا، ئەمەش حکومەتی بریتانیای ناچار کرد کە (مداخلە) بکات و لەڕێگەی ناردنی سوپاکەیەوە ناوچەی پرۆتستانت مەزهەبەکانی لەناوچەی کاسۆلیک

مەزهەبەکان لەئێرلەندای باکوور جیاکردەوە. بەمەش سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا دەستیان کرد بەهێرشێکی توند، دژی سوپای بریتانی و چەند کارێکی توندتیژ ڕوویدا، وەکوو کارەساتی (یەکشەمەی خوێناوی) کەتیایدا ١٣ سەربازی بریتانی کوژران و لەخۆپیشاندانی (هەینی خوێناوی)یش سوپای کۆماری ئێرلەندا ٢٢ کەسیان کوشت کەلەنێویاندا ٩ کەسی سڤیل هەبوون.
سەرەنجامی ئەو کارە توندوتیژانە و جەنگی نێوان حکومەتی بریتانی و سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندای باکور، بەشێکی زۆر لەشاری (بێلفاست) و هەندێک لەشارۆچکەکانی دەوروبەریشی توشی وێران بوون خاپورکردن و کارەساتی مرۆیی هاتن. ئەم کارە توندوتیژ و تیرۆرستیانە بەدرێژایی ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانیش بەردەوام بوو، چونکە لەهەموو ئەو ماوانەدا چێشتخانەو شوێنە گشتییەکانی شارەکانی بێلفاست و لەندەن و دواتر مانچستەر (سێیەمین گەورەشاری ئینگلاند) کەوتنە بەر پەلاماری تیرۆرستانەی سوپای کاتی کۆماری ئێرلەنداوە. ئەم کارە توندوتیژانەش بەردەوام بوون هەتا (مانگرتن لەخواردن) وەکوو یەکەمین کاری سیاسی لەلایەن ئەندامانی دەسگیرکراوی ئەو سوپایە لەنێو زیندانەکانی بریتانیا لەساڵانی هەشتاکانی (١٩٨١) سەدەی بیستەم لەلایەن (٥٠٠) زیندانیەوە دەستی پێکرد. ئەو مانگرتنەی زیندانیەکانی سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا و مردنی هەندێکیش لەو مانگرتوانە لەزیندانەکاندا بەهۆی مانگرتن لەخواردنەوە، سەرەتایەکی پرشنگداری بۆ دەرکەوتنی شین فێین وەکوو باڵی سیاسی ئەو سوپایە دەستەبەر کرد، بەتایبەت کەئەو مانگرتن لەخواردنە حکومەتی بریتانیای ناچاری دانوساندنی داخراو و نهێنی کرد لەگەڵ سەرکردەکانی ئەو سوپایەدا بەتایبەت لەگەڵ سەرکردەی هەرە ناسراوی شین فێین (جێری ئادەمس). لەکاتی ناشتنی تەرمی یەک لەوزیندانەش کەبەهۆی مانگرتن



لەخواردنەوە گیانی لەدەستدا مەسەلەکە چووە قۆناغێکی دیکە لەبەرژەوەندی سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندای باکوور چونکە لەکاتی ناشتنی تەرمی یەکەمین زیندانیدا زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کەس ئامادەبوو، ئەمەشە وەکوو کەرنەڤاڵی ناساندنی ئەو باڵە سیاسیەی ئەو سوپایەکەوتەوە کەناوی شین فێین بوو.
لەدوای کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆک وەزیرانی بریتانی و ئێرلەندی لەساڵی ١٩٩٣ هەردوو سەرۆک وەزیر رایانگەیاند کە رێگە نادەن ئەو پارتانە بەشداری دانوساندنەکانی سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێسەی هەرێمی ئێرلەندای باکوور نادەن کەپەنا بۆ کاری توندوتیژی دەبەن و رایانگەیاند دەرگای دانوساندنەکان بەڕووی هەموو ئەو پارتە سیاسیانەدا والایە کەباوەڕیان بەدیموکراسیە لەچارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا. ئەمەش گوشارێکی زۆرباش بوو کەهەردوو حکومەت توانیان لەهەماهەنگیەکی بەردەوامی نێوانیان و دوای هەژدە مانگ سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا رازی بکەن کەدەسبەرداری شەڕکردن ببێت و ئاگربڕ رابگەیەنێت، هەرچەندە بەهۆی سستی هەنگاوە سیاسیەکان و کارانەبوونی دانوساندنەکان، جارێکی دیکە بەشێک لەئەندامانی ئەو سوپایە رایانگەیاند کەکۆتایی بەئاگربڕەکەیان دەهێنن لەساڵی ١٩٩٦ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (جێری ئادەمس) سوربوو لەسەر درێژەپێدانی پرۆسەی ئاشتەوانی و درێژەدان بەدانوساندنەکان و گەیشتن بەڕێگەچارەی سیاسیانەی کێشەیی مێژوویی هەرێمەکە و سەرەنجام توانی جارێکی دیکە ئاگربڕی ئەو سوپایە لەساڵی ١٩٩٧ ڕابگەیەنێت و لە ساڵی ١٩٩٧یش توانی بەبەرچاوی کامێرەکانی میدیای بریتانی و ئەورووپی و جیهاندا و لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەتەنێشت سەرۆک وەزیرانی بریتانی (تۆنی بلێر)ەوە بوەستێت، کەئەمەش یەکەمین جاربوو دیدارێکی لوتکەیی لەنێوان سەرکردایەتی سوپای

کۆماری ئێرلەندا و سەرۆک وەزیرانی بریتانیدا بەئاکام بگات، دوای دیداری (مایکڵ کوڵینیز) و سەرۆک وەزیرانی بریتانی (دەیڤد لوید جۆرج) لەساڵی ١٩٢١.

وەک چۆن لەسەر هەڵوێست وەرگرتن لە ڕێکەوتنی (ئەنگلۆ- ئێرلەندی) (ئای.ئار.ئەی) بوو بەدووبەشەوە و توشی شەڕی نێوخۆ هاتن بەهەمان شێوەش بەرەی ناشنەڵستەکانیش بوون بەدووو کەرتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەڕی هەردوو بەرەکە دوای کۆتایی پێهێنانی ئەو شەڕە ئەهلییە لەپێناوی سەربەخۆیدا بەردەوام بووە. شەڕی سوپای کۆماری ئیرلەندا بۆ سەربەخۆیی و دروستکردنی کۆماری سەربەخۆی ئێرلەندا بەقۆناغی توندوتیژ و خوێناویدا گوزەری کردووە بەڕادەیەک کەئەو توندوتیژیە بەشێوەیەکی کاریگەر گوتاری نەتەوەیی ئەو گروپە میلیتارەی لەپیناوی سەربەخۆیدا لای زۆر لە خەڵکی ئیرلەندا و بەتایبەت لەبەشە باکووریەکە و لای بریتانیەکانیش بەشێوەیەکی گشتی بی مانا کردووە و بەمەش ئەم سوپایە لەگەڵ ئەوەدا کە هەمیشە بانگەشەی بۆ ڕەوایەتی تێکۆشانی چەکداری و کارە توندوتیژیەکانی کردووە و پاساوی بۆ ئەو کارانەشی هێناوەتەوە بەوەی کەخەبات دەکات لەپیناوی مافێکی رەوای ئیرلەندیەکان، کەیەکگرتنەوە و بەیەکەوە ژیانیانە لە نیشتیمانەکەیەیاندا لەچوارچێوەی کۆمارێکی نەتەوەیی سەربەخۆدا، بەڵام دیسان نەیتوانیووە ڕەوایەتی خەباتی خۆی لەپێناوی سەربەخۆیدا بسەلمێنێت بەتایبەت لەلای زۆرایەتی کۆمەڵگای ئیرلەندی لە هەرێمی باکووردا، کەئێستا بە هەرێمی ئێرلەندای باکوور دەناسرێتەوە، بەتایبەت کە یونیەنیستەکان بەتوندی دژی بیرۆکەی بەیەکەوە گرێدانەوەی هەرێمەکەیان بوون لەگەڵ بەشەکانی ناوەڕاست و باشور کەئێستا بەکۆماری ئیرلەندا ناسراوە چونکە هەرچی یونیەنیستە پرۆتستانت مەزهەبەکان بوون باوەڕیان بەمانەوە هەبوو



لە چوارچێوەی دەوڵەتی بریتانیای مەزندا و هاوسۆزبوون لەگەڵ بنەماڵەی پادشایەتی پرۆتستانت مەزهەبی شانشینی یەکگرتووی بریتانیا. ئەوە وێڕای ئەوەی کە ئەو گروپە میلیتاریە بەشێوەیەکی نایاسایی پەنای بۆ کاری ڕەشەکوژی و تیرۆر و بۆ لۆژیکی هیز بردووە.

هەرچی سوپای کاتی کۆماریخوازی ئێرلەندایە، ئەوانە بزووتنەوەیەکی چەکداری چەپڕەو بوون لەنێو بەرەی نەشنەڵستەکانی ئێرلەندای باکووردا. ئەوانە باوەڕیان بەکۆتایی هێنانی بەیەکەوەلکاندنی هەرێمەکەیان و بریتانیا بوون و لەم پێناوەدا پەنایان بۆ بەکارهێنانی هێز و تیرۆرکردنی سیاسیەکانی بەرەی یونیەنیستەکان و دامودەزگا ئیداریەکان و زەبر وەشاندن لەهێزەکانی پۆلیس و تەنانەت شوێنەگشتیەکانیش هەبوو، لەپیناوی ئەوەی دەوڵەتی بریتانیا ناچار بکەن دەستبەرداری هەرێمەکەیان بێت و بەزەبری هێز و لەڕێگەی لۆژیکی هێزەوە مەسەلەی ناکۆکیە مێژوویەکانی نێوان خودی هەردوو بەرەی هەرێمەکەلەلایەک و خەڵکی هەرێمەکە و حکومەتی بریتانیا لەلایەکی دیکەوە بەقازانجی گوتاری جوداخوازانەی خۆیان بەکۆتایی بهێنن.

هەروەکوو پێشوتریش ئاماژەمان پێدا، بەهۆی هەبوونی هەڵوێستی جیاواز سەبارەت بەدامەزراندنی پارلەمانی هەرێمی ئێرلەندای باکور و جیاوازی بیروڕا لەسەر بەشداریکردن یان نەکردن لەو پارلەمانە سوپای کۆماری ئێرلەندا توشی جیابوونەوە و لەیەکتری ترازان هات و لەو مێژووەوە سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا لەساڵی ١٩٦٩ بەشێوەیەکی سەربەخۆ خۆی ڕاگەیاند و لەڕێزەکانی (ئای.ئار.ئەی) نەمان و بەشێوەیەکی توندوتیژ ڕووبەڕووی حکومەتی بریتانیا بوونەوە لەپیناوی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی ئێرلەندای باکوور. ئەم گروپە میلیتاریە هەر لەگەڵ دامەزراندنیدا پەنایان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی و کاری تێکدەرانە برد هەرلەبەر ئەم هۆیەش بوو

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

بەزوویی لەلایەن دەوڵەتی بریتانیا و تەنانەت حکومەتی کۆماری ئێرلەنداش وەکوو گروپێکی نایاسایی و تیرۆریست ناوزەد کران.

ئامانجی سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا بەدەستهێنانی رزگاری نیشتیمانی و سەربەخۆبوونی هەرێمی ئێرلەندای باکورە لەژێر دەسەلاتی بریتانیادا و دواتر یەکگرتنەوەی ئەو هەرێمە لەگەڵ کۆماری ئێرلەندا و سەرەنجام کۆتایی هێنان بەدوو پارچەبوونی نیشتیمانی دێرینی ئایرشەکان و کۆکردنەوەیان لەیەک نیشتیمانی سەربەخۆدا. ئەو ئامانجانەی سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا چونکە هەمان ئەو ئامانجانەن کەپارتی شین فێین لەپێناویاندا لەسەرەتای دامەزراندنیەوە خەباتیان بۆ دەکات هەربۆیە لای زۆربەی چاودێران وادەردەکەوێت کەئەو سوپایە بەشێکی جیانەکراوەبێت لەو حزبە و لەوەش زیاتر هەندێک لەچاودێران ئەو سوپایە بەباڵی سەربازی شین فێین ناودەنێن یان شین فیین بەباڵی سیاسی ئەو ئەو سوپایە دادەنێن،هەرچەندە بەشێوەیەکی فەرمی ئەو دوو لایەنە بەشێوەی دوو گروپ و رێکخراوی سەربەخۆ دەردەکەون بەلاّم وەکوو دەبینین بەهۆی ئەو لینکە بەهێزەی نێوانیانەوە هەمیشە شین فێین وەکوو پارتێکی سیاسی لەژێر زوومی چاودێری کردنی حکومەتی بریتانیادا بووە و بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر چالاکییە سەربازی و نهێنیەکانی ئەو سوپایە توشی تۆمەتبارکردن و گازندە و سەرکۆنەکردن هاتۆتەوە.

سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا لەساڵی ١٩٦٩ بەشێوەیەکی سەربەخۆ خۆی راگەیاند و لەرێزەکانی (ئای.ئار.ئەی) نەمان و بەشێوەیەکی توندوتیژ رووبەرووی حکومەتی بریتانیا بوونەوە لەپیناوی راگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی ئێرلەندای باکوور. ئەم گروپە میلیتاریە هەر لەگەڵ دامەزراندنیدا



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

پەنایان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی و کاری تێکدەرانە برد هەرلەبەر ئەم هۆیەش بوو بەزوویی لەلایەن دەوڵەتی بریتانیا و تەنانەت حکومەتی کۆماری ئێرلەنداش وەکوو گروپێکی نایاسایی و تیرۆریست ناوزەد کران.

ژمارەی ئەو کەسانەی کەلەو جەنگەدا لەکۆتاییەکانی ساڵانی شەستەکانەوە بەدەستی سوپای کۆماری ئێرلەندا بوونە قوربانی خۆی گەیاندۆتە نزیکەی (١٨٠٠) کەس لەنێو ئەو ژمارەیەدا (٦٥٠) خەڵکی سڤیل هەیە. هەرچەندە لەسەرەتادا ئامانجی هێرشە تیرۆریستیەکانی ئەو سوپایە هێزە سەربازیەکانی بریتانیا و ئەفسەرەکانی یەکەکانی پۆلیس و دادوەران و پاسەوانە تایبەتیەکانی زیندانیەکان بوو بەلاّم دواتر تۆر و ئامانجی کردەوە تیرۆرستەکانیان لەو بازنە دەرچوو و کەسانی سیاسی و گردبوونەوە سیاسی و کۆمەڵایەتەکانیشی لەشوێنە گشتی و قەرەباڵغەکانیشی گرتەوە. سوپای کۆماری ئێرلەندا جگە لەکاری تیرۆریستی لەلایەن حکومەتی بریتانیاشەوە بەبازرگانی کردن بەمادە بێهۆشکەرەکانەوە تاوانبار کراون چونکە یەکە سەربازی و نهێنیەکانی ئەو سوپایە وەکوو سەرچاوەیەکی دارایی بۆ رێکخراوە سەربازیەکەیان پەنایان بۆ بازرگانی کردن بەو مادە بێهۆشکەرانەو هاوکاریکردن لەگەڵ باندە مافیایەکاندا بردووە. ئەمانەی لەخوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین لەگرنگترین پەلامارە تیرۆریستیەکانی ئەو سوپایەن.

- بۆمبابارانکردی ناووجەرگەی شاری بێلفاست لە مانگی جولای ساڵی ١٩٧٢. سوپای کۆماری ئێرلەندا لەماوەی تەنها حەفتاو پێنج خولەکدا (٢٢) رۆکێتی بەسەر ناوجەرگەی ئەم شارەدا باراند . ئەم رۆکێتبارانکردنە لەرۆژی هەینیدا قەوما هەربۆیە لەمێژووی هەرێمەکەدا (بەهەینی خوێناوی) ناسراوە و تیایدا (٩) کەس گیانیان لەدەستداو (١٣٠) کەسی دیکەش بریندار بوون.

- تیرۆرکردنی (لۆرد ماونتباتن) لەساڵی ١٩٧٩. لورد ماونتباتن مامی شاژنی بریتانیا (ئەلیزابێسی دووەم) بوو.
- دانانەوەی بۆمب لەناو (هوتێڵی برایتن) لەساڵی ١٩٨٤ ئەو هوتێڵەی کە سەرۆک وەزیرانی ئەوسای بریتانیا (خاتوو مارگرێت تاتشەر) و هاوسەرەکەی و ئەندامانی کابینەی حکومەتەکەی و ئەندامانی کۆنگرەی پارتەکەی، پارتی پارێزگارانی بریتانیا (کۆنسێرڤەتیڤ پارتی) کردبوویانە شوێنی حەوانەوە و بەستنی کۆنگرەی حزبەکەیان. لەم کردەوە تیرۆریستیەدا کە خاتوو تاتشەر و بەرپرسە حزبی و حکومیەکانی بریتانیا کرابوونە ئامانج، خاتوو مارگرێت تاتشەر بەڕێکەوت دەربازی بوو، چونکە هەردوای دەرچوونی لەو (گەرماو)ەی نێو هوتێلەکە بەچەند خولەکێک بۆمبەکە لەو (گەرماو)ەدا تەقیەوە. لەم کردەوە تیرۆریستیەدا چەند کاربەدەستێکی گەورەی حکومەتی بریتانیا و چوار هاوڵاتی شاری (برایتن)یش زامدار بوون.
- هێرشکردن بەهاوەن بۆ سەر شوێنی نیشتەجێبوون و نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی بریتانیا لە ژمارە (١٠) ی شەقامی (داونینگ ستریت) و فرۆکەخانەی بەناوبانگی (هێسرۆ)ی لەندەن لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٠.
- تەقاندنەوەی ناوچەیەکی ئابووری لەناو شاری لەندەن لەساڵی ١٩٩٣ کەبووە هۆی گیان لەدەسدانی کەسێک و زیانێکی ئابووری گەورە کە بە (یەک بلیۆن دۆلار) مەزندە کرا.
- تەقاندنەوەی لۆریەک لەسێنتەری شاری مانچستەر لەڕۆژی شەممە (١٥) جونی ١٩٩٦ کاتژمێر (١١:١٦) خولەکی سەرلەبەیانی. ئەم کارە تیرۆریستیە بەهۆی لۆریەکی بارهەڵگرەوە ئەنجامدرا ئەو کاتەی کەئەندامانی سوپای کۆماری ئێرلەندا بڕی (١٥٠٠) کیلۆگرام مادەی تەقینەوەیان لەو لۆریە بەستبوو کە دوو کاتژمیر پێش ئەوکاتە لۆریەکەیان لەشەقامێکی نزیک



سێنتەری شارەکە (ئێرندێڵ سێنتەر) پارک کردبوو. ئەم تەقینەوەیە بەگەورەترین تەقینەوە لە بریتانیا ئەژمار کرا لەدوای دووەمین جەنگی جیهانیەوە کەتیایدا ئەگەرچی هیچ کەس گیانی لەدەست نەدا بەڵام زیاتر لە (٢٠٦) کەس بریندار بوون و زیانە مادیەکەشی بەزیاتر لە (٤١١) ملیۆن پاوەندی بریتانی خەملێندرا. ئەم تەقینەوەیە ئەوەندە کاریگەر بووە لەدووری (١٣) کیلۆمەترەوە لەلایەن خەڵکی دراوسێی سێنتەری شارەکەوە دەنگی تەقینەوەکە بیستراوە.

- چەندان کردەوەی تیرۆرستی دیکە لە وێستگەکانی شەمەندەفەر و چێشتخانە و یانەکانی خواردنەوە و ڕێڕەوە دەریاییەکان و تونێڵەکان و شوێنە گەشتیاریەکانی ئێرلەندای باکوور و بریتانیا بەدرێژایی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو.

سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا کەبەکورتکراوەی (پی.ئای.ئارـ.ئەی) یان لەلای هەوادارانیان تەنها بە (ئارـ.ئەی) واتە سوپای کۆماری ناسراوە لەسەر کەمپەینی سەربازی و داخوازی جوداخوازیانەی خۆی بەردەوام بوو هەتا بەئاکام گەیاندنی ڕێکەوتنی مێژووی بێڵفاست. ئەنجومەنی سەربازی سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا لە (٢٨)ی جولای ساڵی ٢٠٠٥ بەشێوەیەکی ئاشکرا و فەرمی ڕایانگەیاند کەکۆتاییان بەکەمپەینی سەربازی خۆیان و داخوازیە جوداخوازیەکانی خۆیانیان لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە دەهێنن و شێوە خەباتی خۆیان دەگۆڕن بۆ خەباتی دیموکراتی و کەمپەینەکەیان دەگۆڕن بۆ کەمپەینی سیاسی و مەیدانی جەنگیش دەگۆڕن بۆ گۆڕەپانی ئاشتی و لەوچوارچێوەیەدا خەباتی خۆیان بەخەباتێکی سیاسی و مۆدێرن دەگۆڕن و

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەشێوەیەکی یەکجارەکی و ببڕای ببڕای پەنا نابەنەوە بۆ هیچ کارێکی توندوتیژی و میلیتاری.



وێنەیەک لەڕووداوی تەقینەوەکەی ١٩٩٦/٦/١٦ لەشاری مانچستەر

(ئەرشیفی بی.بی.سی)

لەبەڵگەنامەیەکی ساڵی ٢٠٠٧ ی سوپای بریتانیاشدا تایبەت بەمەسەلەی سوپای کاتی کۆماری ئێرلەندا هاتووە (ئەستەم بوو سوپای بریتانیا بیتوانیبوایە بەشێوەی ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازی شکستی یەکجارەکی بە (پی.ئای.ئاڕ.ئەی) بهێنابوایە هەروەکوو چۆن بەڵگەنامەکە ئاماژە بەوەش دەکات کەدیسان بۆ (پی.ئای.ئاڕ.ئەی) ئەستەم بوو لەڕێگەی بەکارهێنانی لۆژیکی توندوتیژیەوە ئامانجەکانی خۆی بەدەست بهێنابوایە). دیکۆمێنتەکەی سوپای بریتانیا، ساڵی ١٩٦٩ بۆ ساڵی ٢٠٠٥ بەقۆناغێکی تاڵ، دژوار،کارەساتبار پێناسە دەکات.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

# سەرچاوەکان


1) **A LONG LONG WAR: Voices from the British Army in**
**Northern Ireland 1969-98)**
**By Ken Wharton**
**Publisher: Helion and Company (May 2008)**

2) **Brittish Political Process. An Introduction.**
**Edited by, Wright, Tony**
**First published by Rutledg,**
**London, 2000.**

3) **Politics and Govenance in the UK.**
**Moran, Mchael**
**First published by Palgrave Macmillan, New Yourk.2005.**

4) **British Government and Politics**
**Six Editions,**
**Punnett, R, M.**
**Unversity Press, Cambridge,UK, 1994.**

5) **The Socialist Party of Great Britain**
**Perrin, David, A.**
**Published by: Bridge Books,Wales,UK,2000.**

6) **Modern British History.**
**By Weight, Richard**
**Publisher:** Vintage
**United Kingdom,2004.**

7) Citizenship
Faulks, Keith
First published by Routledg London, 2000.

8) A History of the House of Lords
Longford, Lord
First published by William Colins sons and Co Litd 1988.

9) Under The Red Flag. A History of Conmunism in Brittan.
Layboun, Keith, Murphey, Dylan
Published by: phonenixmill Thupp-stround Gloucestershire .1999.

10) Northern Ireland and the Divided World: The Northern Ireland Conflict and the Good Friday Agreement in Comparative Perspective. Contributors: John McGarry - editor. Publisher: Oxford University Press. Place of Publication: Oxford, England. Publication Year: 2001.

11) The Road to Hillsborough: The Shaping of the Anglo-Irish Agreement. Contributors: Anthony Kenny - author. Publisher: Pergamon Press. Place of Publication: Oxford. Publication Year: 1986

12) The New Sinn Faein: Irish Republicanism in the Twenty-First Century. Contributors: Agnès Maillot - author. Publisher: Routledge. Place of Publication: New York. Publication Year: 2004.

13) Northern Ireland--Between War and Peace: The Political Future of Northern Ireland. Contributors: Paul



Bew - author, Henry Patterson - author, Paul Teague - author. Publisher: Lawrence & Wishart. Place of Publication: London. Publication Year: 1997

14) Peace at Last? The Impact of the Good Friday Agreement on Northern Ireland. Contributors: Jörg Neuheiser - editor, Stefan Wolff - editor. Publisher: Berghahn Books. Place of Publication: New York. Publication Year: 2002

15) Political Violence in Northern Ireland: Conflict and Conflict Resolution. Contributors: Alan O'Day - editor. Publisher: Praeger Publishers. Place of Publication: Westport, CT. Publication Year: 1997

16) Ulster under Home Rule: A Study of the Political and Economic Problems of Northern Ireland. Contributors: Thomas Wilson - editor. Publisher: Oxford University Press. Place of Publication: London. Publication Year: 1955.

17) Provisional Irish Republicans: An Oral and Interpretive History. Contributors: Robert W. White - author. Publisher: Greenwood Press. Place of Publication: Westport, CT. Publication Year: 1993.

18) Northern Ireland at the Crossroads: Ulster Unionism in the O'Neill Years, 1960-9. Contributors: Marc Mulholland - author. Publisher: Macmillan. Place of Publication: Basingstoke. Publication Year: 2000.

19) Northern Ireland: Living with the Crisis. Contributors: Alan J. Ward - editor. Publisher: Praeger. Place of Publication: New York. Publication Year: 1987.

20) New Ireland: Politics, Peace, & Reconciliation .By John Hume (Author) .Publisher: Roberts Rinehart Publishers (1997)

21) A Short History of Ireland .By John O'Beirne Ranelagh (Author). Publisher: Cambridge University Press; 2 edition (January 27, 1995).uk.

22) A Farther Shore: Ireland's Long Road to Peace. By Gerry Adams (Author). Publisher: Random House; 1st edition (November 4, 2003)

23) The Prehistory of Britain and Ireland, by Richard Bradley (Author), Publisher: Cambridge University Press; 1 edition (March 5, 2007)

24) A Pocket History of Ulster, by Brian Barton (Author), Publisher: O'Brien Pr; 2Rev Ed edition (June 1, 1999)

25) Making Sense of the Troubles, by David McKittrick (Author), David McVea(Author),Publisher:PenguinBooks Ltd; New Ed edition (November 29, 2001) London.



- http://www.ark.ac.uk/elections
- http://www.dublincastle.ie
- http://www.ofmdfmni.gov.uk
- http://www.wikipedia.org
- http://www.allianceparty.org
- http://www.uup.org
- http://www.sdlp.ie
- http://www.pup-ni.org.uk
- http://www.sinnfein.ie
- http:// www.google.co.uk
- http://www.allerdice.net
- http://www.greenparty.org.uk
- http://www.mi5.gov.uk
- http://www.dup.org.uk
- http://www.conservatives.com
- http://www.labour.org.uk
- http://www.niassembly.gov.uk
- http://www.bbc.co.uk
- http://www.margaretthatcher.org
- http://www.northernireland.gov.uk
- http://www.britannica.com
- http://socialistenvironmentalalliance.org
- http://workerspartyireland.net
- http://www.parliament.uk
- http://www.number-10.gov.uk

مەكتەبی بیروهۆشیاری

# بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

## ٢٠٠٧ - ٢٠٠٨

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١٠. | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەكر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١١. | تیرۆرو سەقامگیری سیاسی و چەند لێكۆڵینەوەیەكە تر | بەكر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١٢. | كەركوك بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢١٣. | دەستورو ژن | و: كامیل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| ٢١٤. | ژان ژاك رۆسۆ | كاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| ٢١٥. | مبدآ الفصل بین السلطات و وحدتها | القاضي / لطیف مصطفى أمین | ٢٠٠٧ |
| ٢١٦. | بنچینەكانی كورد | ن. ڤلادیمێر مینۆرسكی<br>و. نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢١٧. | لەدیكتاتۆریەوە بۆ دیموكراسی | كارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢١٨. | كەركوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران ساڵح | ٢٠٠٧ |
| ٢١٩. | زمانە فەرمیەكان | تاریق جامباز | |
| ٢٢٠. | ئەنفال و دادگا | سالار مەحمود | ٢٠٠٧ |
| ٢٢١. | نۆڤین _ ١٠ _ | — | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٢. | الكرد | د.نوری تاڵەبانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٣. | هەڵۆی سوور (چاپی دووەم) | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٤. | مام جەلال | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٥. | المدخل الى القانون الدولي الانساني | جبار سعید محي الدین | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٦. | الكُرد الیوم | ت: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٧. | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | و: ئاوات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٨. | ڕێبازی لێكۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٩. | ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان | و. كارزان عومەر | ٢٠٠٧ |



مەكتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣٠. | تیرۆر | هیمداد مەجید عەلی | ٢٠٠٧ |
| ٢٣١. | گەنجە كوردەكان | فەرهاد پیرباڵ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٢. | بەعسیزم و كورد | سۆزان كەریم مستەفا | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٣. | بەڕێوەبردنی كۆبونەوەكان | محەمەد فاتح | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٤. | شاری كەركوك | پشكۆ حەمە تاهیر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٥. | میرعەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٦. | فەلسەفە ـ ڕۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم | و. شوان ئەحمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٧. | عێراق، قەیرانی ئاسایش و ستراتیژێتیی و بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێركۆ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٨. | نۆڤین ژمارە ـ ١١ ـ | - | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٩. | الحقوق السیاسیة للكورد فی الدول التی تضم كردستان | لیلاف حمد أمین عزیز | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٠. | مێژووی شۆڕشی ڕوسیا | لیۆن ترۆتسكی<br>و. عەزیز ئالانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤١. | دەروونناسی جەماوەری فاشیزم | ویلهلم رایش<br>و. هەژار جوانرۆیی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٢. | جاش و جینۆساید | مەحمود سەنگاوی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٣. | زارا ـ عەشقی شوان | محەمەدی قازی<br>و. عەزیز گەردی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٤. | پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموكراتی | زانا | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٥. | تأریخ تركیا المعاصر | ت. د. هاشم صالح تكریتي | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٦. | لەگۆڕەپاندا | و. ساروز ئەفروزی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٧. | نۆڤین ـ١٢ـ | — | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٨. | المنطقة المتنازع علیها | د.خلیل اسماعیل محمد | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٩. | فەلسەفەی سۆسیال دیموكراتی | د. حەمید عەزیز | ٢٠٠٧ |
| ٢٥٠. | سۆسیال دیموكراتی | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٥١. | هەرێمی کوردستان و تورکیا | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٢. | پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی | عوسمان حەمە رەشید گوورن | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٣. | جلال طالباني رجل القرار | حوار الفضائية العراقية | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٤. | لەکیبیە هاردیەوە بۆ گۆردن براون | سلێمان عەبدوڵڵا | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٥. | دەسەڵاتی دادوەری | گۆران ئازاد حمە گەمحان | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٦. | جەنگی دەروونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٧. | كركوك بموجب احصاء عام ١٩٥٧ | قسم البحوث واستطلاعات الرأي | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٨. | مام جەلال جێگری سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال (ی. ن. ك) ئەندامی هەمیشەیی | مەکتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٩. | گۆڤاری نۆڤین ـ ١٣ ـ | ـ | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٠. | پرۆژەی قانونی بەگژدا چونەوەی گەندەڵی | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٨ |
| ٢٦١. | دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | د. ئەنوەر محەمەد فەرەج | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٢. | كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط | تأليف: فاضل رسول<br>ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٣. | ئاشنا بوون بە سۆسیال دیموکراتی | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٤. | جیهانێکی دادپەروەر شیاوە | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٥. | لێپرسراوێتیو خۆشگوزەرانی هاوبەش | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٦. | پێبەپێی مێژوو بەرەوبەهەشت | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٧. | كردستان والحقوق القومية للتركمان | د. مكلام الطالباني | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٨. | قەیرانەکانی دیموکراسی | رالف دارن دۆف<br>و. لەئەڵمانیەوە:ئیسماعیل حەمەئەمین | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٩. | قضية إبادة الأرمن امام المحكمة أو قضية طلعت باشا | ت. عن الألمانية: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | ٢٠٠٨ |





ئێرلەندایی باکوور، لەئیستادا، یەکێکە لەچوار هەرێمە بنەرەتییە پێکهێنەرەکانی (بریتانیای گەورە). ئەو هەرێمە لەبنەرتدا، بەشێکە لە نیشتیمانی دووکەرتبووی (ئایرش)ەکان کە زۆرایەتیان، ئێستا لەبەشی ناوەڕاستو باشوری نیشتیمانەکەیان دەژینو خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆن بەناوی (کۆماری ئایرلەندا).

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)
٢٠٠٨